# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٥٩
چوارشەممە
٢٠١٠/١٢/١
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net




"ڕێککەوتنی ستراتیژی ڕۆڵی لە دابەشکردنی پۆستەکاندا نابێت"

4 »

# دوای پارتی یەکگرتووش داوای پارەی خەیاڵی دەکات

## لە دوو داوای یاسایدا داوای ٣ ملیار دینار لە رۆژنامەیەک و گۆرانیبێژێک دەکات

**دەستوور**

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان هاوشێوەی داواکانی پارتی لە دوو داوای یاسایدا داوای پارەی خەیاڵی لە رۆژنامەیەک و گۆرانیبێژێک دەکات، ٢ ملیار دینار لە رۆژنامەی باس و ملیارێک دیناریش لە گۆرانیبێژ لۆکە زاهیر.

دوای ئەو نارەزاییە جەماوەرییەی لەلایەن رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و لایەنە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان دروستبوو، کە داوای پارەی خەیاڵی لە ژمارەیەک رۆژنامە و رۆژنامەنووس دەکرد، یەکگرتووی ئیسلامیش هاوشێوەی پارتی داوایەکی یاسایی لەسەر گۆرانیبێژێک و رۆژنامەیەک دەکات، لە کاتێکدا پێشتر پشتی رۆژنامەنووسانیان دەگرت.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵێک لە رۆژنامەی باس گوایە ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی نامەیەکی ئاراستەی ئوسامە تکریتی ئەمینداری گشتی حیزبی ئیسلامی عێراقی کردووە و تێیدا داوای ٣٥٠ هەزار دۆلاری لێدەکات. رۆژی ٢٠١٠/١١/٢٤ لە دادگای بەرایی هەولێر بەتۆمەتی تەشهیر و بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو و بەڵگەنامەی ساختە داوایەکی لەسەر بەرهەم عەلی سەرنووسەری هەفتەنامەی باس تۆمارکردووەو داوای ٢ ملیار دینار دەکات. هەروەها لە داوایەکی تردا کە لەلایەن پارێزەری تەلەفزیۆنی سپێدەی زمانحاڵی یەکگرتووی ئیسلامییەوە تۆمارکراوە داوای ١ ملیار دینار لە گۆرانیبێژ لۆکە زاهیر دەکەن، بە تۆمەتی ئەوەی سوپاسی تەلەفزیۆنی سپێدەی کردووە لە بەرهەمهێنانی کلیپێکیدا.

بەرهەم عەلی سەرنووسەری هەفتەنامەی باس بە دەستووری وت "یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەپێی یاسای رۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان داواکەی تۆمار نەکردووە، چونکە لەیاسای رۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەک داواکردنی ئەو بڕە زۆرەی تێدانییە".

سەمیر سەلیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وتی "خراپبەکارهێنانی سومعەی خەڵکیش لەلایەن ئەو کەسانەوە جێگەی پرسیارە، چونکە سومعە شکاندن و ناوزڕاندنیش جێگەی قسەیە و دەبێت ئازادی ئێمەش حسابی بۆ بکرێت، بۆیە هەروەک لەگەڵ ئازادی پاراستندام، بەڵام لەگەڵ سومعە پاراستنیشدام".

محەمەد هاودیانی پارێزەری کەناڵی ئاسمانی سپێدە و سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری یەکگرتوو، لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "رۆژنامەی باس هەڵساوە بەتەشهیرکردن و بڵاوکردنەوەی هەندێک شت کەزیانیان هەیە بۆ کەسایەتی مامۆستا سەلاحەدین، بەپێی یاساش بە تەشهیر هەژماردەکرێن، هەموو تەشهیرکردنێکیش قەرەبووی بەرامبەرکەی دەکەوێتە سەر".

سەبارەت بەو داوایەی لەسەر لۆکە زاهیر، هاودیانی وتی "رەوتی بیرکردنەوە و کارکردنی کەناڵی سپێدە لەگەڵ ئەو جۆرە کلیپانەدا جیاوازە".

رەحمان غەریب رێکخەری سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان بە دەستووری وت "داواکانی یەکگرتوو پێشێلکردنی یاسای کاری رۆژنامەنووسییە". رەحمان دەڵێت ئەگەر یەکگرتوو دەیەوێت لاسایی پارتی بکاتەوە دەبوایە لە شتە چاکەکانیدا لاسایی بکردایەتەوە نەک لە خراپەکانی.

بڕیارە ئەمڕۆ سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکردن لە رۆژنامەنووسان بەیاننامەیەک سەبارەت بەداواکانی یەکگرتوو لەسەر هەفتەنامەی باس و هونەرمەند لۆکە زاهیر بڵاوبکاتەوە.

سەرنووسەری هەفتەنامەی باس پێیوایە داواکانی یەکگرتووی ئیسلامی پێچەوانەی لێدوانەکانی پێشوویانە، کە دژی ئەوە بوون رۆژنامەنووسان بەو پارە خەیاڵییە سزا بدرێن.

بەڵام سەمیر سەلیم وتی "هەر ناوزڕاندنێک لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت ئەوا دەبێت ئەویش لە رێگای یاساوە سزا بدرێت و ئیجرائاتی لەگەڵدا بکرێت".



پارتی لە چی دەترسێت...
پارتی و چەمکی هاوڵاتی بچوک

17 »



# مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی دەستیکرد بە فرۆشتنی ئۆرگانەکانی

**هێمن لەتیف لە سلێمانی**

مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە رێگەی رۆژنامەی کوردستانی نوێوە، بڵاوکراوەیەکی خۆی دەفرۆشێت و بڵاوکراوەکە لەلایەن کۆمپانیای ئاڤامیدیاوە دەکڕدرێت کە لە بواری رێکلام و بەرهەمهێنانی فیلم و هونەریدا کار دەکات.

گۆڤاری ئاوێزە کە دوو هەفتە جارێک بڵاودەکرایەوە و پاشکۆیەکی کوردستانی نوێبوو، لەلایەن ستران عەبدوڵا سەرنووسەری کوردستانی نوێوە سەرپەرشتیدەکرا، چەند رۆژێک پێش ئێستا گۆڤارەکەیان بە کۆمپانیای ئاڤا گروپ فرۆشت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامەی دەستوور کەوتوون، گۆڤارەکە بەهۆی کەمی بودجەوە فرۆشراوە، دوای ئەوەی بۆماوەی چەند مانگێک راوەستێنرا. بەر لە فرۆشتنیشی چەند ملیۆنێک دیناری پاداشت و هاوکاری نووسەران قەرزدار بووە.

سەبارەت بە فرۆشتنی گۆڤاری ئاوێزە، ستران عەبدوڵڵا، سەرنووسەری کوردستانی نوێ، ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات.

ئازاد جوندیانی وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەو بابەتە پەیوەندیی بە منەوە نییە و کوردستانی نوێ دەسەڵاتی خۆیەتی، کەگۆڤاری ئاوێزەی فرۆشتووە".

مەریوان عەلی سەنووسەری گۆڤاری ئاوێزە وتی "هیچ لێدوانێکم سەبارەت بەفرۆشتنی گۆڤاری ئاوێزە نییە، تەنها ئەوەندە نەبێت گۆڤارێکە و فرۆشراوە".

دەروون نەوزاد، بەڕێوەبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیایی ئاڤا میدیا، بە دەستووری راگەیاند کە ناتوانێت وردەکاری گرێبەستی کڕینی گۆڤاری ئاوێزە بڵاوبکاتەوە، بەڵام پێشتر هەوڵیانداوە گۆڤارێکی تایبەت بە کۆمپانیاکەیان بە ناوی هەوارگە دەربکەن، بەڵام کاتێک بینویانە گۆڤاری ئاوێزە دەرناچێت بەدواداچوونیان بۆ کردووە و بە هەلێکی باشیان زانیوە ئەو گۆڤارە بکڕن، چونکە کۆمەڵێک خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە.

زانیاریی زیاتر لەلاپەڕە (٢) بخوێنەرەوە





REKLAM

## زیادکردنی ئاشکرا

## زیادکردنێکی ئاشکرا بۆ فرۆشتن و سەرپەرشتیکردنی مۆلیدەکانی (گوندی ئەڵمانی) و (کوردسیتی یەک)

nalia co.
www.naliagroup.com

کۆمپانیای نالیا زیادکردنێکی ئاشکرا بۆ فرۆشتنی مۆلیدەکانی (گوندی ئەڵمانی یەک) و (کوردسیتی یەک) رادەگەیەنێت لەگەڵ بەکارخستنیان بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ هەردوو پرۆژەکە بەپێی رێککەوتنێک لەگەڵ کۆمپانیا.

بۆ زانیاری زیاتر:
- ژمارەی مۆلیدەکانی (گوندی ئەڵمانی یەک) پێنج مۆلیدەن، سیانیان یەک مێگایە و دوو مۆلیدەیان ٥٠٠ کەیڤییە، سەرجەمیان مارکەی (کەمێنز)ی ئەمریکین.
- مۆلیدەکانی (کوردسیتی یەک) ژمارەیان چوار مۆلیدەیە، هەر چواریان ٥٥٠ کەیڤیین و مارکەی (ئەکسا)ن، گرەنتی یەک ساڵیان لەگەڵدایە و لە مانگی هەشتی ئەمساڵەوە بەگەڕخراون.
- تەندەر پڕکردنەوە هەردوو بەشی کڕینی مۆلیدەکان و نرخی ئەمپێری تێدایە.

تێبینی:
- دواکاتی وەرگرتنی تەندەر رۆژی (٢٠١٠/١٢/٧) کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆیە.
- دواکاتی هێنانەوەی تەندەر رۆژی (٢٠١٠/١٢/٩) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆیە.
- کاتی کردنەوەی تەندەر رۆژی (٢٠١٠/١٢/٩) کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆیە.

ناونیشان: کۆمپانیای نالیا - ناو گوندی ئەڵمانی
ژمارەی مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠ - ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠

# نێچیرڤان بارزانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی هەڵدەوەشێنێتەوە

## دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی لە پرۆژەیەک بە ناوی میدیا سەنتەر کۆدەکاتەوە

**بورهان قادر لە هەولێر**

نێچیرڤان بارزانی جێگری سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی پرۆژەیەک کە ئامادەی کردووە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی هەڵدەوەشێنێتەوە و گشت دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی لە پرۆژەیەک بەناوی میدیا سەنتەر کۆدەکاتەوە، بڕیارە دوای کۆنگرەی پارتی ئەو پرۆژەیە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە مەکتەبی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دەستووری راگەیاند، نێچیرڤان بارزانی خەریکی دامەزاندنی دەزگایەکی راگەیاندنی پارتییە بە ناوی میدیا سەنتەر و ئەو پرۆژەیە وەکو پرۆپۆزەل نووسراوەتەوە و لە دوای کۆنگرە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و بیناکەشی دەکەوێتە رێگەی هەولێر — مەسیف.

ئەو سەرچاوەیە وتی «بەهۆی فراوانی و گەورەیی بیناکە ئەگەری ئەوە هەیە کەناڵە عەرەبی و بیانیەکانیش نووسینگەکانیان بهێننە ئەوێ و مانگانە کرێیەکی رەمزییان لێوەربگرن بۆ ئەوەی پەیوەندیان لەگەڵ پتەوبکەن و سوودیان لێوەربگرن».

سەرچاوەکە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە وتی «ئەو پرۆژەیەی میدیا سەنتەرە هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی بەتەلەفزیۆنەکان و رادیۆکان و رۆژنامە و گۆڤار و سایەتە ئەلیکترۆنییەکان دەگرێتەوە، واتە هەموویان دەچنە ناو یەک بینا، بەڵام تەنها رۆژنامەی خەبات و گۆڤاری گوڵان نەبێت».

لەبارەی ئەو دوو بڵاوکراوەیەوە سەرچاوەکە وتی «دووڕا هەیە یەکێکیان ئەوەیە کەئەوانیش بچنە ناو ئەو پرۆژەیەوە و ئەوەی تریشیان ئەوەیە کە ئەوان بمێننەوە، بەڵام تائێستا یەکلانەکراوەتەوە، هەرچەندە خەبات و گوڵان پارەشیان وەرگرتووە بۆ کڕینی خانوو».

کاروان ئاکرەیی، بەڕێوەبەری سەتەلایتی کوردستان تیڤی، ئاماژەی بەوە دا کە ئێستا بیناکە کراوە، بەڵام وتی «هیچ زانیارییەکم نییە و ئەوەی من ئاگادرام تەنها ئەوەیە بیناکە کراوە و زانیاریم لەسەر کارکردنەکان نییە، پێشموایە تائێستا هیچ نەکراوە لەبارەی ئەوەی چۆن بکەوێتە ئیش».

بێوار عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری چاپخانەی موکریان و ئەندازیاری بینای پرۆژەکە، وتی «زانیاریم لەسەر پرۆژەکە نییە، چونکە من وەکو ئەندازیاری بیناسازی سەرپەرشتیار بووم، بەڵام وەکو کارکردن و بەگەڕخستنی پرۆژەکە زانیاریم نییە».

لەبارەی هۆکاری دامەزراندنی ئەو دەزگایەوە لەلایەن نێچیرڤان بارزانییەوە، بە وتەی ئەو سەرچاوەیە ئەو پرۆژەیە یەکێکە لە پرۆژە گەورەکان و نێچیرڤان بارزانی دەیەوێ لەو رێگەوە گۆڕانکاری لەناو پارتی بکات، ئامانجیش لەو پرۆژەیە گۆڕانکارییە لە راگەیاندنی پارتی، وتی«یەکێک لەو تێبینیانەی نێچیرڤان بارزانی لەسەر راگەیاندنی پارتی هەیەتی ئەوەیە کە، بۆ چی هاوڵاتیان کەمتر رۆژنامەکانی پارتی یان حیزبەکان دەخوێننەوە. دەیانەوێت هەوڵبدەن زۆرترین خوێنەر و بینەر و گوێگر بۆ خۆیان رابکێشن».

بەپێی ئەو پرۆژەیە لە دوای کۆنگرە راستەوخۆ مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی هەڵدەوەشێتەوە.

سەرچاوەکە وتی «بۆ بەڕێوەبەردنی ئەو پرۆژەیە لیژنەیەکی سێ کەسی پێکدێت، کەسی یەکەم نێچیرڤان بارزانی خۆی دەبێت و ئەگەر خۆیشی نەبێت ئەوا شانسی هەر یەک لە یەکەمیان کاروان ئاکرەیی و دوای ئەو سەرۆ قادر بەهێزە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە».



نێچیرڤان بارزانی

# بەرپرسەکان بەنزینخانەکانیشیان مەترسین

## بەپێچەوانەی ستانداردی جیهانییەوە لە سلێمانی بەنزینخانەی بەرپرسەکان لەناو ماڵان و کۆڵان و شوێنە گشتییەکان دانراون

**هێمن لەتیف لە سلێمانی**

بەدووری تەنها چەند مەترێکی کەم دەیان بەنزینخانەی حکومی و ئەهلی لە سلێمانی لەسەر شەقام و شوێنە گشتی و کۆڵان و نزیک لە ماڵان دانراون، بەپێی زیانیارییەکانی دەستووریش بەنزینخانەکان لەلایەن بەرپرسانی حیزبی و حکومییەوە پشتگیری دەکرێن.

بەپێی ستانداردی جیهانی دەبێت بەنزینخانە بەدووری ٧٥ بۆ ١٠٠ مەتر لەناو ماڵ و شەقامە گشتییەکاندا دووربێت، بەڵام بەنزینخانەکانی سلێمانی لە ناو ماڵەکان و شوێنە گشتییەکان دانراون و مەترسیشان بۆ سەر گیانی هاوڵاتیان دروستکردووە.

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمەنەوتییەکان ئاشکرایدەکات زۆربەی پرۆژە و بەنزینخانەکان بەرپرسەکانیان لە پشتەوەیە، یاخود هی بەرپرسەکانە و کردوویانە بەناوی خەڵکی ترەوە.

بەنزینخانەی سلێمانی نوێ کە دەکەوێتە تەنیشت تێرمیناڵی شارەزوور سەرجەم تانکییە بەنزینەکانی بە دووری چەند مەترێک لە دووری شەقامە سەرەکییەکەوە داناوە، مەترسییەکی گەورەی بۆ هاوڵاتیان دروستکردووە.

کارمەندێکی بەنزینخانەکە، کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە پێکەنینەوە وتی «بەنزینخانەی خۆمانە تاپۆیشە و بەو شێوەیە بەکاریدەهێنین».

لە هەمانکاتیشدا خاوەنی بەنزینخانەکە ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەیەوە بدات، لە کاتێکدا بەنزینخانەکەی مەترسی بۆ سەرگیانی هاوڵاتیان دروستکردووە.

زانا محەمەد ساڵح، قایمقامی قەزای مەرکەزی سلێمانی، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە قایمقامەوە نییە.

بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمە نەوتییەکان بەدەستووری وت «لە کاتی مۆڵەتپێدان بەبەنزینخانەکان دواجار مۆڵەتەکە دەچێتە لای قایمقامی قەزای مەرکەز تا ڕەزامەندی لەسەر بدات».

رونیشیدەکاتەوە زۆرێک لە بەنزینخانەکان بەرپرسێکی لە پشتەوەیە، یاخود هەر هی بەرپرسەکان ەو کردوویانە بەناوی هاوڵاتییەکەوە.

بەنزینخانەی هەڵوێست دەکەوێتە گەڕەکی شارەوانیەوە، کارمەندێکی ئەو بەنزینخانەیە ئاماژە بەوە دەدات کە بەنزینخانەکەیان هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە، ساڵانەش مۆڵەتەکەیان بۆ نوێ دەکرێتەوە.



لەتیف محەمەد، هاوڵاتییەکی گەڕەکی شارەوانییە و تانکەری بەنزینەکانی بەنزینخانەی هەڵوێست تەنها ١٠ بۆ ١٥ مەتر لە ماڵەکەیەوە دوورە، وتی لەگەڵ دانانی ئەو بەنزینخانەیەدا هاوڵاتیانی گەڕەکی شارەوانی نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە و چەندین ئیمزایان بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرزکردووەتەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک وەڵامیان نەداونەتەوە.

لەتیف وتی «ئەگەر ئەو بەنزینخانەیە بەرپرسێکی لە پشتەوە نەبێت چۆن دەبێت بەو شێوەیە مەترسی بۆ سەر گیانی هاوڵاتیان دروستبکات، لە کاتی رووداوێکی ئاساییدا لە بەنزینخانەکاندا رووداوێکی لەو هۆتێل سۆما دووبارە دەبێتەوە«.

جەمال عەلی بەڕێوەبەری دابەشکردنی بەرهەمەنەوتییەکان لە سلێمانی، دەڵێت نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ بەنزینخانەکان بەپێی لیژنەیەکە، ئەگەر مەرجەکانی تێدانەبێت ئەوا مۆڵەتەکەی بۆ نوێ ناکرێتەوە. هەروەها وتی «بە هیچ شێوەیەک لە ئێستادا مۆڵەت بەبەنزینخانەکان نادەین».

سەبارەت بە داواکاری هاوڵاتیان جەمال عەلی، وتی «ناتوانین مۆڵەت لە بەنزینخانەکان وەربگرینەوە، ئەگەر هاوڵاتیان نیگەرانیشبن، بەڵام دەتوانین داواکارییەکەیان بۆ سەروخۆمان بەرزبکەینەوە، بۆیە لایەنی پەیوەندیدار دەتوانێت ئەو مۆڵەتە وەربگرێتەوە».

کاوە سابر هاوڵاتییەکی گەڕەکی شارەوانییە، باس لەوە دەکات کە لە کاتی دانانی بەنزینخانەکان لە نزیک ماڵەکانیان سەردانی شارەوانی و قایمقام و پرۆژەتایبەتییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانیان کردووە، بەڵام هیچ کەسێک گوێی لێنەگرتوون. وتی «شارەوانیش پێی وتوون دانانی ئەو بەنزینخانانە کێشەی ئێوە نییە».

عومەر عەلی شەریف، خاوەنی بەنزینخانەی برایەتی، وتی «هەندێک بەنزینخانە لەناو شاردا هەن بەپێی ستانداردی جیهانی دروستنەکراون، چەند مەترێکی کەم لە شەقامی سەرەکییەوە دوورن».

هەروەها وتی ئەو بەنزینخانانەی ناوشار لە ئەوانەی لە دەرەوەی شەستییەکەدان زیاتر مەترسیان دروستکردووە.

# مانگانە زیاتر لە چوار هەزار کەس سەردانی ئێران دەکات



**محەمەد نەجیب لە سلێمانی**

بەرپرسی ڤیزا پێدان لە قونسوڵگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی، ئاماژە بەوە دەدات بەشێوەیەکی ناوەندی مانگانە زیاتر لە چوار هەزار کەس ڤیزا وەردەگرن و سەردانی ئێران دەکەن. ماوەیەکیشە ڤیزای ئێرانی زیاتر بەرزبووەتەوە.

بەرپرسی ڤیزا پێدان لە قونسوڵگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی لە لێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی «دەوڵەتان لەسەر بنەمای کاری بەرامبەر یەک سەبارەت بەگۆڕین و هەمووارکردنی نرخی ڤیزای خۆیان کاردەکەن، لەبەرئەوە نرخی ڤیزای عێراق بۆ هاوڵاتیانی ئێرانی لە ساڵی رابردوودا دوو بەرامبەر زیادبوو، بۆیە ئێمەش زیادمانکردەوە».

دەڵێت سەرەڕای ئەو خاڵە زیادبوونی نرخی ڤیزا بۆ چوونە ناو کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە سیفەتێکی گشتی هەبووە، وتی «لەبەرئەوە زۆرێک لە وڵاتەکان دەگرێتەوە، بۆیە تەنها تایبەت نییە بەعێراقەوە».

لە قونسوڵگەری ئێران نرخی ڤیزا بەرزکراوەتەوە بەم شێوەیە: ڤیزای خێرا ٧٦ دۆلار و ڤیزای ئاسایی کە لە ماوەی یەک هەفتەدا تەواو دەبێت بە ٥٨ دۆلارە، بە تێکڕاش مانگانە زیاتر لە چوار هەزار کەس ڤیزا وەردەگرن و سەردانی ئێران دەکەن.

پێشتر ڤیزای خێرا ٥٠ دۆلار و ڤیزای ئاسایی بە ١٥ دۆلار بووە.

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا سەرەڕای بەرزبوونەوەی نرخی ڤیزا لەسەر هاوڵاتیانی هەرێم کاریگەری نەبووە لەسەر داواکردنی ڤیزا لەلایەن هاوڵاتیانەوە، وتی «ئاسانکاری تایبەتمان کردووە بۆ برینداراتی چەکی کیمیایی کەبەمەبەستی چارەسەر روودەکەنە ئێران و هەروەها لەگەڵ کارمەندانی حکومی».

www.archivakurd.org

# سەرۆکی پەرلەمان هەوڵی پەشیمان کردنەوەی حاکم رزگار دەدات

## بەپێی یاسا دەبوایە داواکەی حاکم ڕزگار بخرایەتە کارنامەی گفتوگۆی پەرلەمانەوە هەر دوای یەکەم دانیشت لە داواکە





**کەمال کەرکوکی بۆ پەشیمانکردنەوەی حاکم رزگار لە گەڵیدا کۆبووەتەوە**

**بورهان قادر لە هەولێر**

دوای ئـەوەی حاکم ڕزگـار ئەندامی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە بەهۆی مامەڵەی نەشیاوی سەرۆکی پەرلەمانەوە دەستی لەکارکێشاوەتەوە، سەرۆکی پەرلەمان لە هەوڵداندایە بۆ پەشیمانکردنەوەی.

لە ٢٠١٠/١١/٨ حاکم رزگار ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە نووسراوێک دەســت لـەکـارکـێشـانـەوەی خـۆی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، لە دەقی دەست هۆکارەکەی بۆ مامەڵەی د.کەمال کـەرکـوکـی سـەرۆکـی پـەرلـەمـان دەگەڕینێتەوە، ئاماژەی بـەوە داوە کە د.کـەمـال کەرکوکی سوکایەتی پێکردووە.

لە نامەکەدا هاتووە "مرۆڤ بێڕێزی پێناکرێ، دەبێ بە ڕوحی برایانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدا بکەن، کـەرامـەتـی وەک مــرۆڤ دەبـێ پارێزراوبێ".

هەروەها هاتووە "ئـەو شێوازە گرژ و توندەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەرانبەر من نواندی لە دانیشتنی سـەرلـەبـەیـانـی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٣ لـە کـاتـی گفتوگۆ لـەسـەر قانونی خـۆپـیـشـانـدان دەچـێـتـە خـانـەی سوکایەتی یا بێڕێزی پێکردن".

هەرچەندە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پـەرلـەمـان دەبـوایـە دوای یەکەم دانیشتن لە پـاش پێشکەشکردنی نـامـەی دەسـتـلـەکـارکـێـشـانـەوەکـە بخوێنرێتەوە بـۆ گفتوگۆ کردنی پەرلەمانتاران و قبوڵیان ڕەتکردنەوە.

بـەڵام لـەدوای داواکـەی حاکم رزگار تا ئێستا پەرلەمان پێنج دانیشتنی کـردووە، کەچی سەرۆکی پەرلەمان ئـەو دەســت لـەکـارکـێـشـانـەوەیـەی نەخوێندۆتەوە تا ئەندامان گفتوگۆی لەسەر بکەن.

تاریق جەوهەر ڕاوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ دەسـتـوور دەڵێـ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر نامەکە نایاسایی نییە، ئاماژەی بەوە دا کە نامەکە دەخرێتە بەرنامەی کارەوە، وتـی "ئــەوەش دەوەستێتەوە سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەو بەرنامەی لەبەر دەستیاندایە".

بەپێی زانـیـاریـیـەکـانـی دەسـتـوور دەسـتـلـەکـارکـێـشـانـەوەکـەی حاکم ڕزگـار قبوڵناکرێت، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەیانەوێت پێش ئەوەی نامەکە بخرێتە گفتوگۆوە حاکم ڕزگار پەشیمان بکەنەوە لە داواکەی. بۆیەش داوا یەکەم کەسی ڕیزبەندی لیستی کوردستانی کە دەرنەچووە، نەکراوە. تا بێچێتە شوێنی حاکم ڕزگار.

بەپێی ریزبەندیەکەش مامۆستا کاوە کە ریزبەندیکەی ٦٢ ەو لەپشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبێت بچێتە شوێنی حاکم ڕزگـار ئەگەر داواکەی قبوڵبکرێت.

لەمبارەوە مامۆستا کاوە لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "منیش لەهەندێک برادەر و ئەندام پەرلەمانەوە گوێبیست بـوم کـە بەپێی یـاسـاش لـەدوای دەستلەکارکێشانەوەکەی حاکم رزگار دەبێت من بم، بـەڵام تا ئێستا بە فەرمی لەلایەن پەرلەمان و حیزبیشەوە من ئاگادار نەکراومەتەوە".

دەستوور پەیوەندیکرد بە حاکم رزگار بەڵام ئامادەنەبوو لێدوان لەوبارەیەوە بدات.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی لـەگـەڵ حاکم رزگــار کــردووە و لە هەوڵدان دایە بۆ پەشیمانکردنەوەی.

لەبارەی هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی حاکم ڕزگار تاریق جەوهەر وتی "ئەوە نازانم، دەکرێ لەخۆی بپرسی، تا ئێستاش کە پەرلەمان بڕیاری نەداوە، سەرۆکایەتی بەپێی کاتی گونجاودەیخاتە بەرنامەی کارو سەرۆکایەتی زیاتر لەوە دەزانن".

فرسەت ئەحمەد سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ئامادەنەبوو لێدوان بدات لەوبارەوە.

# یەکێتی بڵاوکراوەیەکی خۆی دەفرۆشێت

## یەکێتی دەستیکرد بەفرۆشتنی میدیاکانی

**هێمن لەتیف لە سلێمانی**

مـەکـتـەبـی نـاوەنـدی راگـەیـانـدنـی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە ڕێگەی رۆژنامەی کوردستانی نوێوە، بـڵاوکـراوەیـەکـی خـۆی دەفـرۆشـێـت و بـڵاوکـراوەکـە لـەلایـەن کۆمپانیای ئاڤامیدیاوە دەکڕدرێت کە لە بواری ڕیکلام و بەرهەمهێنانی فیلم و هونەریدا کار دەکات.

گـۆڤـاری ئـاوێـزە کـەدوو هەفتە جارێک بڵاودەکرایەوە و پاشکۆیەکی کوردستانی نوێبوو، لەلایەن ستران عـەبـدوڵا سـەرنـووسـەری کوردستانی نوێوە سەرپەرشتی دەکرا، چەند رۆژێک پێش ئێستا گۆڤارەکەیان بەکۆمپانیای ئاڤا گروپ فرۆشت.

ئاوێزە پـێـشـتـر هـەر لە چوارچێوەی رۆژنامەکەدا لە هەشت لاپەڕەدا رۆژانی هەینی بڵاودەکرایەوە و خوێنەرێکی زۆری هەبوو، بەڵام لەسەردەمی ستران عەبدوڵڵادا بوو بەگۆڤار و نەدەفرۆشرا، تا دواتر بڕیاری وەستانی دراو لە چەند رۆژی رابردووشدا فرۆشرا.

بەپێی ئـەو زانـیـاریـیـانـەی دەسـت رۆژنامەی دەستوور کەوتوون، گۆڤارەکە بەهۆی کـەمـی بـودجـەوە فـرۆشـراوە، دوای ئەوەی بۆماوەی چەند مانگێک راوەستێنرا. بەر لە فرۆشتنیشی چەند ملیۆنێک دیناری پاداشت و هاوکاری نووسەران قەرزدار بووە.

بەپێی زانیارییەکان گرێبەستەکە لە نێوان سەرنووسەری کوردستانی نـوێ و کۆمپانیایی ئـاڤـا میدیادا کراوە. سکرتاریەتی نووسین ئاگاداری گـرێـبـەسـتـەکـە نـیـن و ڕەخـنـەیـان لێگرتوون.

لە ژمـارە پـێـنـج هـەزارو ٣٣٩ی رۆژی ١١/٢٨ی کوردستانی نـوێـدا، لە ژێـر ناونیشانی "کـوردسـتـانـی نوێ خاوەندارێتی گۆڤاری ئاوێزە دەداتە ئاڤا میدیا" فرۆشتنی گۆڤارەکە ئیمزاکراوە.

سەبارەت بەفرۆشتنی گۆڤاری ئاوێزە، سـتـران عـەبـدوڵـڵا، سـەرنـووسـەری کوردستانی نـوێ، ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات.

رۆژی ١١/٢٧ لە بارەگای سەرەکی کوردستانی نوێ، بەئامادەبوونی ستران عەبدوڵڵا، سەرنوسەری کوردستانی نـوێ، سـەرپـەرشـتـیـاری گـۆڤـاری ئاوێزە و مەریوان عەلی سەرنوسەری گۆڤارەکە و دەروون نەوزاد بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیایی ئاڤامیدیا و پـارێـزەرانـی هـەردوو لا، واژۆی گرێبەستی فرۆشتن و خاوەندارێتی و چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ئاوێزەیان ئیمزاکرد.

ئـازاد جوندیانی وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەو بابەتە پەیوەندیی بەمنەوە نییە و کوردستانی نوێ دەسەڵاتی خۆیەتی، کەگۆڤاری ئاوێزەی فرۆشتووە".

مەریوان عەلی سەنووسەری گۆڤاری ئاوێزە وتی "هیچ لێدوانێکم سەبارەت بە فرۆشتنی گۆڤاری ئاوێزە نییە، تەنها ئەوەندە نەبێت گۆڤارێکە و فرۆشراوە".

دەروون نەوزاد بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیایی ئاڤا میدیا، بە دەستووری راگـەیـانـد کـەنـاتـونـێـت وردەکـاری گرێبەستی کڕینی گـۆڤـاری ئاوێزە بڵاوبکاتەوە، بەڵام پێشتر هەوڵیانداوە گۆڤارێک تایبەت بە کۆمپانیاکەیان بە ناوی هەوارگە دەربکەن، بەڵام کاتێک بینویانە گۆڤاری ئاوێزە دەرناچێت بەدواداچوونیان بۆ کردووەو بەهەڵێکی باشیان زانـیـوە ئـەو گـۆڤـارە بکڕن، چونکە کۆمەڵێک خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە.

فرۆشتنی ئەو بڵاوکراوەیە لە کاتێکدایە کە کوردستانی نوێ ڕێکلام و داهاتێکی زۆری هەیە.

سەبارەت بە پێدانەوەی قەرزەکانی پێشوو بە نـووسـەران و هاوکارانی گـۆڤـاری ئـاوێـزە، بـەڕێـوەبـەری رێگەپێدراوی کۆمپانیایی ئاڤا میدیا، وتی ئـەوە پەیوەندی بەکوردستانی نوێوە هەیە.

ناوبراو وتی "ئێستا گۆڤاری ئاوێزە سـەربـەخـۆیـە و پـەیـوەنـدی بەهیچ حزبێکەوە نییە، کۆمپانیای ئاڤا میدیا دەریدەکات".

پێشتر ئاوێزە بەهەشت لاپـەڕە و لە چوارچێوەی کوردستانی نوێدا رۆژانی هەینی دەردەچوو و خوێنەرێکی زۆری هەبوو، بەڵام دواتر کرایە گۆڤار.

کاوە محەمەد سەرنوسەری پێشووی کوردستانی نوێ، ئاماژە بۆ بەوە دەدات کە چەند هۆکارێک هەبوون بۆئەوەی کاتی خۆی پاشکۆی هەمەڕەنگی ئاوێزە دەربکەن، نەک هەر درێژەی پێ بدەن، بەڵکو گەشەی پـێ بـدەن و فراوانی بکەن، کەسەرەتا بە چـوار لاپـەڕە دەستیانپێکرد، دواتـر کرا بەهەشت لاپەڕەی ڕەنگاورەنگی هەفتانەو رۆژانی هەینی، دەربچێت.

سەرنوسەری پێشووی کوردستانی نوێ وتی "بەهۆی ئەوەی کوردستانی نوێ رۆژنامەیەکی سیاسییە و بەهۆی حیزبی بوونی، لە ناو رۆژنامەکەدا دەرفـەت کـەمـبـوون کـەهـەنـدێـک لەرووبەرەکەی بۆ حەسانەوەی مێشکی خوێنەر تەرخانبکرێ، یان بۆئەوەی ئەو خوێنەرانەیان لێ دوورنەکەونەوە کە لە وشک و برینگیی سیاسەت بێزاربوون".

کاوە محەمەد، پێیوایە ئاوێزە توانی سـەرکـەوتـنـێـکـی بـاش و بـەرچـاو بەدەستبهێنێت و وای لێبێت کە هەفتانە خوێنەران لە چاوەڕوانیی دەرچوونیدابن و بە تامەزرۆییەوە بیخوێننەوە.




**ئاوێزە دوای ئەوەی بوو بە گۆڤار فرۆشی کەمیکرد**

www.arsivakurd.org

# گفتوگۆکانی دەوڵەتی تورکیا و پەکەکە تاچەند جیدین؟

## ئەحمەد دەنیز: کێشەی کورد چارەسەر نەکرێ ئەزموونی فەڵەستین دووبارە دەبێتەوە

**هیوا سەلیمی**

ئەگەرەکانی رێککەوتن لە نێوان پەکەکەو حکومەتی تورکیا بەهێزەو نیشانەکان باس لە هەوڵی جیدی لایەنە جیاجیاکان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا دەکرێت.

چەندان رۆژنامەی ناسراوی تورکیاو ناوچەکە لە هەفتەی رابردوودا ئەگەری رێککەوتنی نێوان پەکەکەو حکومەتی تورکیایان وروژاندوە و لەلایەکیتریشەوە سەرۆک کۆماری تورکیا لە نوێترین لێدواندا خوازیاری پەلەکردن لە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیایە.

هەرچەندە پرۆسەی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا لە ساڵی رابردووەوە بە ئارامی دەستپێکردوە، بەڵام سەرکەوتنی پارتی دادوگەشەپێدان لە ریفراندۆمی پێداچوونەوە بەسەر دەستووری ئەو وڵاتەدا بروابەخۆبوونێکی زیاتری بە حزبەکەی ئەردۆگان داوە و پارتی دادوگەشەپێدانی دەیەوێ لەئاراستەی بەکردەوەدەرهێنانی نفوزی زیاترو پێگەی بەهێزتر لە ناوچەکەداو ئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپاو هەروەها ماندووبوون لە زیانەکانی جەنگێکی چەندان ساڵە، پەلە بکات لە پرۆسەی چارەسەرکردنی پرسی کوردا.

پەکەکە پێیوایە کە دەبێ هەوڵەکان زیاتر بکرێتو لەهەمانکاتدا نایشارێتەوە کە ئەوان لەوبڕوایەدان هەنگاوەکانی جیدی لە لایەن حکومەتی تورکیاوە هەڵناگیرێتو هەنگاوەکانی ئێستاش تەنیا بۆ کڕینی کاتە.

لەلایەکیتریشەوە ئاگربەستەکەی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا بەردەوامەو بەرپرسانی پەکەکە ئاماژە بەوە دەدەن کە لە ئێستادا بینەری رەوتی رووداوەکانن و تەنانەت مۆڵەتیشیان بۆ یەکلاییبوونەوەی هەوڵە تازەکان دیاریکردوە.

### گفتوگۆی بەردەوامی حکومەتی تورکیاو پەکەکە لە ئارادایە

لە ساڵی ١٩٩٣و لە سەردەمی تورگوت ئۆزال، سەرۆک کۆماری ئەو کاتی تورکیا، هەوڵێکی جیدی بۆ نزیکبوونەوە لە چارسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا هاتە ئاراوە، بەڵام بە تیرۆرکردنی سەرۆک کۆماری تورکیاو بە دروستبوونی رێکخستنێکی تیرۆریستی بەناوی ئەرگەنەکۆن ئەو هەوڵە لەباربرا.

بۆ جارێکیترو ئەمجارەیان لە زەمینەیەکی لەبارتردا پرسی گفتوگۆو چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا دەستپێکردۆتەوەو سەرەتای ئەم قۆناغە نوێیە لە ساڵی رابردووەوەو لەلایەن رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیاوە هاتۆتە ئاراوە. هەرچەندە لەسەرەتادا پرۆسەکە بەناوی کرانەوەی کوردی پێناسەکرا، بەڵام لە ژێر فشاری لایەنە کەمالیستە فاشیستەکانەوە ئەو واتایە بە کرانەوەی دیموکراسی ناوی گۆڕی.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی بەندکراوی پەکەکە لە هەفتەکانی رابردوودا ئاشکرایکرد، کە دانیشتنو چاوپێکەوتنی بەردەوام لە نێوان ئەو و بەرپرسانی حکومەتی تورکیا لە ئارادایە و پێدەچێ بچێتە قۆناغی گفتوگۆی جیدییەوە.

لەلایەکیترەوە کۆمەڵێک رۆژنامەی ناسراوی تورکیا و ناوچەکە رایانگەیاند کە رێککەوتن لە نێوان ئۆجەلان و تورکیا لەسەر کۆمەڵێک خاڵی سیاسیو ئەمنی ئیمزاکراوە.

ئەحمەد دەنیز بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی دەستوور، دەڵێت هەواڵی گفتوگۆ و تەنانەت رێککەوتنێکی سەرەتایی لە نێوان ئۆجەلانو حکومەتی تورکیا راستە، وتی "بەڵام حکومەتەکەی ئەردۆگان بێ بڵێنی دەکاتو نایەوێ بەشێوەی جیدی پرسەکە چارەسەر بکات، حکومەتی تورکیا لە ئاراستەی لاوازکردنی کوردو قازانجەکانی خۆی هەنگاوی لەم شێوەی هەڵگرتووەو دەیەوێ بەم شێوە کات بکڕێتو وەک پڕۆژەیەکی جیدی لەمەسەلەکە ناڕوانێت".

بەپێچەوانەی لێدوانەکانی ئەحمەد دەنیز، یوسف گۆران جێگری سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی کوردستانی سەر بە یەکێتی نیشتمانی، پێیوایە کە پڕۆژەی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا جیدییە، بەڵام ئاماژە بەوەش دەدات کە رێککەوتنێکی روونو ئاشکرا لە نێوان ئۆجەلانو حکومەتی تورکیا پێکنەهاتووە. یوسف گۆران لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی دەستوور وتی "پەیوەندی دوو لایەنە هەیە و بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی گفتوگۆ، لەبەرئەوەی کە گفتوگۆ پێویستی بە هەندێک مەرجە هەیەو تا ئێستا ئەو بارودۆخە دابین نەبووە."

وتی "پرۆسەی چارەسەرکردنی کورد لە تورکیا بەرەو ئاقارێک دەڕوات کە گەڕانەوەی بەدوادا نەیێتو من پێموایە کە پرۆسەیەکی جیدییە".

گۆران ئاماژە بەوەش دەدات کە وروژاندنی ئەو مەسەلە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە تەنیا کڕینی کاتو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی پارتی دادوگەشەپێدان نییە، لەبەرئەوەی کە خودی پەکەکەش هەست بە جیدیبوونی ئەو مەسەلەیە دەکاتو لە چوارچێوەی هەمان تێڕوانینە کە ئاگربەست رادەگەینێت.

ئەحمەد دەنیز جەخت دەکاتەوە کە ئاگربەستی پەکەکە تا ئازاری ٢٠١١ بەردەوامدەبێتو ئەگەر حکومەتی تورکیا هەنگاوی جیدی هەڵنەگرێت ئەوانیش پێداچوونەوە بەسەر هەڵوێستەکانیان دەکەن.

### چارەسەرکردنی پرسەکە کاریگەری گەورە لەسەر ناوچەکە دادەنێت

چارەسەرکردنی پرسی کورد لە باکووری کوردستان تەنیا کاریگەری لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی تورکیا دانانێت، بەڵکو وەک خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە لە ناوچەکە دێتە هەژمار. هەمان ئەو کاریگەرییە کە تورکیای ناچارکردوە بۆ بەدواداچوونی پرسی چارەسەرکردنی گرفتەکانی پەنا بۆ لایەنە دەرەکییەکانی دراوسێی تورکیا بەرێت و دەیەوێ بە کەمترین زیان بۆ داهاتووی سیاسی تورکیا لایەنەکانی دیکەش بۆ یارمەتیدانی پرۆسەکە بە خزمەت بگرێت. هاوکات خودی تورکیاش دەتوانێ لە رێگەی چارەسەرکردنی ئەو پرسەوە نفوزی زیاتر لە ناوچەکە پەیدابکات و پێگەی خۆی بەهێزتر بکات.

لەلایەکیترەوە پرۆسەی چارەسەربوونی کورد لە تورکیا پێگەی کورد بەهێز دەکاتو کاریگەری پۆزتیڤ لەسەر پارچەکانی تری کوردستانو پرۆسەی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێت.

ئەحمەد دەنیز پێیوایە کە کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی، هەرێمیو جیهانییەو هەربۆیە لە ئەگەری چارەسەرنەبوونی ئەو پرسە، ئەزموونێکی هاوشێوەی فەڵەستین دووبارەدەبێتەوەو سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ کاتێک نایەتە دی. دەنیز وتی "دیموکراسی ناوچەکە بە چارەسەرکردنی پرسی کوردەوە گرێدراوەو پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆنی ناوچەکە بەبێ چارەسەکردنی کێشەی کورد هیچ بەرەوپێشچوونێک بە خۆیەوە نابینێت."

دەنیز دەڵێت بەلەبەرچاوگرتنی لەت لەتبوونی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتداو جێگیربوونی زۆرینەی کورد لە تورکیا، پرۆسەی ئاسمیلاسیۆنی کورد دەوەستێتو هاوکات ناسنامەی کورد لە ئاستی ناوچەکەو جیهاندا مەشرووعییەتی سیاسیو یاسایی پەیدادەکات.

دەنیز دواتر پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت "نارازیبوونی تورکیا بە سەرۆکایەتیکردنی جەلال تاڵەبانی نیشاندەری قایلنەبوونی تورکیا بە ناسنامەی کورد لە ناوچەکە، وتی "هەر بۆیە بەو رەفتارەی دژایەتی هەموو تاکێکی کورد لە ناوچەکە دەکات.

لەبەرامبەریشدا تەسلیمبوونی تورکیا بە خواستە رەواکانی کورد لە تورکیا دەتوانێ کاریگەرییەکی پۆزتیڤ لەسەر کوردی پارچەکانیتریش دابنێت."

لای خۆشیەوە یوسف گۆران پێیوایە کە کاریگەرییەکانی چارەسەرکردنی پرسی کورد دوو لایەنەیەو هەم بۆ خودی تورکیاو هەم بۆ ناوچەکە، بەتایبەت بۆ باشووری کوردستان کاریگەری دەبێت. دەڵێت لە ئەگەری چارەسەرکردنی ئەو گرفتە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی تورکیا دەچێتە قۆناغێکی نوێیەوە، وتی "لەبەرئەوەی کە مەسەلەی کورد بەردەوام خاڵی گرژی لە نێوان تورکیاو کوردی عێراق بووە".



چارەسەرکردنی کێشەی کوردانی باکور ئارامی بۆ ناوچەکە دەگێڕێتەوە

# موجاهدینی خەڵقی ئێران لە نێوان تیرۆریزم و پشتیوانی ئەوروپادا

## رەنگە یەکێتی ئەوروپا موجاهیدینی خەلق لەو قەیرانەی تێیکەوتووە رزگار بکات

**هیوای سەلیمی**

پەرلەمانی ئەورووپا رۆژی پێنجشەممەی هەفتەی رابردوو داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی لە ریزبەندی گروپە تیرۆریستییەکان بێنێتەدەرەوە، لە کاتێکدا فشارەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدین لە عێراقدا بەردەوامە.

لەلایەکیترەوە رۆژی رابردوو ئاژانسەکانی هەواڵی عێراق بڵاویانکردەوە کە بەڵگەیان لەسەر چەندان هەوڵی "تیرۆریست"ی موجاهیدین لە ناوخۆی عێراقدا بەدەستهێناوە، چەند لایەنێکی عێراقی بەنیازن داوای یاسایی لەسەر ئەندامانی موجاهیدین بەرزبکەنەوە.

### ئەورووپا پشتیگری موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی دەکات

رۆژی پێنجشەممە پەرلەمانی ئەورووپا، بەشێوەی رەسمی، کاترین ئەشتۆن نوێنەری باڵای سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەورووپای بۆ بەدواداچوونی پرسی موجاهیدنی خەڵقی ئێرانی راسپارد و داوای لە ناوبراوکردوە بەمەبەستی هێنانە دەرەوەی ناوی رێکخراوی موجاهیدین لە لیستی تیرۆریستی ئەمریکا گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی سیاسیی کۆشکی سپیدا بکات.

لە بەیاننامەکەی پەرلەمانی ئەورووپادا داوا لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش کراوە کە دانیشتووانی کەمپی ئەشرەف، شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی موجاهیدین بپارێزێت.

رۆژنامەی "واڵ ستریت ژۆرناڵ" رایگەیاند کە داوا لە حکومەتی عێراقیش کراوە کە دەستبەرداری گەمارۆی کەمپی ئەشرەف بێت و وەک کۆمەڵێک پەنابەری سیاسی مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی موجاهیدن بکەن.

ناوی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران ساڵی ١٩٩٧و لەلایەن حکومەتەکەی بیل کلینتۆنەوە خرایە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپاش ساڵی ٢٠٠٢ موجاهیدینی خستە لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانی خۆیەوە. بەڵام یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠٠٩ ناوی موجاهیدینی لە لیستی گرووپە تیرۆریتسیەکاندا سڕییەوە و هەموو داراییە بلۆککراوەکانی ئەو رێکخراوەشی ئازادکرد.

چەند مانگ لەمەوبەریش دادگایەکی فیدراڵی ئەمریکا داوای لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد پێداچوونەوە بەسەر یاسای بەتیرۆریست پێناسەکردنی موجاهیدین بکاتەوە، بەڵام تا ئێستاش ئەمریکا ئامادە نییە ناوی موجاهیدین لە لیستی تیرۆریستی ئەو وڵاتەدا بسڕێتەوە.

### موجاهیدین بە پشتگیریکردنی" تیرۆریزم" لە ناوخۆی عێراقیش تۆمەتبارە

بەشێک لە ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران بە پشتیوانیکردنی حکومەتی بەعس و سەرکوتی شیعەکان و کوردەکانی عێراق لە رابردوودا تۆمەتبارکراون. هاوکات لە چەند ساڵی رابردوودا، نوری مالیکی ناوبەناوە پەلاماری کەمپی ئەشرەفی داوە و تەنیا لە یەک رووداودا نزیکەی ٥٠٠ کەس برینداربوون و بەدەیان کەسیش کوژران. حکومەتی عێراق داوا دەکات ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدین دەبێ عێراق جێبهێڵن و لەبەرامبەریشدا موجاهیدن مانەوە لە عێراق و قبوڵکردنی ئەوان وەک پەنابەری سیاسیی بە مافی رەوای خۆیان دەزانن.

رۆژی رابردووو بەدوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکەی یەکێتی ئەوروپادا چەند سەرچاوەیەکی سیاسی لە پارێزگای دیالە رایانگەیاند کە چەند ئەندامێکی رێکخراوی موجاهیدین لە ناوچەی دیالە مەشقیان بە منداڵانی ١٢ بۆ ١٤ ساڵ بەمەبەستی تەقاندنەوەی بۆمب کردوە.

تۆڕی هەواڵی نەخیل بڵاویکردەوە کەسێک بە ناوی رەحمانی کە ئەندامی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانە، لە شاری بەعقوبە منداڵانی بێ کەسوکار دەدۆزێتەوە و رۆژی ٢٠ بۆ ٣٠ دۆلار بەوان دەدات تا لە پاڵ جادەکاندا بۆمب بتەقێننەوە. بەپێی راپۆرتەکە چەند لایەنێکی عێراقی بەنیازن بەپەشتبەستن بەو بەڵگانەوە داوای یاسایی لەسەر موجاهیدنی خەڵقی ئێران لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان تۆماربکەن.

پاش رووداوەکانی سەرەتای دەیەی ٨٠ لە ئێران و پێکدادانی چەکداری لە نێوان موجاهیدینی خەڵق و حکومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی ئێران، موجاهیدین ئێرانیان بە ناچاری جێهێشتووە و لەلایەن حکومەتی بەعسەوە پێشوازیان لێکرا. حکومەتی بەعس ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی بە هەموو جۆرەکانی چەک و تەقەمەنی تەیارکرد و بەپشتیوانی حکومەتی بەعس چەندان پەلاماری سەربازی گەورەیان کردە سەر سوپای ئێران.

ئێستا زیاتر لە ٣٠٠٠ ئەندامی موجاهیدین لە کەمپی ئەشرەف هەڵکەوتوو لە باکووری بەغدا نیشتەجێن و ئەو کەمپە لەسەردەمی هێرشی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ کەوتە ژێر کۆنترۆڵی سوپای ئەمریکاوە. ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران چەکەکانیان تەسلیمی سوپای ئەمریکا کرد و لە مانگی فێبریەی ٢٠٠٩ کەمپی ئەشرەف رادەستی حکومەتی عێراقی کرایەوە.

لە ساڵانی رابردوودا حکومەتی ئێران بەشێوەی بەردەوام داوای لە حکومەتی عێراق کردوە کە ئەندامانی موجاهیدین لە ناوخۆی عێراق دەربکەن و حکومەتی عێراق لە نێوان فشارەکانی ئێران بۆ دەرکردنیان و فشارەکانی ئەورووپا و رێکخراوە جیهانییەکان بۆ پاراستنیان، نەیتوانیوە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەوبارەوە پەسندبکات.



لایەنگرانی موجاهیدین لە ئەوروپا سەرقالی بەریوەبردنی خۆپیشاندانن

4 کلتوری سیاسی | ژینگەی شار... ئۆتۆمبێل تێکیداوە 6





سێرە

مەفتانە
مەلا ئاریان دەینووسێت
Arian@hetaw.net

## یەکێتی و میدیایەکی خۆپارێز

راستییەکەی دۆخی ئەنارشیستانەی میدیا نوسینی کردۆتە نشتیمانێکی ترسناک، مەڕەکان ناچاری سەما لەگەڵ گورگ و ئێمەش لەگەڵ راپۆرتنووسەکان دەکات، ئێستا نوسین ئەو پانتاییە ترسناکەیە کە بەختیار عەلی ووتەنی شوێنی کۆبوونەوەی دڕندەکانە، ئیدی ئەمەش سەرەنجام ملی ئاکار و کەلتوور دەخاتە بەردەم شمشێری دڵڕەقی و گەمژەیی و نابەرپرسیاریی رۆژنامەوانەوە.
هەژموونی جیهانگیریی و شەپۆلی بێ شوماری کەلتووری خۆرئاوا و هەمیشە خراپ بەکارهێنانی ئامرازە تەکنۆلۆژییەکان لەرێی میدیاوە، ئێستا کۆمەڵگای کوردی خستۆتە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە. بەو مانایەی ئەگەر جیهانگیریی هەڵگری دیوی (چاکە) و (خراپە) بێت بۆ کۆمەڵگا، ئەوا دیوی (خراپە)ی ئەو هەژموونە ترسێکی گەورە و هەڕەشەیەکی ترسناکە بۆ سەر کۆمەڵگا لاوازەکان، ئەو کۆمەڵگایانەی کە هێز و توانای روبەڕووبوونەوەی شەپۆلی ئەو دیوە شەڕانگێزەیان نییە. ئیدی ئەوەشە کۆمەڵگای کوردی، بەهۆی لاوازی هۆشیاری هاونشتیمانییان و کورتبینی دەسەڵاتەوە، خستۆتە بەردەم هەڕەشەی داڕمان.
چەند ساڵێکە، مەترسیی گەورە روبەڕووی سەرخانی کۆمەڵگای ئێمەو رەفتاری تاکەکانی بۆتەوە، لەو ماوەدا لەرێگای کاریگەریو کاردانەوەی کۆی ئەو فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنییە ئیباحی و بەرنامە کاتکوژ و دژە کەلتوورییانەی لە راگەیاندنی جیهانییەوە خۆی دەکات بە کوردستاندا، رادەی گۆڕانی ئاکاری کۆمەڵایەتی بەرۆشنی دیارە، ئەم پرۆسەیەش کە دواجار دەبێتە پرۆسەی لە پەلوپۆخستنی کۆمەڵگا، ئێستا تەواوی جومگەکانی میدیای کردۆتە کاراکتەری سەرەکی خۆی. بەو واتایەی کە ئیدی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان، وەک بەشێک لە کردەی ململانێی راوکردنی سەرنجی بینەر، بەئاگاو بەدەست، یانیش بەرەنجامی نائاگایی دەبنە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسیسی چەسپاندنی کەلتووری کاتکوژیو خستنەوەی نەوەیەکی دەبەنگ کە نازانێت لەکوێی بەرپرسیاری پاراستنی کەلتوورو بەهاو ئاکارە باڵاکاندایە.
یەکێتی نشیتمانی، بە بەراورد لەگەڵ تەواوی هێزە سیاسییەکانی تر، لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو، تاکە جەمسەری بەهێزی میدیای روبەڕووبوونەوە و بەرەنگاری بووە، لە وساتەی کە راگەیاندنی هێزەکانی تر لەقۆناغی پوکانەوە و بێدەنگی سیاسیدا بووە، میدیای یەکێتی لە ئەوجی هێز و بە هێزی گوتاریدا ژیاوە، بەڵام لەگەڵ گوتارە رادیکاڵە سیاسییەکەی، میدیایەکی خۆپارێزی کۆمەڵایەتیو بەرپرس لەبەرامبەر ئاکارو کەلتوری کۆمەڵگا بووە، ئیدی ئەمەش تائێستاش بۆتە یەکێک لە رواڵەتە هەرە سەرەکییەکانی میدیای یەکێتی نشتیمانی، کە هێزێکی رادیکاڵ لە باری سیاسییەوە، خاوەن میدیایەکی خۆپارێزە.
راستییەکەی میدیای یەکێتی نشتیمانی کوردستان، ئێستا وەک بەشێک لەجەستەی میدیای حزبی، لەژێر گومان و پرسیاردایە، گومانی داخرانی سیاسیو نەبوونی متمانە و نارۆشنی گوتار و بەدێوکردنی سەرکردە و زۆر بواری دیش، لەو جەنگەدا کە ئێستا لە بەرامبەر میدیای ئەهلی بەڕێوە دەچێت، راگەیاندنی یەکێتیش وەک کۆی میدیای حزبەکان شەڕی پارێزگاریکردن لە رواڵەتی داخران و بەکۆن هێشتنەوەی روخسارە کلاسیکییەکەی خۆی دەکات، ئیدی ئەمەش تادێت هێزی ئەو راگەیاندنە لە باری سیاسییەوە بەرەو پوکانەوە دەبات و ئەو وێنەیە پێچەوانە دەکاتەوە کە رۆژگارێک یەکێتی لەو بوارەدا تاکە جەمسەری هێز بووە.
ئێستا راگەیاندنی یەکێتی، لە دۆخێکی ئاڵۆزدایە، دۆخێکی دوو سەرە، لە بواری سیاسیدا کێرڤی بینین و متمانەی لە پاشەکشەیەکی ترسناکدایە و هەرگیز وەک رۆژگاری حەفتا و هەشتاکان توانا و هێزی راوکردنی سەرنجی خەڵک و وەرگرانی نییە، ناتوانێ لەرومالکردنی سیاسی و گواستنەوەی هەواڵ و شیکارییەکانی لەگەڵ میدیای ئەهلی خۆی بەراورد بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش یەکێتی و میدیاکەی لە باری کۆمەڵایەتی و بەرپرسیاری لە بەرامبەر ئاکار و کەلتوور، گەورەترین و کاریگەرترین جەمسەری میدیایە، بەو واتایەی راگەیاندنی یەکێتی لە قوڵکردنەوەی پرەنسیبەکانی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی و خۆپارێزی لە هەژموونی دیووە کاتکوژ و شەڕانگێزەکەی کەلتووری خۆرئاوا، توانیوویەتی سەنگینی و هێزی مانەوەی خۆی لێوە پەیدا بکات، ئەگەر یەکێتی کێرڤی میدیاکەی بەهۆی رێوشوێنە کلاسیکییەکانەوە لە باری روماڵی سیاسییانە لە دابەزیندا بێت، ئەوە بەرپرسیارییە چڤاتییەکەی و گوتاری گواستنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکان ئەو کێرڤە بەرز دەکاتەوە و هاوسەنگییەکەش رادەگرێت.

# "رێککەوتنی ستراتیژی رۆڵی لە دابەشکردنی پۆستەکاندا نابێت"

## عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ دەستوور

**سازدانی: دانا جەمیل**

عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت بۆ دابەشکردنی ئەو پۆستانەی بەر ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەکەوێت بەپێی خاڵ دەبێت هەرچەندە ئەگەری ئەوەش رەچاوی بارودۆخی تریش بکرێت، تەیفور دەڵێت جێگری سەرۆک وەزیران بۆ د.رۆژ نوری دەبێت و ئەگەر وەزارەتی نەوتیش وەرنەگرن ئەوا هوشیار زێباری دەبێتەوە بە وەزیری دەرەوە، بەوەش زۆربەی پۆستەکانی بەغدا بەر پارتی دەکەوێت، جگە لە سەرۆک کۆمار.

**دەستوور:** سەبارەت بەو پۆستە وەزارییانەی کە ئێستا لە عێراقدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت، کورد داوای کام وەزارەتانەی کردووە؟

**عارف تەیفور:** وەکو لایەنی کوردی حەز ئەکەین پۆستی وەزارەتی نەوت وەربگرین لەبەرئەوەی نەوت کێشەیەکی هەڵپەسێردراوە لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا، بەڵام ئەگەر ئەم وەزارەتە نەبێت ئەوە بەباشتر دەزانرێت بگەرێینەوە سەر وەزارەتی دەرەوە کە کاک هوشیار زێباری دەوری تێدا هەبووە و تا ئێستا بەڕێوەی بردووە و بمێنێتەوە، ئەوەی ئێمە داوای دەکەین لە ٦ وەزارەت کەمتر نییە.

**دەستوور:** ئەو وەزارەتانە چۆن لە نێوان ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا دابەشدەکرێت، تەنها بۆ یەکێتی و پارتی دەبن یان یەکگرتوو کۆمەڵیش تێیدا وەزارەت وەردەگرن؟

**عارف تەیفور:** نەخێر ئەو پۆستانە دابەشدەکرێن لە نێوان پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی. هەر لایەنە بە گوێرەی ئیستحقاقی ئینتیخابی خۆی لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدرێت قەرەبووی ئەوانەی کە بکرێتەوە کە خاڵیان کەمە بۆ ئەوەی بتوانن پشکێکیان هەبێت.

**دەستوور:** بۆ نمونە، قسەی ئەوە دەکرێت کە پۆستەکانی سەرۆکایەتی زۆرێک لە خاڵەکان دەبات، پۆستی سەرۆک کۆمار زۆرێک لە خاڵەکانی هاوپەیمانی کوردستانی بردووە، لەوانەیە یەکگرتوو کۆمەڵ داوای وەزارەتی زیاتر بکەن و مەرجی زیاتریان هەبێت، ئێوە دەڵێن چی؟

**عارف تەیفور:** لە راستیدا هەوڵ دەدرێت کە خاڵ بۆ پۆستەکانی سەرۆکایەتی حساب نەکرێت، هەرچەندە ئەوەش دەست نیشانکراوە کە سەرۆک وەزیران بە ٨ خاڵ حسابکرێت و سەرۆک کۆمار بە ٦ خاڵ و سەرۆکی پەرلەمانیش بە ٥ خاڵ بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەم پۆستانە داخلی خاڵەکان نەبن، هیچ حساب بۆ ئەو خاڵانە نەکرێت، بەڵام ئەگەر حسابکرا ئەوا دەبێت ژمارەی خاڵەکان لەبەر چاو بگیرێت و هەر لایەنە بەگوێرەی ئیستحقاقی خۆی چییان بەردەکەوێت دەیاندرێتێ.

**دەستوور:** ئەگەر فراکسیۆنە کوردستانییەکان ٦ وەزارەت بەدەست بهێنن ئەو کاتە چۆن دابەشی دەکەن؟

**عارف تەیفور:** بەدڵنیاییەوە دەبێت کورسی پەرلەمانی حسابی بۆ بکرێت هەرچەندە لایەنێک زیاتری هەیە و لایەنێک کەمتری هەیە، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە بۆ یەکتر تەنازول بکەین کێشە بۆیەکتر دروست نەکەین، چونکە ئەوەی جێگەی خۆشبەختییە و هەموومان



عارف تەیفور

هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە یەک هەڵوێستمان هەبێت لەبەرئەوە نابێت لەسەر بوونی پۆستێکی زیاد یان کەم وابکەین کە لەیەک دووربکەوینەوە.

**دەستوور:** واتا لێرەدا رێکەوتنی ستراتیجی نێوان یەکێتیو پارتی رۆڵی نابێت، بەڵکو ئیستحقاقی پەرلەمانی هەر حیزبێک بەجیا دەور دەبینێت؟

**عارف تەیفور:** تەقریبەن وایە، بەڵام زۆر پێداگیری ناکەین بۆئەوەی خیلاف و مەشاکیل دروست نەبێت.

**دەستوور:** یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک وەزیران کورد دەبێت، کێ دەستنیشانکراوە بۆ ئەو پۆستە؟

**عارف تەیفور:** بەڵێ یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک وەزیـران کورد دەبێت، دکتۆر فوئاد مەعسوم پێشتر ئاماژەی بەوە کردووە کە دکتۆر رۆژ جێگری سەرۆکی وەزیرانە.

**دەستوور:** لەئەگەری پێدانی پۆستی وەزارەتی نەوت بە کورد، کێ دەستنیشانکراوە بۆ ئەو پۆستە؟

**عارف تەیفور:** بۆ هیچ وەزارەتێک لە لایەن هاوپەیمانێتی کوردستانییەوە کەس دیاری نەکراوە، راستە ناوی دکتۆر رۆژو ناوی هۆشیار زێباری دێت، بەڵام ئەمانە بۆچوونی خەڵکین و دەڵێین شیاو و لێهاتوون بۆ ئەو جێگایانە، تەنانەت لە کۆبونەوەکەی دوێنێشدا هیچ کەسێک بۆ هیچ پۆستێک دەستنیشان نەکراوە.

**دەستوور:** کشانەوەی گۆڕان لەناو ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا کاریگەری لەسەر داواکارییەکانی کورد نەکردووە؟

**عارف تەیفور:** بەهیچ جۆرێک کاریگەری لەسەر ئێمە دروست نەکردووە، لە هەندێک بابەتیشدا هەڵوێستی دژ وەردەگرن، بەڵام ئێمە وەک هاوپەیمانی کوردستانی پێمان خۆشبوو کە لیستی گۆڕانیش هەر لەگەڵماندا بمایەتەوە کە بەدڵنیاییەوە وەزعمان بەقوەتتر و بەهێزتر دەبوو، هەرچەندە ئەوە حوریەتی خۆیان بوو، بەڵام هیوادارین لە مەسەلە قەومییەکاندا هەر وەکو چۆن چەندساڵی رابردوو یەکگرتوو هەڵوێستەکانی لە سەدا سەد وەک ئێمە بووە ئەوانیش هەمان هەڵوێستیان هەبێت.

**دەستوور:** ئایا گۆڕان دەتوانێت وەزارەت وەربگرێت؟

**عارف تەیفور:** بە گوێرەی ئەو خاڵانەی کە هەیە، گۆڕان دەتوانێت وەزارەتێک وەربگرێت، بەڵام هەتا ئێستا باوەڕ ناکەم ئەوەندە چوبێتنە پێشەوە لەگەڵ لایەنەکان تا وەزارەتیان بۆ دەستنیشان بکەن، هەرچەندە من زۆر ئاگام لە هەڵسوکەوتیان نییە، بەڵام ئەوەی لە قسەی لایەنە سیاسییەکانی تر دەردەکەوێت تا ئێستا گۆڕان زۆر وەزعیان بەرەو پێش نەچووە.

**دەستوور:** بابەتێکی تر مەسەلەی ١٩ داواکەی کوردە، کە بەهۆی پۆستەکانەوە خەریکە لەبیردەکرێت، بۆچی تائێستا ئەو داواکارییانە کە کورد هەیەتی ئیمزای لەسەر نەکراوە؟

**عارف تەیفور:** لەبەرئەوەی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم بە کتوپڕ هاتە پێشەوە، ئێستا لەم چەند رۆژەدا داواکارییەکان ئیمزایان لەسەر دەکرێت ئەو لایەنانەی کە دانوستانیان لەگەڵ کراوە و رێکەوتوون ئامادەن ئەو داواکارییانە ئیمزا بکەن، مالیکی دەڵێت هەرکاتێک ئەو داواکارییانە بهێنن من ئیمزای دەکەم، لایەنی عێراقیەش پابەندن بەو بەڵێنانەی کە داویانە و ئیمزای لەسەر دەکەن.

# ئەدای هۆشیار زێباری هەڵدەسەنگێنرێت

## رەخنەگران دەڵێن زێباری نەیتوانی تێڕوانینی پیلانگێڕی وڵاتانی دراوسێ بەرامبەر بە کوردستان بگۆڕێت

**کارۆخ نامیق**



پەرلەمانتاران و چاودێرانی سیاسی و هاوڵاتیان رای جیاوازیان هەیە لەسەر رۆڵی هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق و کاریگەری پۆست و کەسایەتی ئەو لەسەر هەرێمی کوردستان.
یەکێک لە لایەنە باشەکانی بوونی کورد لەو پۆستە ئەوەیە کە دەتوانێت رێگر بێت لە بەشداریکردنی عێراق لە هەر پیلان و موئامەرەیەکدا دژ بە کورد.
رەوف عوسمان، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێت زۆرجار وڵاتانی دراوسێ ئەگەر بیانویستایە پیلانێک بگێڕن بەئاسانی دەیانکرد، بەڵام ئێستا ناتوانن هەندێک پیلان و فروفێڵ لە دژی کورد ئەنجام بدەن، بەهۆی ئەوەی وەزیری دەرەوەی عێراق کوردە.
وتی "وەزارەتی دەرەوە پۆستێکی گرنگە چاودێرە بەسەر داگیرکەرانی کورستانەوە، بۆئەوەی لەلاوە هیچ جۆرە پیلانێک بەرامبەر کورد نەگێڕن".
لەگەڵ ئەوەشدا رەخنەگرانی سیاسەتی یەکێتی و پارتی دەڵێن نوێنەرانی کورد و لە پێشیانەوە هوشیار زێباری نەیانتوانیووە تێڕوانینی نێگەتیڤی عەرەب و تورک و فارس بەرامبەر بە کورد بگۆڕن، نەشیتوانیووە کە پێگەی کورد لەو وەزارەتەدا بەهێز بکات.
کامەران مەنتک، مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، ئاماژە بەوە دەدات لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتانەی لە چواردەوری عێراقن هەمیشە لە پلاندانان دان بۆ ئەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان تێک بدەن، بۆیە پۆستی وەزارەتی دەرەوە بایەخێکی زۆری هەیە بۆ کورد.
کامەران مەنتک وتی "لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا، سەرباری گرنگی ئەو پۆستە، بە داخەوە کورد نەیتوانی سوودی لێ وەربگرێت لەبەر ئەوەی ئەو ستافەی لەناو وەزارەتی دەرەوەدابوون لە واقعدا نەیانتوانی شتێکی وا بۆ کورد بکەن نەیانتوانی تەنانەت ئەو بەندانەی کە لە دەستوریش هاتوونە بۆ ئەوەی بەشی کورد لە باڵوێزخانەکانی عێراق لە دەرەوە بەدەست بهێنن، بۆیە دەبینین بەشی زۆری ئەو کەسانەی لەو باڵوێزخانانەی کاردەکەن، هەر ستافە کۆنەکەی رژێمی بەعسن تەنیا چەند گۆرانکارییەکی تەکنیکی کراوە".
وڵاتانی دراوسێی عێراق هەمیشە کۆکن لەسەر هاوکاری یەکتر لە دژی دۆزی کورد، دەوترێت بوونی کوردێک بە وەزیری دەرەوەی عێراق نەیتوانی ئەو دۆخە بگۆڕێت.
هەروەها وتی "ئەو رێککەوتنامانەی کەپێشتر هەبوو لە نێوان هێزە هەرێمییەکان وەک لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیا بە تایبەتی ئەو بەندانەی کە رێگە دەدەن بە ڕاوەدوونانی چەکداران لە سنوورەکان تائێستاش کاریان پێ دەکرێت".
ئاسۆ حەمەشین، خوێندکاری قۆناغی چوارەمی بەشی یاسا لە زانکۆی سلێمانی، دەڵێت ئەو لێدوانانەی وەزیری دەرەوەی عێراق لەبارەی پارچەکانی ترەوە داویەتی، ئەگەر کەسێکی عەرەب وەزیری دەرەوە بوایە، هەر ئەو لێدوانانەی دەدا، وتی "هەڵوێستیشی بەرامبەر پەکەکە کوردانە نەبووە تیرۆریست ناوی بردون".
ئاسۆ حەمەشین دەڵێت، دەبوو لە کاتی تۆپبارانی سنورەکانی هەرێمی کوردستان، باڵیۆزانی تورکیا و ئێرانی لە بەغدا بانگ بکردایە، نارەزایەتی پێڕابگەیاندنایە، وتی "هەروەها دەیتوانی بایکۆتی ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتیانە بکات تا ئەو کاتەی ئەو وڵاتانە تۆپبارانکردنی سنوورەکان رادەگرن".
لوقمان محەمەد، ٢٣ سال، هاووڵاتی، وتی " وەزیری دەرەوە هەوڵی داوە دیبلۆماسیەتی عەرەبی ببوژێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش توانویەتی ئەگەر موئامەرەیەکی ناوچەی هەبوو بێت دژی هەرێمی کوردستان تا رادەیەک پوچەڵی بکاتەوە".
لوقمان پێیوایە هۆشیار زێباری زیاتر خەریکی کاری حیزبی بووە لەبری کاری نیشتمانی، وتی "بەشی زۆری ئەو کەسانەی لە باڵوێزخانەکانی عێراق لە دەرەوە کاردەکەن سەر بە پارتین".
سەرەڕای ئەو کەمووکوڕیانەش، دەوترێت تا ئەندازەیەک زێباری توانیویەتی نموونەیەکی باشی کورد پیشانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بدات.
هیوا میرزا سابیر، چاودێری سیاسی، لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور پێیواییە کاتێک باسی عێراقی فیدراڵ دەکرێت نابێت ئەوە بەسەر ئەو وەزیرە بسەپێنرێت کە پێویستە هەمیشە لە خزمەتی دۆزە کوردستانییەکان بن، چونکە وەزیرە لەسەر ئاستی عێراق ئەرکی عێراقی بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەرشان، وتی "پێویستە ئەو وەزیرە بە هاوکێشەکی هاوسەنگ مامەڵە بکات و حیساب بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق بکات بەشێوەیەکی یەکسان".
بەکر حەمەسدیق، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وتی "عێراق لە رووخساردا دەوڵەتێکی عەرببیە، پەیوەندی بەجیهانی عەربی و ئیسلامیەوە هەیە، وەزیری دەرەوە سومعەیەکی باشی داوە بەدەست وڵاتانی عەرببیەوە ئەگەر کورد وەزارەتی دەرەوەشی بەدەستەوە بێت خەریکی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی خۆی نابێت".

# قۆخ و سێوی پشدەر قڕی تێکەوت

## هەموو بەرهەمێکی کشتوکاڵی لەپشدەر کەمبووەتەوە

**فەرمان چۆمانی**

سەرپەرشتیارانی کەرتی کشتوکاڵی لەدەڤەری پشدەر رایدەگەیەنن کەبەرهەمی کشتوکاڵی لەدەڤەرەکەیان لەچەند ساڵی رابردوودا زۆر دابەزیووەو کەمی کردووە، هۆکارەکەشی بۆ گۆڕانکاری لە کەرتی کشتوکاڵی دەگێڕنەوە.

عەبدولڕەزاق محەمەد حاجی جێگری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پشدەر لە لێدوانێکیدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوە دەکات کە بەهۆی کاریگەری خۆڵبارین و رەشەبا، لەچاو ساڵانی رابردوودا بەرهەمی کشتوکاڵ لە دەڤەرەکەیان بەشێوەیەکی گشتی کەمیکردووە. وتی«بەمەبەستی سەرژمێریکردنی بەرهەمەکانیان سەردانی گوندەکانی پشدەرمان کردووە و بۆمان دەرکەوت وەک ساڵانی پێشوو نەبووە».

لەو بەرهەمانەی ئەمساڵ بەشێوەیەکی گشتی دابەزیوە، عەبدولڕەزاق وتی «ساڵان بەرهەمی ترێ زۆر زۆر بوو، بەهۆی سوتانی رەز و باخەکان بەرهەمەکە زۆر دابەزیوە، هەرچەندە باران زۆر باری، بەڵام پەڵە لەکاتی خۆی نەبوو، بۆیە بەرهەمی گەنمیش کەمبوو».

لە ساڵی ٢٠٠٨ بەرهەمی ٧٥ گوندی سنوری بەڕێوەبەرایەتییەکەیان کە لە عەلوەی قەڵادزێ ساغبووەتەوە و فرۆشراوە، نزیکەی بڕی ٢ ملیۆن و ٦٦٣٣٩٦ کیلۆ میوە بووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٩ بە ١٠١ گوند، بڕی ٢ ملیۆن و ٥٨٦٤٧٠ کیلۆ بووە بە هەموو جۆرکانی میوەوە. بەوەش بەروبوومی کشتوکاڵی پشدەر لەساڵی ٢٠٠٩ کەمتر بووە لەساڵی ٢٠٠٨.

بۆ پشتراستکردنەوەی وتەکانیان بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەڵادزێ ئاماژەیان بەوە دا کە لەساڵی ٢٠٠٨ تەنها بەرهەمی قۆخی ٧٥ گوندی سنوورەکە ٧٢٩١٤ کیلۆ بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ بە ١٠١ گوند، ٥٠٦١٤ کیلۆ قۆخ بەرهەمهێنراوە. بەوەش تەنها لە ماوەی یەک ساڵدا ٢٢ هەزارو ٣٠٠ کیلۆ لەو مێوەیە کەم بووەتەوە. جگە لەوەی لە ساڵی ٢٠١٠دا زیاتر کەمبووەتەوە.

هەروەها لە ٢٠٠٨ نزیکەی ١١٣٦٤ کیلۆ سێو بەرهەم هێنراوە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٩ بە ١٠١ گوند بڕی ٤٩٩٩ کیلۆ سێو بەرهەمهێنراوە. بەوەش نزیکەی ٦٠٠٠ هەزار کیلۆ لە ساڵێکدا کەمیکردووە.

سەرپەرشتیارانی کشتوکاڵی ناوچەی پشدەر دەڵێن ئاماری ووردی ساڵی ٢٠١٠یان لە بەردەستدا نییە، بەڵام بەرهەمی ساڵی ٢٠١٠ زۆر کەمتر بووەتەوە.

جێگری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پشدەر وتی «بۆ ئەمساڵ بەرهەمی ترێ و هەناریش خراپ بووە، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ کەمئاوی و رەشەبا و سوتان، کە بەشێک لە دارەکانی وشککردوون».

ئاماژەی بەوەش دا کە خەڵک وەک جاران گرنگیان بە بەروبوومی کشتوکاڵی نەداوە.

لە ئەمساڵدا لە دەڤەری پشدەر بەرهەمی ژێر خانووە پلاستیکییەکان باش بوون. کەزیاتر لەپەنجا خانووی پلاستکی هەیە و فەرمانبەری تایبەتیان بۆ دابینکردووە.

ساڵی ٢٠١٠ بە ٢٧ جوتیاری خاوەن خانووی پلاستیکی، بڕی ٣٠٠ تەن تەماتە و خەیار بەرهەم هەبووە، سەرجەمی میوەکانیتریش لەچاو ساڵانی رابردوو بەرهەمەکەیان زۆر کەمبووە و نەتوانراوە ئامارێکی تەواو دەستبخرێت.

عەبدولڕەزاق وتی «بەپێی توانا هاوکاری جوتیاران دەکەین و سەما و دەرمانی قڕکەرمان پێداون و کەلوپەلمان داونەتێ».

نەبی ئەحمەد هاوڵاتییەکی بناری قەندیلە، خاوەنی زیاتر لە ٣٥ دار گوێزە، دەڵێت ئەمساڵ بەرهەمی گوێزەکان زۆر کەمبوو، بەبڕوای ئەو هۆکارەکەی ئەوەیە لە سەرەتای هاوین رەشەبا هاتووە و وەراندوویەتی.



بەرهەمی سێوی پشدەر لەساڵێکدا شەش هەزار کیلۆ کەمیکردووە

هەروەها وتی«لەبەر تۆپباران نەمانتوانی لە کاتی خۆیدا خزمەتی دارەکان بکەین و چەند دارێکیشمان فەوتان بەو هۆیەوە».

ئەو هاووڵاتییە وتی «ساڵان گوێزەکانم زۆر باشبوونو لەگەڵ براکانم کەچوار ماڵ بووین لەخۆمان زیادبوون، بەڵام ئەمساڵ بەشی خۆشمانی نەکردن».

محەمەد عەلی لێپرسراوی دارستانی پشدەر، دەڵێت هەرچەندە بەرهەمی بنێشت و مازوو، خەڵک خۆی دەیکات و نایەنەوە بۆ لای ئەوان، بەڵام ئاماژەی بەوەدا کە زانیارییان لایە بەرهەمی مازووش لەچاو ساڵان کەمیکردووە، وتی «دەکرێت بڵێین بەرهەمی بنێشت باشترە لە ساڵی رابردوو، چونکە ئەمساڵ تائێستا بارانی بە سەردا نەباریوە و لێیان خراپ نەبووە».

**بەرهەمی دانەوێڵەش کەمی کردووە**

بەپێی ئامارەکانی بەرهەمی دانەوێڵەش ئەمساڵ بەشێوەیەکی زۆر لە دەڤەری پشدەر کەمی کردووە. بەجۆرێک لە ساڵی ٢٠٠٩ زیاتر لە (٨٤٥٠ تەن گەنم و ٢٠٠٠ تەن جۆ) هەبووە، بەڵام ئەمساڵ کەمتر لە (٧٠٠٠ تەن گەنمو ١٥٠٠ تەن جۆ) هەبووە.

ساڵانە ٣٦ هەزار و ٤٠٠ دۆنم زەوی لە سنووری پشدەر بۆ گەنم و جۆ و نیسک و نۆک تەرخان دەکرێت، بەڵام بەرهەمی چەند ساڵی رابردووی بەپێی پێویست نییە.

# «کەمبوونەوەی بەرهەمی هەنگوین لە کوردستان (٨٠٪)یە»

**فەرمان چۆمانی**

بەرهەمی هەنگی ناوچەی پشدەر لە ئەمساڵدا بەبەراورد بەساڵانی پێشوو بەپێی وتەی شارەزایانی هەنگ لە ناوچەکە ٨٠٪ کەمیکردووە، هۆکارەکەشی بۆ گۆڕانی کەشوهەوا لە مانگی پێنجی ساڵی رابردوو دەگێڕنەوە.

عەلی حەمە، رەسول لێپرسراوی بەشی هەنگ لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پشدەر، دەڵێت بە گشتی لە کوردستان و لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرهەمی هەنگوین لەچاو ساڵانیتر لە ٨٠٪ی کەمیکردووە. وتی«ئێمە رۆژانە کە هەنگەوانان دێن سەردانمان دەکەن، دەپرسین لێیان، هەیە ئەمساڵ بەرهەمی هەر نەبووە و کە هەشیان بووبێت کەمبووە«.

بەپێی ئەو دیراساتەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کردوویەتی، کەمبوونەوەی هەنگوین پەیوەندی بەکەشوهەواوە هەیە، چونکە هەنگ بەرهەمەکەی لەسەر شیلەی گوڵان کۆدەکاتەوە و وتی «ئەمساڵیش کەشوهەوا گونجاو نەبوو، لە سەرەتای مانگی چوار جەو زۆر خۆشبوو، پلەی گەرما بەرزبۆوە و لەو کاتەشدا گوڵ شیلەی رشت، کە ماوەی رشتنی شیلە لەلایەن گوڵەوە دیاریکراوە، سەرەتا هەنگ کاری خۆیکرد و هەنگوینی کۆکردەوە، بەڵام لەمانگی پێنج هەنگ کورە دەدات، لەو کاتەشدا کەشوهەوا گۆڕا و بارانێکی زۆر باری، ئەو ئاڵوگۆڕەی لە کەشوهەواش روویدا، وایکرد گوڵ شیلەی نەمێنێ».

هەروەها روونیکردەوە کاتێک میر (مەلیکە) هەنگوین دەبینێ هێلکە دەردەکات و لە مانگی چواردا هێلکەیەکی زۆری رشتو شانەکان قەرەباڵغ بوون، ئەو بەرهەمەی کۆیان کردبۆوە خواردیانەوە و شیلەیتریان پێ کۆنەبۆوە، تا لە مانگی حەوت هەندێ شیلەیان دەستکەوت کەبەشی خاوەنەکەشی نەدەکرد.

ئەو پێیوایە تا کە هۆکار کێشەی ئاووهەوا بووە، ئەگەرنا سووتانی دارستانەکان کاریگەری نەبووە لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەمی هەنگوین.



١١ هەزار هەنگ لە سنوری پشدەر هەیە



لێپرسراوی بەشی هەنگ لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پشدەر وتی نزیکەی ١١ هەزار هەنگ لە سنووری پشدەر هەیە و ساڵانە لانیکەم یەکەی شەش کیلۆ هەنگوینی هەبووە. وتی «بەڵام ئەمساڵ ئەوەی شەکری نەداوەتێ ئەو بەرهەمەی نەبووە».

محەمەد مەلا نەبی کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە کاری هەنگەوانی دەکات، دەڵێت ئەمساڵ هەنگوین زۆر کەمیکردووە، لەچاو ساڵانی رابردوو، وتی «بۆ نمونە پار کە هەنگەوانێک پێنج تەنی هەبووبێت ئەمساڵ تەنێکی نەبووە».

ئەو هەنگەوانە وتی «لە دۆڵی باڵەیانی بناری قەندیل، زیاتر لە ١٠٠ هەنگەوان هەیە و ئەوانەی بەرهەمیان هەبووە لە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، خۆم کە ٧٥٠ هەنگم هەیە ئەمساڵ نزیکەی ١٠ تەن هەنگوینم هەبووە، لەبەرئەوەی شەکرم پێداون، کەشەکرم پێنەدابونایە بەرهەمەکەم بەشی مێشەکانی نەدەکرد».

هەر مێشێکی ئەو ١١ کیلۆ هەنگی بەرهەم هێناوە، وتی«هی خەڵکی دوو تا سێ کیلۆ هاتووەتەوە».

# رێنماییەکانی بانکی ناوەندی عێراقی نرخی دۆلاری بەرزکردەوە

**رێبوار جەلال و محەمەد نەجیب**

بەڕێوەبەری بانکی هەرێم رایدەگەیەنێت، بەرزبوونەوەی نرخی دۆلاری ئەمریکی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا پەیوەندی بەچەند رێنماییەکی نوێی بانکی ناوەندی عێراقییەوە هەیە. پێشبینیش دەکرێت نرخی دۆلار زیاتر لەوە بەرزنەبێتەوە.

ئەدهەم کەریم - بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی هەرێم - لە لێدوانێکیدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا کە رێنماییەکانی بانکی ناوەندی هەرێم، نرخی دۆلاری بەرزکردووەتەوە و وتی «بانکی ناوەندی عێراق دۆلار دەفرۆشێتە ئەو بانکانەی کە داخلی موزایەدە دەبن، ئێستاش بەهۆی ئەوەی تەحویلات هەبووە و حەواڵە زۆربووە ئەو حەواڵانە دەبێت بە دۆلار بڕوات و بەرامبەر ئەو حەواڵانە دینار دەهاتە بانکەکان و دۆلاریان لەبانکی ناوەندی دەکڕی».

بەپێی نوێترین رێنمایی بانکی ناوەندی عێراق، ئەو بانکانەی کە دۆلار لە بانکی ناوەندی عێراقی دەکڕن، چەند مەرج و رێنماییەکی نوێی بۆ دانراوە، لەوانە لێکۆڵینەوەکردن لەو بانکانە و هێنانی کۆپی زەریبە و هۆکاری وەرگرتن و کڕینی دۆلار، هەروەها پێشکەشکردنی چەند رێنماییەکی تر.

ئەدهەم کەریم - بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی هەرێم وتی «ئەو ر ێنما ییا نە کارەکەیان قورستر کردووە، ئەوەش بووەتەهۆی ئەوەی رێژەی کڕینی دۆلار لە بانکی ناوەندی عێراق کەمبێتەوە و لە بازاڕیش بەش ناکات و کەمبووەتەوە، بەو هۆیەوە نرخەکەی بەرزبووەتەوە».

شەماڵ ئەحمەد لە نوسینگەی لەنیا، بۆ گۆڕینەوەی دۆلار لە بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی بەدەستووری وت «هۆکاری بورزبوونەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بانکی مەرکەزی عێراق، کەحەواڵەی دۆلاری بۆ چوار نمرە، کەدەکاتە ٤٠٠ دینار بەرزکردووەتەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلارەوە بانکی مەرکەزی دۆلاری بەرزکردەوەتەوە بە حەواڵە، واتە دۆلار بە حەواڵە دەیفرۆشێت نەک بە نەقد ئەوەش هۆکارەکەیەتی».

شەماڵ ئاماژەی بەوەشدا کە ئێستا لە بازاڕەکاندا بەو هۆیەوە حەواڵە کەمدەفروشرێت بۆ دەرەوەی وڵات، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە دۆلار بەرزدەفرۆشرێت.

١٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە دوو رۆژی رابردوودا ١٢٥٠ دیناری عێراقی چووەسەر و کاریگەری لەسەر بازاڕ دروستکردووە.

نرخی ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا لە ١١٨٥٠٠ دینارەوە بۆ ١١٩٧٥٠ دینار بەرزبووەوە. هەروەها حەواڵەش بۆ ٦٠٠ دینار لە هەندێک شوێندا بەرزبووەوە، بەڵام رۆژێک دواتر دابەزیوەتەوە بۆ ٤٠٠ دیناری عێراقی.

محەمەد عومەر خاوەن نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی دۆلار لە هەولێر وتی «دابەشکردنی موچەی فەرمانبەران پێش وادەی خۆی لەبەر جەژن هۆکارێکی تری زیادبوونی نرخی دۆلارە».



بەپێی ریفراندۆم کورد بەشێک لە ناوچە دابڕاوەکان لە دەستدەدات 8

# ژینگەی شار ... ئۆتۆمۆبێل تێکیداوە

## لە ١١ مانگدا تەنها لە هەولێر ٦٥٠٠٠ ئۆتۆمۆبێل ژمارەیان بۆ بەستراوە

**عەلی بانیشاری لە هەولێر**

تەنها لە ماوەی ٧ساڵدا ٤٠٠٠٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل هاتووەتە ناو شاری هەولێرەوە لە ١١ مانگی ساڵی ٢٠١٠ەشدا ٦٥ هەزار ئۆتۆمبێل ژمارەی هەولێریان بۆ بەستراوە. شارەزایانی بواری ژینگەش دەڵێن ژینگە لە تەقینەوەدایە.

بەپێی ئەو ئامارەی لەبەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم دەست دەستوور کەوتووە، تا ساڵی ٢٠٠٣ لەناو شاری هەولێر تەنها ٣٤هەزار ئۆتۆمبێل هەبووە، بەڵام لەپاش ساڵی ٢٠٠٣ و تائێستا ٤٠٠٠٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل هاتوونەتە ناو شارەکەوە و ئێستا هەولێر خاوەنی ٤٣٤٠٠٠ هەزار ئۆتۆمبێلە.

شارەزایانی بواری ژینگە بڕوایان وایە، بە هۆی هاتنی بەلێشاوی ئۆتۆمبێل بۆ هەولێر و گوێنەدان بەپیلانێکی تایبەت بۆ پاراستی ژینگەی شارەکە ترسی تەقینەوەی ژینگە لە هەولێر لە ئارادایە، بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم و پارێزگاری هەولێریش نیگەرانن لە هاتنی بەلێشاوی ئۆتۆمبێل لە سنوورەکانەوە بۆ هەولێر و نەبوونی بەرنامەیەکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە.

عەقید قادر سدیق بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و هۆشیاری لە بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەرێم نەبوونی بەرنامەیەک بۆ ڕێگری لە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل لە سنوورەکانی ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ هەولێر بەگرفتێکی گەورە دەزانێت. وتی "تا ئەم کاتە هیچ ڕێگەچارەیەک بۆ گرفتی هاتنی بەلێشاوی ئۆتۆمبێل لە سنوورەکانەوە بۆ کوردستان نەدۆزراوەتەوە".

هەروەها وتی "بەهاتنی بەلێشاوی ئۆتۆمبێل ترسێکی گەورە لەسەر ژینگەی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی چاوەڕوانمان دەکات".

جەنان جەمال، شارەزا لە بواری ژینگە و مامۆستا لە بەشی ژینگەی زانکۆی سەلاحەددین، باس لەوەدەکات زۆرێک لە هاوڵاتیانی کوردستان کە ئێستا نەخۆشی تەنگە نەفەسیان هەیە بەهۆی پیسبوونی ژینگە شارەکانی کوردستانەوەیە. وتی "دەبێت یەک لە بەرنامەکانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١١ دۆزینەوی چارەسەری ژینگەیی بێت بۆ کوردستان".

هەر بەپێی ئەو ئامارانەی دەست دەستوور کەوتووە لە ساڵی ٢٠٠٩دا نزیکەی ٩٠٠٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل هاتوونەتە ناو شاری هەولێرەوە و لە ساڵی ٢٠١٠ و تا ئێستا زیاتر لە ٦٥٠٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل ژمارەی هەولێریان بۆ بەستراوە.



داوادەکرێت سنوورێک بۆ هێنانی ئۆتۆمۆبێل دیاریی بکرێت

نازم بەیعەت، بەڕێوەبەری نوسینگەی کۆمپانیای نیسان لە هەولێر، بۆچوونی وایە کە هەولێر باشترین جێگایە بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبێل، ئەو دەڵێت "بەهۆی ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٨ تەوە ئۆتۆمبێل بە قیست دەدرێت بەهاوڵاتیان فرۆشی زۆر زیادی کردووە و سنوورەکانی کوردستانیش باشترین سنوورن بۆ هێنانی ئۆتۆمبێل".

نازم بە دەستووری وت "حکومەت هیچ ڕێگرییەکی لە ئەوان نەکردووە لەهێنانی ئۆتۆمبێلدا و هیچ کاتێکیش لە کوردستان لێپرسینەوە لە کوالێتی ئۆتۆمبێلەکان نەکراوە، ئەمەش وایکردووە زۆرێک لەئۆتۆمبێلەکان پاش ماوەیەکی کەم ژینگە پیس بکەن".

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە دەستووری وت "ژینگەی هەولێر لە زۆربەی شارەکانی تری کوردستان و عێراقیش خاوێنترە و ئەگەر تا ڕادەیەکیش پیس بووبێت، ئەوە بێگومان کاریگەری ئۆتۆمبێل و کارگەکانی هەولێری لەسەر بووە، بەتایبەت لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە کەنزیکەی ٤٠٠٠٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل هاتووەتە شارەکەوە".

نەوزاد هادی داوایکرد سنوورێک بۆ هێنانی بەلێشاوی ئۆتۆمبێل دابنرێت و وەزارەتی ژینگەش بیرێک لەچارەسەرکردنی گرفتی پیسبوونی ژینگە بکاتەوە.

# بە تۆمەتی کەمتەرخەمی خانووەکان

## سکاڵا لەسەر کۆمپانیایەکی بواری وەبەرهێنانی خانووبەرە تۆمار دەکرێت



هاوڵاتییان داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن

**ئاوارە محەمەد**

ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووانی پڕۆژەی هێلان ستی لە شاری کەلار بەهۆی نەبوونی مەرجە ئەندازەییەکان لە خانووەکانیاندا و تەواونەبوونی خانووەکانیان لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا، سکاڵا لەسەر کۆمپانیایی ڕووناکی تۆماردەکەن.

کۆمپانیای ڕووناکی بۆ زەوی و دروستکردنی خانووبەرە، کە کۆمپانیایەکی وەبەرهێنە و لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی پێدراوە، لەلایەن هاوڵاتیانی قەزای کەلارەوە سکاڵای لەسەر تۆمار دەکرێت، بەوەی نەیتوانی خانووەکانی لە پڕۆژەی هێلان سیتی لەو قەزایە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا تەواو بکات، جگەلەوەی بەوتەی خۆیان خانووەکان مەرجی ئەندازەیی تێدا نییە.

سدیق سەعید ئەحمەد سەرپەرشتیاری پڕۆژەکانی ئیدارەی گەرمیان بۆ دەستور ئەو هەواڵەیی پشتڕاست کردەوە و وتی ژمارەیەک هاوڵاتی هاتوون بۆ لامان و سکاڵایان لەسەر کۆمپانیای ڕووناکی شار تۆمارکردووە.

عەلی محەمەد هاوڵاتێکی شاری کەلارە و بەشداربووی پڕۆژەی هیلان ستی سەر بەکۆمپانیای ڕووناکی شاری کردووە، بەدەستووری وت "دەبێت کۆمپانیای ڕووناکی ٧٥٠ هەزار دینارمان بداتێ وەک قەرەبوویەک بۆ ئەو سێ مانگەی پێشوو کە بڕیاربوو بە خانووەکان تەواوبن".

بەپێی وتەی بەشداربووانی پڕۆژەی هێلان سیتی، بەپێی ئەو گرێبەستەی لەنێوان ئەو کۆمپانیایە و هاوڵاتیاندا تۆمار کراوە، دەبێت لە ماوەی یەک ساڵدا کۆمپانیا خانووەکان ڕادەستی هاوڵاتیان بکاتەوە کەدەکاتە ٨/١٠ی ئەمساڵ، بەڵام تائێستا کە زیاتر لە سێ مانگ بەسەر ئەو وادەیە تێپەڕدەبێت خانووەکان تەواو نەبوون.

عەلی وتی "جگەلەوەی لەکاتی خۆیدا تەواو نەکراوە، نەشیانتوانی خانووەکان بەبێ کێشەو کەم وکوڕی بێت، چونکە سەقفی خانووەکەم تکە دەکات و دیوار و کارەبایی خانووەکەشم خراپە و مەرجە هەندەسییەکانی تێدانیە، بۆیە ئیستا سکاڵامان لەلای ئیدارەی گەرمیان تۆمار کردووە، تا ئەو کێشەو کەموکوڕییانەی تیدابێت وەرینەگرم".

داواشیکرد وەک چۆن لە گرێبەستەکەدا هاتووە ئەو بڕە پارەشی بۆ بگەڕێنرێتەوە، کە بەسەر وادەی تەواوبوونی خانووەکەدا تێپەڕیوە.

سدیق سەعید - سەرپەرشتیاری لیژنەی پڕۆژەکانی ئیدارەی گەرمیان ئاماژەی بەوەدا کەسەرجەمی ئەو سکاڵایانەی هاوڵاتیان کۆدەکەنەوە و لەگەڵ نووسراوی خۆیاندا ئاراستەی وەبەرهێنانی دەکەن. وتی "چونکە ئەو پڕۆژەیە سەر بەوەبەرهێنانە".

جەختیشی لەوە کردەوە کەچارەسەری گرفتی ئەو هاوڵاتیانە دەکرێت.

سەرپەرشتیاری لیژنەی پڕۆژەکانی ئیدارەی گەرمیان وتی "دیارە ئەو پڕۆژەیەش کەم وکوڕی تێدایە بۆیە هاوڵاتیان سکاڵایان بۆ لای ئێمە هێناوەو ئێمەش سکاڵاکەیان دەگەیەنینە جێگایی مەبەست بۆیان".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور کۆمپانیای ڕووناکی ٩٢٠ خانوو لە گەڕەکی بەردەسوور لە شاری کەلار بەناوی پڕۆژەی هێلان سیتی‌یەوە دروستدەکات، پێشتریش گلەیی ئەوە لەو کۆمپانیایە کرا کە لە بڕی ئەو ٢٠ خانووە دەبوایە بکرایەتە سەوزایی‌و پارکو باخچە نەک خانوو.

بەپێی ئەو گرێبەستەش بێت دەبێت ئەو کۆمپانیایە ٦٩٠ ملیۆن دینار بداتە هاوڵاتیان، وەک قەرەبووکردنەوەیەک لە دواکەوتنی سێ مانگی پڕۆژەکەدا.

مامۆستا ئیسماعیل ئیبراهیم بەشداربوویەکی تری پڕۆژەی هێلان ستی کەئەویش سکاڵای لەسەر کۆمپانیایی ڕووناکی شار تۆمارکردووە، وتی "سکاڵاکەمان بەهۆی ئەوەوەیە کەچەند مانگێک بەسەر گرێبستەکەدا تێپەڕیوە، جگەلەوەش خانووەکە دەیان کێشەیی هەیە لە ڕووی کارەبایی و ئاو و ئاوەڕۆوە".

هەروەها وتی "زۆر لەسەقفی خانووەکانیش تکە دەکات، تا وەکو سەرجەمی ئەو کێشانەمان بۆ چارەسەرنەکەن ئەو خانووە وەرناگرم".

ئیسماعیل ئەوەشی وت کە بەنیازن ڕێگای تری یاسایی لە ڕێگەی دادگاوە بگرنەبەرو وتی "ئەو بڕە پارەیەشمان دەیەوێتەوە کەبەسەر وادەی گرێبەستەکەدا تێپەڕیوە".

بەشی بەدواداچوون لە کۆمپانیایی ڕووناکی شار، لە ڕوونکردنەوەیەکیاندا بۆ دەستوور دەڵێن لەکاتی وەرگرتنی خانووەکان نوێنەری شەش فەرمانگەی حکومی لەگەڵ هاوڵاتییەکان خۆیان وەک لیژنە دەچنە سەر خانووەکە، ئەگەر هەر کێشە و کەموکوڕییەکی هەبوو، ئەو هاوڵاتییە دەتوانێت خانووەکە وەرنەگرێتو بیگەڕێنێتەوە بۆ کۆمپانیا.

سەبارەت بەدواکەوتنی وادەی تەواوبوونی خانووەکانیش، بەشی بەدواداچوون لە کۆمپانیایی ڕووناکی شار دەڵێن "هاوڵاتیان دەتوان سکاڵا تۆماربکەن، بۆ وەرگرتنەوەی مافی خۆیان".

هەروەها ئاماژەیان بەوەشدا کە دواکەوتنەکەی بەهۆی خراپی کەشوهەواوە بووە و لە نووسراوی ڕەسمی بەڕێوبەرایەتی کەشناسی سلێمانی هۆکاری دواکەوتنەکەیان دیاریکراوە.

پێشتر ئەحمەد حەسەن ساڵح بەڕێوەبەری کۆمپانیای ڕووناکی بۆ زەوی و دروستکردنی خانوو، ئاماژەی بەوەدابوو کەپڕۆژەکەی ئەوان تاکە پڕۆژەیە ٢٥٪ی سەوزایی بێت و وتی "لەهەموو کەلار و گەرمیان تەنها ئێمە ئەوەندە گرنگیمان داوە بەسەوزایی".

# سەیداوە دەبێتە قوربانی بازاڕی نیشتیمان؟

## گەڕەکی سەیداوای شاری هەولێر تێکدەدرێت، بەڵام هاوڵاتیان بەروونی لە هۆکاری تێکدانی گەڕەکەکەیان ئاگادارنین

**ڕێبوار جەلال لە هەولێر**

هاوڵاتیانی گەڕەکی سەیداوە ترسیان لە ڕووخانی گەڕەکەکەیان هەیە، بەهۆی ئەوەی ڕێکخراوی هابیتاتی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان ماوەیەکە ڕوپێوی گەڕەکەکە دەکەن، پارێزگاری هەولێریش دەڵێت پڕۆژەی هاوبەشمان هەیە.

سابر قادر موختاری گەڕەکی سەیداوە ئاماژە بەوەدەدات کەدەنگۆی تێکدانی گەڕەکەکەیان هەیە بەڵام نازانن لەسەدا چەندی گەڕەکەکەیان تێکدەچێت.

سابر وتی «ڕێکخراوی هابیتات سەردانی گەڕەکەکەیان کردووە، بەڕوونی لە مەبەستیان تێنەگەیشتوون». هەوەرها وتی «تاپۆ لە ماڵەکان وەردەگرن، بەڵام بەتەئکید سەیداوە تێکدەدرێت».

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، ڕێکخراوی هابیتاتی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان، ماوەیەکە لە گەڕەکی سەیداوە ئیش لەسەر بلۆکێک دەکەن کەژمارەی ٥٦٠ ماڵە. موختاری گەڕەکەکە وتی کاتێک پرسیاریان لێ دەکەین بەڕوونی وەڵامان نادەنەوە و نهێنیان بەهێزە.

سەیداوە یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی هەولێر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی هەرەمەکی و بەبێ ئەندازەیی دروست بووە و دەکەوێتە بەرامبەر بازاری (شەرقلئەوسەت) واتە بازاڕی نیشتیمان.

هاوڵاتیان گوماندەکەن تێکدانی گەڕەکەکە بۆ خزمەتی بازاڕی نیشتیمان بێت.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بەڕوونی هیچ زانیارییەکی لە بارەی ئەو روپێوی و هەوڵانەوە نەدا کە لەلایەن ڕێکخراوی هابیتاتەوە دەکرێت. ئەو وتی «لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیراسەی دەکەین و چاکی دەکەین. پڕۆژەیەکی هاوبەشمان هەیە».

ئەندازیار زانا ڕەشید سەرپەرشتیاری پڕۆژەی پەرەپێدانی گەڕەکی سەیداوە لە پارێزگای هەولێر دەڵێت هێشتا هیچ بڕیارێک سەبارەت بە تێکدان و قەرەبووکردنەوە نەدراوە و شوێنی قەرەبووش دیاری نەکراوە بەڵام سەردانی مەیدانیمان کردووە لەگەڵ ڕێکخراوی هابیتات کەیارمەتی ئەندازەیی و هونەریمان دەدات.

زانا وتی«زانیاری سەرەتایمان وەرگرتووە لەبەر ڕۆشنایی ماستەرپلانی هەولێر کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام هێشتا ماستەرپلانمان بۆ دانەناوە و قەرەبووش پەیوەندی بە پارێزگاوە هەیە ئەو شوێنەی بەر هەر پڕۆژەیەک بکەوێت بێگومان قەرەبوو دەکرێتەوە».



# تەگەرەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتەکەی مالیکی؟

## تا مانگێکی تر لە عێراقدا چی روودەدات؟ ئایا مالیکی دەبێتە پاڵەوان یان عەلاوی لە لەندەنەوە دێتەوە

**سۆران پالانی**

دوای ململانێیەکی زۆر و سەدان کۆبوونەوەی جۆراوجۆر، سەرەنجام لایەنە عێراقیەکان ریککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتیکی هاوبەشی نیشتمانی، لە هەفتەی رابردووشدا جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق، بۆ خولێکی تر مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی راسپارد کە لە ماوەی دەستووری خۆیدا کە مانگێکە حکومەتی نوێ پێکبهێنێت دەنا ئەو مافەی لێدەسەندرێتەوە.

**عێراق لە قەیرانەوە بۆ قەیران**

مالیکی کە ماوەی مانگیکی بۆ دیاری کراوە بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی لە بەردەم قەیرانێکی گەورەی سیاسی و رەزامەندی هەموو لایەنەکانی براوەی هەڵبژاردندایە، بە جۆرێک کە دەبێت داواکاری هەموو لایەنەکان بخوێنێتەوە بە رێکەوتن بگات لە سەریان، بۆ ئەوەی بتوانێ حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی کە لایەنەکان لە سەری پێکهاتوون بهێنێتە کایەوە .

ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقیە رکابەری سەرسەختی مالیکی لە یەکەم کاردانەوەیدا، رایگەیاند کە مالیکی لە ماوەی مانگێک دا ناتوانێ حکومەت پێکبهێنێت، چونکە بەربەستی گەورەی لە بەردەمدایە.

لە لایەکی تریشەوە چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان کە مالیکی لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورس و بەهێزدایە، بەتایبەت کە ناوبراو دۆراوی هەڵبژاردن بووە و توانییەتی لایەنەکانی ناو هاوپەیمانی نیشتمانی و کوردیش قایل بکات کە بۆ دەورێکی تر متمانەی پێبدەنەوە.

بەبڕوای چاودێران ئەگەر مالیکی لەو ماوە دەستوورییەدا نەتوانێ حکومەت پێک بهێنێت ئەوا عێراق پێدەنێتە قۆناغێکی تری قەیرانەوە کە ئەستەم دەبێت بە ئاسانی لێی رزگار بێت.

تۆری هەواڵی فەرەنساش بڵاویکردەوە کە نوری مالکی جەختیکردۆتەوە کە نیگەرانییەکان لە بارەی دواکەوتنی حکومەت لە جێی خۆیدایە، وتویەتی "بەلام ئێمە دڵنیاین لە ماوەی دیاریکراودا حکومەت پێکدێت".

ئەوەشی ئاشکراکرد ئەگەر لە ماوەی دەستووریدا حکومەت پێکنەهات ئەوا عێراق رووبەرووی قەیرانی جیدی دەبێتەوە، وتویەتی "خوا دەزانی چی روودەدات؟"

مالیکی "رایگەیاند کە عێراقیە بەشداریەکی جدی لە حکومەتدا دەکات".

دکتۆر مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ بەشی کوردی رادیۆ دەنگی ئەمریکا لەو بروایەدایە ئەگەر قەوارەکانی تری عێراق هاوکاری لە گەڵ مالیکی بکەن و لە گەڵ داواکانیان نەرم بن، دەکرێت نوری مالیکی حکومەت پێکبهێنێت. دەڵێت "باشترە حکومەت لە زۆرینە بێت و لەوانە پێکبهێنرێت کە لە نێو خۆیاندا رێکن و ئەوانی تر لە نێو پەرلەماندا ببن ئۆپۆرزسیۆن".

چونکە ناوبراو لەگەڵ ئەوەدا نیە هەمو لایەنەکان لە حکومەتدا بن و پەرلەمان بێ ئۆپۆزسیۆن بێت.

**لیستی عێراقیە پڕ کێشەترین لیستی هەڵبژاردن**

لیستی عێراقیە کە خاوەنی ٩١ کورسیە لە هەڵبژاردنەکەی عێراقدا دوای ئەوەی مافی پێکهێنانی حکومەتی لە دەست دا، سەرۆکی ئەو لیستە کە ئەیاد عەلاویە هەر دوای یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان کە هۆڵی پەرلەمانی بە جێهێشت و بەبێ ئاگاداری ئەندامانی لیستەکەی عێراقی بەرەو شاری لەندەن بە جێهێشت بە بیانووی بەشداری کردن لە زەماوەندەی کچەکەی.

چاودێرانی سیاسی و سەرچاوەکانی هەواڵ ئەوەیان بۆ کێشەی ناوخۆیی ئەندامانی لیستە گەراندەوە، کە عەلاوی کۆنترۆڵی سەرپەرشتیکردنی تێدا لە دەست داوە، لە لایەکی ترەوە تۆڕی هەواڵی نەخیلی عێراق لەزاری سەرچاوەیەکی سیاسی عێراقەوە ئەوەی بڵاوکردەوە کە عەلاوی دوای ئەو شکستەی کە بەهۆی وەرنەگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران توشی هات، ڕەنگە لە کاری سیاسی دوور کەوێتەوە و بۆ هەتا هەتایە لە لەندەن بمێنێتەوە، لەوێ ساڵەکانی کۆتایی ژیانی بە نووسینی بیرەوەریەکانی بەسەرببات.

سەلام زەوبەعی ئەمینداری گشتی بزووتنەوی رۆڵەکانی رافیدەین کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی لیستی عێراقیە، چەند کەسایەتیەکی ناو لیستەکەی تۆمەتبار کرد کە بە پشتیوانی و یارمەتی دارایی دەستێکی دەرەکی دەیانەوێ عێراق بەرەو شەرێکی دەرەکی لەگەڵ ئێران و هەروەها شەرێکی ناوخۆیی لە نێوان کوردو عەرەبدا بەرن.

رۆژنامەی مەدا ئەوەی بڵاویکردۆتەوە کە لیستی عێراقیە دەیەوێت لە بەرامبەر پێدانی چەند وەزارەتێکی گرنگ دەستەبەرداری پۆستی ئەنجومەنی سیاسی بێت، کە ئەمەش ئاماژەیەکی ناراستەوخۆیە بە کەمبوونەوەی دەسەڵاتی عەلاوی و نەمانی ڕۆڵی لە لیستەکەدا.


نوری مالیکی

**هاوپەیمانی نیشتمانی سەرقاڵی دیاری کردنی کاندیدەکانە**

هاوپەیمانی نیشتمانی کە لە لیستی دەوڵەتی یاسای مالیکی و لیستەکەی عەمار حەکیم پێکهاتووە، لیژنەیەکی بۆ یەکلاییکردنەوەو دەستنیشانکردنی کاندیدەکانی پێکهێناوە و بڕیار وایە هەر لایەنێک بە گوێرەی کورسیەکانی پشکی خۆی لە وەزارەتەکان وەربگرێ.

بەهاء ئەعرەجی یەکێک لە سەرکردەکانی رەوتی سەدر کە یەکێکە لە لایەنە سەرەکیەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی رایگەیاند ئەگەر پۆستەکان بە گوێرەی ئاکامەکانی هەڵبژاردن دابەش بکرێ، ئەوا رەوتەکەیان ٨ وەزارەتی بەردەکەوێ.

**ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان**

لیستی هاوبەندییە کوردستانییەکان کە لە یەکێتی و پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتو پێکهاتووە، داواکارییەکانی کورد کە لە ١٩ خاڵ پێکهاتووە، وەکو بنەمای سەرەکی بەشداری کردنیان دەبینن لە حکومەتی داهاتوودا .

لە لایەکی ترەوە لە دوایین کۆبوونەوەی ئیئتیلافەکەدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەک بۆ وەرگرتنی وەزارەتەکان پێکهاتووە و کورد پێداگری لە سەر پۆستی وەزیری دەرەوە دەکاتەوە.

**لیستی گۆڕان لەنێوان گەرانەوەو گفتوگۆی راستەوخۆدا**

لیستی گۆران کە هەشت کورسی لە پەرلەمانی عێراق بەدەستهێناوە، دوای کشانەوەی لەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان تا ئێستا ڕوون نییە دەگەڕێنەوە ناو ئیئتیلافەکە یان بەجیا بەشداری حکومەتی عێراق دەکەن.

سەرکردەکانی گۆڕان دەڵێن ئەگەر لەم رۆژانەدا گەڕانەوەیان بۆ ناو ئیئتیلافەکە کۆتایی نەیەت، ئەوا بە سەربەخۆیی دەست دەکەن بەگفتوگۆ بۆ بەشداریکردن لە حکومەتەکەی مالیکیدا.




## پرۆفایل



ئا: هیوای سەلیمی

# عێراقییەک لە ئێران مافی مرۆڤی پێشێل دەکرد

## ئایەتوڵڵا سەید مەحمودی هاشمی لە حزبی دەعوەوە دەستپێکردو بەباڵاترین پۆستەکانی حکومەتی ئێران گەیشت

ئایەتوڵڵا سەید مەحمودی هاشمی کە بە هاشمی شاهرودی ناوبانگی دەرکردوە، هاوینی ساڵی ١٩٤٨ لە شاری نەجەفو لە بنەماڵەیەکی ئاینییدا چاوی بە ژین پشکووتووە. باوکی ئایەتوڵڵا سەید مەحمودی هاشمی ئایەتوڵڵا سەید عەلی حوسێنی هاشمی (شاهرودی) کەسایەتی ناسراوی ئایینی ئەو سەردەمەی نەجەف بووە و دایکیشی کچی ئایەتوڵڵا حاج سەید عەلی مەددەدی مووسەوییە.

ئایەتوڵڵا سەید مەحموود لە قوتابخانەی عەلەویەی شاری نەجەف دەستیدایە خوێندنی ئایینی و لەدوای تەواوبوونی وانەی مەلایەتی، بووە قوتابی وانەکانی ئایەتوڵڵا سەید محەمەد باقری سەدر. لەوێ بوو بە قوتابی نموونەیی سەید محەمەد باقری سەدر و پاشانیش لەلای ئایەتوڵڵا خویی و ئایەتوڵڵا خومەینی درێژەی بە خوێندنی ئایینیدا.

ئایەتوڵڵا هاشمی لە تەمەنی گەنجێتیدا بووە بە ئەندامێکی چالاکی حزبی دەعوەی ئیسلامی و دواتر چەندانجار لە لایەن حکومەتی بەعسەوە دەستگیرکراو ئەشکەنجەدرا. بەردەوامبوون لە چالاکییە سیاسییەکاندا لێپێچینەوە و چاودێری زیاتری ناوبراوی لێکەوتەوە، ئەوەش وایکرد بە ناچاری بۆ ئێران رایکرد. پاش راکردنی بۆ ئێران دوو برای لە لایەن حکومەتی بەعسەوە دەستگیرکراو دواتر براکانی لەسێدارەدران.

لەسەردەمێکدا حزبی دەعوە دژایەتی ئەندامانی لایەنگری ئایەتوڵڵا خومەینیان لە شاری نەجەفدا دەکرد و ئەو مەسەلەش بووە هۆی تووڕەبوونی ئایەتوڵڵا سەید مەحمودی هاشمی، ناوبراو وازی لە چالاکی سیاسیی لە چوارچێوەی ئەو حزبەدا هێنا. پاش وازهێنانی لە حزبی دەعوە هاورێ لەگەڵ ئایەتوڵڵا سەید محەمەد باقری حەکیم رێکخراوێکی نوێ بە ناوی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراقی دامەزراند و ئایەتوڵڵا سەید مەحموودی هاشمی بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی. چەند ساڵ دواتریش لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیش کشایەوە و ناوبراو بۆ هەمیشە وازی لە چالاکی حزبی هێنا.

رابەرانی سیاسیی ئێران ئایەتوڵڵا سەید مەحمودی هاشمیان بە کەسێکی نزیکی خۆیان دەزانی و هەربۆیە لە ناو حکومەتی ئێراندا پۆستە باڵاکانی پێبەخشرا.

ناوبراو لە هاوینی ساڵی ١٩٩٩ بووە سەرۆکی دەزگای دادوەری ئێرانو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەوپۆستەدا مایەوە. ئایەتوڵڵا سەید مەحموودی هاشمی کە لە ئێراندا بە هاشمی شاهرودی ناسراوە، لە کەسایەتییەکانی نزیک بە باڵی کۆنسەرڤاتیڤی ناو دەسەڵاتە و لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی دەزگای دادوەری ناوبراودا، کۆمەڵگای ئێران نالەبارترین ساڵەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی ئەزموون کرد.

ئایەتوڵڵا سەید مەحموودی هاشمی لە کاتێکدا کە تێکەڵ بە گەمە حکومەتییەکانی ناوخۆی ئێران بوو، بەرەوڕووی دژایەتیکردنی بەشێک لە باڵەکانی حکومەتی ئێران بوویەوە و نەیارانی ناوبراو لەو بڕوایەدابوون کە ناوبراو بە هۆی ئەندامبوون لە حزبی دەعوە نابێ بێتە ناو چوارچێوەی حکومەتی ئێران، بەڵام رابەرانی سیاسیی ئێران بە توندی دژایەتی ئەو تیۆرەیان کرد.

ئایەتوڵڵا سەید مەحموودی هاشمی کۆمەڵێکی زۆر بەرهەمی نووسراوی هەیەو گرنگترینی ئەوانە بریتین لە: بحوس فی علم الاصول، الخمس، مقالات فقهیه محاضرات فی السوره الحسینیه، کتاب الاجاره و هەروەها حکومەتی ئیسلامی، جیهانبینی ئیسلامی و کۆمەڵێک بەرهەمی دیکە.

ئایەتوڵڵا سەید مەحموودی هاشمی شاهرودی لەم ساڵانەی دوایدا و لەدوای گەڕانەوەی بۆ قوتابخانەی ئایینی قوم، بە بڕیاری عەلی خامنەیی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران ناوەندێکی گەورەی چاپیو بڵاوکردنەوەی دەقە ئایینییەکانی دامەزراندوە و هاوکات لە شاری قوم خەریکی وتنەوەی وانە ئایینییەکانە.

ئایەتوڵڵا هاشمی لە دوای روخانی حکومەتی بەعسیش بۆ عێراق نەگەڕایەوە و ئێستاش زۆربەی هاووڵاتیانی ئێرانی نازانن کە ناوبراو عێراقی بووە.

نەخۆشی دڵەڕاوکێ لەمێینەدا دوو هێندەیە

10

# بەپێی ریفراندۆم کورد بەشێک لە ناوچە دابڕاوەکان لە دەستدەدات

## ئاماری خێزانە ئاوارەکانی ناوچە کوردییەکانی پارێزگای دیالە تادێت زیاتر دەبێت

**زانیار داقوقی**



کورد بەرپرسە حیزبییەکانی تۆمەتباردەکات

تا دێت ژمارەی خێزانە کوردەکان ئاوارەبووەکانی ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای دیالە زیاد دەبێت، بەرپرسانی کوردی پارێزگاکەش دەڵێن دەسەڵاتیان نییە بۆ بەرگرتن لەو هەڕەشە و مەترسییانەی ڕووبەڕووی کوردەکان دەبێتەوە، داوا دەکەن سەرکردایەتی سیاسی کورد بەرپرسیارێتی نیشتمانی لەئەستۆ بگرێت و بەتەنگ ئەو ناوچانەوە بن.

بەپێی ئامارە نارەسمییەکان نزیکەی ١٤٠٠ خێزانی کورد لە جەلەولا، سەعدییە، قەرەتەپە و مەندەلی ڕووەو شارە ئارامەکانی تری کوردستان کۆچیان کردووە.

دلێر حەسەن سایە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بەهۆی نائارامی ئێرەوە کورد سنوورەکە بەجێدەهێڵن و عەرەب ڕوو لە زیادبوونە، وتی "دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکە کشاوەتەوە، عەرەب دژی کورد ڕاوەستاوە و حکومەتی هەرێم بێدەنگە".

ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە دەڵێن بەهۆی کەمی ژمارەکەیان کە ٦ ئەندامن لەکۆی ٢٩ ئەندام ناتوانن کاریگەری دابنێن لەسەر بەڕێوەبردنی پارێزگاکە و بەرپرسیارکردنی بەرپرسانی ئەمنی پارێزگاکە، سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنەکە کوردە.

سایە دەڵێت تائێستا نەیانتوانیوە یەک خێزانیش گلبدەنەوە، پاساوی بۆ ئەوەش ئەوە بوو کە دەسەڵاتی کارگێڕی و ئەمنی پارێزگاکە هاوکارییان ناکەن، وتی "دەسەڵاتی کارگێڕی پشتگیری لەو هێزە سەربازییە دەکەن کە ئەشکەنجی ئەو خێزانە کوردانە دەدەن". دەڵێت چەندینجار داوایانکردووە لە ئیدارەی پارێزگا و هێزە ئەمنییەکان تا بەدواداچوون بۆ کێشەی کۆچکردنی خێزانە کوردەکان بکەن.

هێزە کوردییەکان هەر لە سەرەتاوە قورسایی گرنگیپێدانیان خستەسەر ناوەندی قەزای خانەقین و ناحیەکانی قەزاکەیان فەرامۆشکرد، دوای نەمانی پێگەی سەربازی کورد لەو ناوچانەش کوردەکان بوون بە ئامانجی گروپە توندڕەوەکان.

عامر ڕەفعەت ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاشکرایکرد کە تەنها لە جەلەولا زیاتر ٤٥٠ خێزانی کورد و لە سەعدییەش زیاتر لە ٦٠٠ خێزان ناوچەکەیان جێهێشتووە و ڕوویان لە کەلار و خانەقین کردووە. وتی "دوو ساڵە ئەم دیاردەیە هەستی پێکراوە، بەڵام ئیدارەی پارێزگای دیالە هیچ هەوڵێکی جدی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە نەبووە".

عامر ڕەفعەت وتی "هێزەکانی سوپای عێراقی بەبیانوی ڕاونانی تیرۆرستان شاڵاوێکی فراوانیان بردە سنوورەکە، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕاوەدوونانی تیرۆرستان نییە، بەڵکو بووە بە ڕاوەدوونانی کورد".

عامر دەڵێت خەڵکی ناوچەکە بەهیوا بوون ئەو کوردانەی مادەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە بگێڕێنەوە شوێنی خۆیان، بەڵام نەک ئاوارەکان نەگەڕانەوە، بەڵکو ئەو کوردانەی کە لە سەردەمی ڕژێمدا لەناحیەکانی جەلەولا و سەعدیە مابوونەوە ئێستا ئەوانیش کۆچدەکەن و ناوچەکە بەجێی دەهێڵن.

عامر ڕەفعەت ئاماژەی بەوەدا دەستەی کێشەی موڵداری نەک زەوی بۆ کورد نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو زەوی و زاری زیاتری داوەتە عەرەبەکان، وتی "دادگای دیالە و حکومەتی ناوخۆی ناوچەکە هەوڵی جدی دەدەن تا کورد سنوورەکە چۆڵبکات".

عامر دەڵێت ئەوان بەرپرسانی ئەمنی پارێزگاکەیان لە ڕەوشەکە ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام تەنها بەڵێنی بێبنەمایان پێداون. وتی "بە بڕوای من بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی و بەرپرسی پێشووی لقی خانەقینی پارتی لە خانەقین کەمتەرخەم بوون و نەیانتوانی بڕوا بە حکومەتی هەرێم بهێنن بۆ بەرگرتن بەو پیلانەی لە سنوورەکە دژ بە کورد هەیە".

فورات محەمەد تەمیمی جێگری یەکەمی پارێزگاری دیالە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ئیدارەی پارێزگاکە ئاگایان لەوە نییە کە کوردەکان لەژێر فشاری هەڕەشەی گروپە توندڕەوەکاندا ناوچەکە چۆڵبکەن.

تەمیمی دانبەوەدا دەنێت کە حەوزەی حەمرین (ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای دیالە) نائارامە، وتی "بەڵام بەو جۆرە نییە کە ژمارەیەکی زۆر خێزانی کورد کۆچیان کردبێت".

تەمیمی دەڵێت ئەوان دەسەڵاتیان بەسەر هێزە ئەمنییەکانی جەلەولا نییە و لێیان ڕازی نین، وتی "ئەوان سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، گەر بەرپرسانی کورد سکاڵە ئاراستەی وەزارەت بکەن لەوانەیە کێشەکە چارەسەر بکرێت".

تەمیمی دەڵێت لیژنەی ئەمنی شار لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان کۆبوونەوەی بەردەوامیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پارێزگار سەرۆکی ئەو لیژنەیەیە بۆیە ئەنجومەن ئاگاداری کۆبوونەوەکان نین، داوایکرد بەرپرسانی کورد دژی ئەو حاڵەتە سکاڵایان بۆ بەرزبکەنەوە تاکو دەستبکەن بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچون. وتی "ئێمە وەک عەرەب ڕازی نابین کورد لەدەستی عەرەب ناوچەکە بەجێبهێڵێت، چونکە کورد و عەرەب لە پێکهێنانی حکومەت بەشدارن و دیالەش عێراقی بچوکە و دەبێت کورد و عەرەب و تورکمان و سوونە و شیعە تێیدا بژین".

وتی "دیالە بۆ خەڵکی ڕەسەنی خۆی، ناوچە جێناکۆکەکانیش بەپێی مادەی دەستووری چارەسەر دەکرێن". بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی زۆری کورد لە ناوچەکە و بەپێی ریفراندۆم کورد بەشێک لە ناوچە دابڕاوەکان لە دەستدەدات.

# کەرکووک .. کورد و عەرەب لەسەر هەموو شتێک ناکۆکن

## پاساوەکانی لیستی عەرەبی نەیتوانی پاڵاوگەی نەوتەکەی کەرکووک لە ناوچە کوردییەکانەوە بۆ ناوچە عەرەبییەکان بگوازێتەوە

**ئازاد زەنگەنە لە کەرکووک**

فراکسیۆنی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک سەرکەوتوو نەبوون لە گۆڕینی شوێنی پاڵاوگەیەکی نەوت لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگاکەوە بۆ ناوچە عەرەبنشینەکان.

بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا پاڵاوگەیەکی سوتەمەنی لە شاری کەرکووک دروستبکرێت، هەرچەند لایەنی عەرەبی هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی شوێنی ئەو پاڵاوگەیە لە سنووری قەزای دووبزەوە بگوازرێتەوە بۆ قەزای حەویجە، بەڵام شوێنەکەی نەگۆڕا.

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووک لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا لە سەرەتادا وەزارەتی نەوتی عێراقی و وەزیری نەوت ڕازی نەدەبوون بە پرۆژەکە، بەوهۆیەشەوە پرۆژەکە بۆ ماوەیەک دواکەوت.



تائێستا هیچ پاڵاوگەیەکی نەوت لەناوچە کوردییەکان نییە

عەبدولڕەحمان مستەفا دەڵێت لیستی گردبوونەوەی عەرەبی پێشنیاریان کرد شوێنی پاڵاوگەکە بگوزارێتەوە بۆ قەزای حەویجە بەهۆی ئەوەی ئەو شوێنەی لە قەزای دووبز نزیکە لە گوندی قوتان، وتی "بەڵام ئێمە بڕیارماندا گوندەکە نزیکەی دوو کیلۆمەتر بگوازینەوە نەک شوێنی پاڵاوگەکە، لە هەمانکاتدا وەزارەتی نەوتی عێراقی ڕەزامەندی نیشانداوە بەوەی کە قەرەبووی ئەو خانەوادانە بکرێتەوە لە بڕی ئەو زیانانەی لێیان دەکەوێت".

بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا پاڵاوگەکە لە لایەن کۆمپانیایەکی تورکییەوە دروستبکرێت، پاش دەستنیشانکردنی ناوچەیەکی گونجاو بۆ هاوڵاتیانی ئەو گوندە.

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت پاساوی لیستی گردبوونەوەی عەرەبی ئەوە بووە کە ئەو ناوچەیە خاکەکەی زیاتر کەچ و کانزایە و نزیکە لە گوندی قوتانەوە، وتی "بەڵام ئیدارەی کەرکووک وەڵامی ئەو پێشنیارەی دایەوە بەوەی کە دەبێت شوێنی گوندەکە بگوازرێتەوە نەک شوێنی پاڵاوگەکە".

عەسکەری ئەوەشی زیاد کرد کە پاڵاوگەکەجگە لەوەی سووتەمەنی بۆ هاوڵاتیانی شارەکە زیاد دەکات، هەلی کار بۆ کەرکووکییەکان دەستەبەر دەکات.

پێشتر بەرپرسە کوردەکان رایانگەیاندبوو لیستی گردبوونەوەی کۆماری هانی خەڵکی گوندەکەیانداوە بۆ کۆسپ دروستکردن لەسەر ڕێی پاڵاوگەکە. هەتا بەو هۆیەوە بیگوازنەوە بۆ حەویجە.

محەمەد خلیل ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لە لیستی گردبوونەوەی کۆماری عێراقی وپرۆژەی دروستکردنی پاڵاوگەکەی بە گرنگ و ستراتیژی ناوبرد.

دەڵێت لیژنەیەکی پسپۆڕ کە لە بەغدادەوە سەردانی ناوچەکەیانکردبوو رایانگەیاندووە کە ئەو ناوچەیە بۆ پاڵاوگە باش نییە، وتی "ئێمە وەک لایەنی عەرەبی پاڵپشتی لێدوانەکانی لیژنەی هونەری دەکەین کە لە بەغدادەوە هاتبوون".




www.arsivakurd.org



www.arsivakurdi.org

# "لە ئاستی زانستی مامۆستا رازی نیم"

## فاخیر حەسەن ئیسماعیل بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران بۆ دەستوور

**سازدانی: ئەحمەد سەید یەعقوب**

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل، بەڕێوەبەری پــەروەردەی سـۆران دەڵێت کەمی مامۆستا و بینای خوێندنگا دوو سەرەکیترین گرفتی خوێندن و پەروەردەن لە دەڤەری سۆران.**

---

**دەستوور:** تاچەند قوتابخانەکانتان لەگەڵ سیستمی نوێ دەگونجێت لە ڕووی ژمارەی قوتابیانو جۆری بیناکە؟

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل:** قوتابخانەکانمان زۆربەیان لەگەڵ سیستەمی نوێی خوێندن ناگونجێن، بــەڵام لە پلانی وەزارەتــی پــەروەردەدایــە کە قوتابخانەکان نۆژەن بکاتەوە، یــان سەرلە نــوێ دروستیان بکاتەوە.

**دەستوور:** ڕێژەی مامۆستایانی سنووری پەروەردەکەتان چۆنە؟ زیاتر پێویستیتان بە چ جۆرە پسپۆڕییەک هەیە؟

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل:** لە بەرئەوەی سنووری دەڤەرەکەمان فراوان و بەربڵاوە کە پێکهاتووە لە سێ ناحیەی سیدەکان ، خەلیفان و دیانا لەگەڵ سەنتەری سۆران، ئەمانەش بەرفراوان بەتایبەتی ناحیەی سیدەکان پێکهاتووە لە ٦٢ گوند.

ئێمەش تەنها ٢٤٠٠ مامۆستای بنەرەتی و ئامادەییمان هەیە، کە لە چاو بەرفراوانی ناوچەکە ڕێژەیەکی کەمە، لەبەرئەوەی ژمارەی قوتابخانە و پۆلەکان زۆرن و لێک نزیک نین، مامۆستایەکان بۆ تەواوکردنی بەشە وانەکانیان بەناچاری بابەتێکی تر نزیک لە پسپۆڕیەکانیان دەڵێنەوە، لێرەشدا کێشەیەکی ترمان دێتە پێش ئەویش مامۆستا ئافرەتەکانە، کە لەکاتی هاوسەرگیریدا دەگوازرێنەوە نزیک شوێنی نیشتەجێ بوونیان یان لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دایکایەتی شوێنی ئەوان بە مامۆستایەکی تر یان لە ڕێگەی وانە بێژانەوە پڕ دەکرێتەوە.

**دەستوور:** ئەوەی دەبینرێت ژمارەی مامۆستایانی دواناوەندی بەتایبەتی لە بابەتە زانستیەکان زۆر کەمە، چ پلانێکتان بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە داناوە؟ بەتایبەتی دوای کردنەوەی کۆلێژ لە دەڤەرەکەتان؟

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل:** هەوڵمانداوە لە ڕێگای وانە بێژانەوە ئەم کێشەیە تا ڕادەیەک چارەسەر بکەین، بە تەنسیق لەگەڵ کۆلێژی زانستی سۆران ئەم ساڵ لە سۆران بەشە زانستیەکان دەکرێتەوە، بە دەرچوونی ئەم قوتابیانە تا رادەیەک چارەسەری کێشەکانمان دەکات هەوڵ دەدەین زۆربەی قوتابیانی نیشتەجێی دەڤەرەکەمان لەم بەشانە وەرگیرێن.

**دەستوور:** زۆربەی مامۆستایانی پەروەردەکەتان مامۆستایانی دەرەوەی سنووری سۆرانن، هیچ هەوڵێک هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە؟

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل:** کێشەی مامۆستایانی دەرەوە بەبەردەوامی دەبێت، چونکە خەڵکی دەڤەرەکە لەم پسپۆڕیانە بەتەواوەتی پێنەگەیشتوون، بۆیە تا بوونی مامۆستایانی دەرەوەی سنووری سۆران لە دەڤەرەکە کێشە بەردەوام دەبێت، ئومێدەوارین لەمەولا لە ڕێگەی زانکۆی سۆرانەوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین.

**دەستوور:** زۆر لە مامۆستایان گلەیی لە سەرپەرشتیاران دەکەن، لە ڕووی هەڵسەنگاندن و زانستەکانیان، تۆ لە کارەکانیان رازیت؟

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل:** هەست دەکەم نا تێگەیشتنەک هەیە لە نێوان مامۆستا و سەرپەرشتیاران، چونکە پێشتر بە سەرپەرشتیار لە دوای کەموکوڕی و خاڵی لاوازی مامۆستا دەگەڕا بۆ ئەوەی بتوانێت لێ پێچینەوەی لە گەڵدا بکات، بەڵام ئەمڕۆ سەرپەرشتیار بە دوای خاڵی لاوازدا ناگەڕێ، بەڵکو بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە لە ڕووی زانست و پەروەردەییەوە بەهێزی بکا، بۆ ئەوەی بەڵکو بتوانێ وەکو پێویست ئەرکەکانی بەڕێوە ببکات، وەک هاوکارێک لەگەڵ مامۆستا دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کەموکورتیانەی هەن لەلای مامۆستا بەیەکەوە چارەسەری بکەن، بۆیە من لە ڕێگای بەڕێزتانەوە داوا لە گشت مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی بەڕێز دەکەم هاوکاری و هەماهەنگیەکی تەواو لە نێوانیاندا دروست ببێ بۆ ئەوەی بتوانن بەیەکەوە خزمەت بە پرۆسەی خوێندن بکەن، من تا ڕادەیەک لێیان رازیم، چونکە بەپێی توانای خۆیان درێخیان نەکردوە.

**دەستوور:** ئاستی زانستی مامۆستایان چۆنە؟ لەگەڵ ئێوە هاوکارن؟

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل:** من وەک بەڕێوەبەری پەروەردە لە ئاستی زانستی مامۆستا رازی نیم، بەڵام هەوڵ دەدەین لە ڕێگای سەرپەرشتیارانەوە بە کردنەوەی خول، ئاستی زانستیان بەرز بکەینەوە، بەڵێ هاوکارن لەگەڵ پەروەردە.

**دەستوور:** ئەوەی دەبینرێت لە سنووری پەروەردەکەتان دەست درێژیەکی زۆر دەکرێتە سەر مامۆستا، هۆیەکەی چییە؟

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل:** دەستدرێژیکردنە سەر ما مۆ ستا یا ن شتێک نیە پیلانی بۆ داندرابێت،



**ڕێنماییەکان دەڵێ هەر مامۆستایەک سێ ساڵی خزمەتی تەواوکردبێت، مافی ئەوەی هەیە داوای گواستنەوە بکات، بەڵام گواستنەوەی مەرج نییە**

بەڵکو لە ئەنجامی لێک تێنەگەیشتن و هەڵسوکەوتی مامۆستا و قوتابی ڕوودەدات، کەئەمەش وادەکات قوتابی هەڵبچێت و کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات، ئێمە بە هەموو شێوەیەک هەوڵمانداوە لێپێچینەوە بکەین لەگەڵ ئەو قوتابیانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر مامۆستا، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنین کاری یاسای بەرامبەریان ئەنجام دەدەین.

**دەستوور:** زۆر لە مامۆستایان گلەیی ئەوە دەکەن کە لە کاتی دامەزراندیان پەیمانی سێ ساڵ خزمەتکردن لە سۆران لێ وەرگیراوە، کەچی دوای سێ ساڵیش ناگەڕێندرێنەوە؟

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل:** هەر مامۆستایەک فەرمانی گواستنەوەی دەرچــووبــێــت ئێــمــە فــەرمــانــی دەستلەکارهەڵگرتنیمان دەرکردوە، بەڵام پێویستە لێک تێگەیشتنێک هەبێ، ڕێنماییەکان دەڵێ هەر مامۆستایەک سێ ساڵی خزمەتی تەواو کردبێت، مافی ئەوەی هەیە داوای گواستنەوە بکات، بەڵام گواستنەوەی مەرج نییە، چونکە ئەگەر پەروەردە پێویستی بە پسپۆڕی ئەو مامۆستایانە هەبێت مافی ئەوەی هەیە ئەو مامۆستایانە نەگوازێتەوە، چونکە بەرژەوەندی گشتی پەروەردە لە سەرووی بەرژەوەندی تاکەکەسی دادەندرێت.

**دەستوور:** بەرنامەتان دانــاوە بۆ ناردنەوەی ئەو مامۆستایانەی کە پێویستیتان پێیان نیە؟

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل:** بەرنامە هەیە گەر مامۆستای نوێ دابمەزرێ و پێویستیمان بەپسپۆڕی ئەو مامۆستایانە نەمێنێ بێگومان ئێمە هەمیشە هاوکاریان دەبین.

**دەستوور:** زۆربەی مامۆستایانی بەشەناوخۆییەکان گلەیی لە شوێن و پاک و خاوێنی بەشە ناوخۆییەکانیان دەکەن؟

**فاخیر حەسەن ئیسماعیل:** دیارە ئەو بەشەناوخۆییەی کە پێشتر مامۆستایان تێیدا نیشتەجێبوون شوێنێکی شیاو نەبوو لەگەڵ هەیبەت و قودسیەت و گەورەیی مامۆستا نەدەگونجا، بۆیە بڕیارمدا کە بەشەناوخۆی شیاویان بۆ بەکرێ بگرین و بیانگوێزینەوە لەگەڵ دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکان.

---

# ٩٣٠ مامۆستا بەبێ مووچە دەوام دەکەن



**مامۆستایانی تازە دامەزراو داوای موچە دەکەن**

**کامەران گۆران لە هەولێر**

دوای ئەوەی وەزارەتی پەروەردە ئەمساڵ ٣٢٠٠ مامۆستای لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێم دامەزراند، بەڵام تاوەکو ئێستا زۆرێک لەو مامۆستایانەی کەئەمساڵ دامەزراون موچەیان وەرنەگرتووە.

ئیسماعیل بەرزنجی بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە ئاماژە بەوەدەدات کەهەر مامۆستایەک دادەمەزرێت دەبێت رەزامەندی وەزارەتی دارایی وەربگرێت، ئینجا موچەکەی بۆ رەوانە دەکرێت.

ئەو وتی"زۆربەی ئەو مامۆستایانەی کە دامەزراون لە زۆربەی پەروەردەکان دەبێت رەزامەندی مالیە و وەزارەتی داراییان لەسەر بێت، کە دەگەڕێتەوە ئەوکات موچەکەیان بۆ خەرج دەکرێت".

ئیسماعیل بەرزنجی ئەوەشی وت"ئەوانەی کەتاوەکو ئێستا موچەکەیان وەرنەگرتووە دیارە مامەڵەکەیان دواکەوتووە".

بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە مامۆستایان لەوە دڵنیادەکاتەوە کەئەو موچەیە وەردەگرن.

ئەو وتی"چونکە ساڵی پاریش مامۆستا هەبوو بۆ ماوەی شەش مانگ موچەی وەرنەگرتووە، دواتریش هەمووی بەیەکەوە وەرگرتووە".

تەنها لە پارێزگای هەولێر نزیکەی ٩٣٠ مامۆستا تاوەکو ئێستا ناویان لە وەزارەتی دارایی نەگەڕاوەتەوە و بەبێ مووچە دەوامی خۆیان دەکەن.

پاکیزە تەلعەت، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور وتی"موسادەقەی دارایی ٦٣٠ مامۆستای بنەڕەتی و ٣٠٠ مامۆستای ئامادەیی هێشتا ناویان نەهاتووەتەوە".

ئەو مامۆستایانە لە ٩/٢١ەوە فەرمانی دامەزراندنیان بۆ دەرچووە، بەڵام لەوەزارەتی دارایی ناوەکانیان نەگەڕاوەتەوە.

ئەحمەد تەها یەکێکە لەو مامۆستایانەی کەئەمساڵ دامەزراوە لەسەر پارێزگای دهۆک و سەر بەپەروەردەی بەردەڕەشە وتی"ئێمە کۆمەڵێک مامۆستا لەدوای ئەوەی وەزیری پەروەردە بڕیاری دامەزراندنی بۆ مامۆستایان دەرکرد ئێمەش ناومان گەڕایەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ یەکێک لەئێمە موچەی وەرنەگرتووە".

هەروەها وتی"ئێمە لە ٩/٢٠ بەڕەسمی دست بەکاربووین و هەموو مامەڵەکانمان تەواوکردووە".

ئەو ئاماژەی بەوەشدا کە بەپێی زانیارییەکان ئەوان هیچ مامۆستایەکی تازە دامەزراو لەپارێزگای دهۆک مووچەی وەرنەگرتووە.

---

# حکومەت بەرزی نمرە و پسپۆڕی خوێندکاران لەبەر چاو ناگرێت

## ئەندامێکی لیژنەی پەروەردە: ناعەدالەتییەکی گەورە لە دامەزراندنی خویندکاراندا هەیە

**محەمەد نەجیب لەسلێمانی**

ئەندامێکی لیژنەی پەروەدە لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات کە ناعەدالەتییەکی زۆر هەیە لە دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکاندا و ڕەچاوی پرنسیپەکانی دامەزراندن ناکرێت.

لە وەزارەتی پەروەدە دوو پێوەر هەیە بۆ دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، لەوانە خوێندکار دەبێت خۆلی یەکەم دەرچوبێت و ئینجا نمرەکەی بەرز بێت، بەڵام لە دامەزراندنی خوێندکاراندا ئەو دوو پێوەرە زۆر بەکەمی رەچاوکراوە.

لوقمان محەمەد کە بۆ ماوەی ساڵێکە زانکۆی تەواوکردووە و تائێستا دانەمەزراوە وتی "ئەو دوو پێوەرەی حکومەت دایناوە بۆ دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، خۆی کاری پێناکات، لە کاتێکدا لەم ماوەیدا ٧٦٠ کەس دامەزراوە، کەزۆربەیان نمرەکەیان نزمە".

ئەو دەڵێت"من نمرەکەم زۆر بەرزە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە واستەم نییە دانەمەزراوم، بەڵام ٤ کەسمان لەگەڵدایە کەنمرەکەیان زۆر نزمە بەهۆی واستەوە دامەزراون".

کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەدەی سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بەردەوام دامەزراندن هەیە بۆ وەزارەتی پەروەدە لەبەر ئەوە سەقفێکی زەمەنی نییە، ئێمە داوامان کردووە بۆ دامەزراندن ئەوانەش کەناویان هاتووەتەوە مەرج نییە کەئێمە داوامان کردبن، بەڵکو خۆشیان هەوڵیانداوە لە وەزارەتەوە یان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە کارئاسانیان بۆ کراوە".

نوری ئاماژەی بەوە دا کە لای ئەوان هیچ واستە و واستەکارییەک نییە، هەموو ئەو کەسانەی داوای دامەزراندنان کردووە دانانرێن بەڵکو وەزارەتی پەروەردە داوایان لێدەکات و بەپێی پسپۆڕییەکان دادەمەزرێن.

د. جەعفەر رەسوڵ ئەندامی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند بەپێی بەدواداچوونەکانی ئەوان سەبارەت بەدامەزراندنی میلاکاتی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ناعەدالەتییەکی ئێجگار گەورە هەیە لە دامەزراندنی خەڵکدا.

ئەو وتی"خەڵکێکی زۆر هەیە کۆنمرەکەی زۆر نزمە و پسپۆڕییەکەی پێویست نییە و دامەزراوە، بەڵام خەڵک هەیە نمرەکە بەرزە و پسپۆڕییەکەشی پێویستە بۆ ناوەندەکانی خوێندن، بەڵام دانەمەزراوە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پەروەدەی سلێمانی نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار دەرچووی زانکۆ لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە دامەزرێنراون، لەو ڕێژەیەشدا ٣٥٠٠ کەس لە لایەن وەزارەتی پەروەدەیە و ١٥٠٠ کەسی تریش بەنووسراوی جۆراوجۆری ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوە.

د.جەعفەر وتی سەد کەسێک لەلایەن شەخسی سەرۆکی حکومەتەوە لە ناوچەی گەرمیان دامەزرێنراون بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ پرینسیپێک، تەنها پرنسیپ کە لەبەر چاو گیراوە ئەوەیە کەدەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن.

هەروەها وتی"ئێمە دەستخۆشی دەکەین لەدامەزراندنی هەموو کەسێک، بەڵام پێویستە پرنسیپی عەدالەت لەبەر چاو بگیرێت، بەهەمان شێوەش لەلایەن پارتییە و هەمان حاڵەتی دامەزراندن هەیە".

www.arsivakurd.org

# کچانیش گرەویان لەسەر یاری کلاسیکۆ کرد

## ململانێی بەرشەو ریال گەیشتە نێو کچانی کوردستانیش

**کاڵێ ئەنوەر لە سلێمانی**

ململانێی یاری نێوان بەرشلۆنە و ریال مەدرید گەیشتە نێو کچانی کوردستانیش و گرەو و گریان و تووڕەبوون لەبەزمەکانی یاری کلاسیۆکی نێوان ئەو دوو یانەیەن لە کوردستاندا.

ئارەزووی کچان بۆ بینینی یارییەکانی نێوان هەڵبژاردە و یانە بەهێزەکانی جیهان زیاتر دەبێت و شانبەشانی کوڕان، کچانیش تەماشای یارییە بەهێزەکان دەکەن و گرەو لەسەر بردنەوەی یانەکەیان دەکەن.

**"ریاڵ بدۆڕێت دەگریم"**

دونیا بەرۆژێک بەر لەوەی یاری نێوان بەرشلۆنە و ریال مەدرید دەستپێبکات، نیازی خۆی نیشاندا لەوەی ئەگەر یانەی ریال مەدرید بدۆڕێت دەستبەگریان بکات و بگریەت، بەڵام ئەوە لەدەرەوەی ویستی خۆیەتی.

دونیا عەباس تەمەن ٢٢ ساڵ، ماوەی یەک دوو ساڵە زیاتر خوی داوەتە سەیرکردنی یارییەکان، وتی"ئەگەر یانەی ریال مەدرید بدۆڕێت دەگریم". چەندین جاریش دۆڕاندنی یانەی ریال مەدرید گریاندوویەتی.

دونیا وتی "دڵ تەنگ دەبم بەهەر ئەنجامێکی خراپی یانەکەم". هەروەها وتی "نامەوێت یانەکەم بەشکستی ببینم".

**کچانیش گرەو دەکەن**

شانبەشانی کوڕان، کچانیش گرەو لەسەر یاری کلاسیکۆ دەکەن، بەر لەئەنجامدانی یارییەکە چەندین گرەو لە نێوان کچان خۆیاندا ئەنجامدرا. وەک ئەوەی کوڕان گرەو دەکەن.

بورهان ئەحمەد کوڕێکی تەمەن ٣٠ ساڵە و هاندەری یانەی بەرشەلۆنەیە، بۆ یاری نێوان بەرشەلۆنە و ریاڵ مەدرید گرەوی لەسەر (بلوزێکی) وەرزشی گرانبەها ئەنجامداوە. وتی "ئەگەر بێت و من بدۆڕێم ئەوا دەبێت من بۆ هاوڕێیەکمی بکڕم، ئەگەر بێت و ئەو بیدۆڕێنێت دەبێت ئەو بۆ منی بکڕێت".

بورهان وتی "گرەوکردن تەنها ئەو کەسانە دەیکەن کەیانەیەک زۆر سەرنجی راکێشابێت و ببێتە هاندەری یەکێک لەو یانەیە یاخود بەهۆی بوونی یاریزانێکی بەتوانای ناسراو".

دونیا وتی "منیش گرەوم لەسەر ئەنجامی یارییەکە کردووە، بەڵام سەرکەوتنی یانەکەم لا گرنگترە لەگرەوەکەم".

**کچان بینەرانی یاری کلاسیکۆ زیاتر دەکەن**

لەساڵی رابردوودا رۆژنامە بەناوبانگە وەرزشییە جیهانییەکان بڵاویانکردەوە کە ١/٦ جیهان لەیاری کلاسیکۆدا دەبنە بینەر. لەکوردستانیشدا ئارەزوومەندانی ئەو یارییە تادێت زیاتر دەبێت، بەتایبەت لەنێو کچاندا.




دانیار جەمال کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵە و خوێندکارە، دەڵێت لەژیانی رۆژانەدا بەشێکی زۆرم تەرخانکردووە بۆ سەیرکردنی یارییەکان بەتایبەت مۆندیالەکان و یاری یانەی بەرشەلۆنە.

ئەو کچە وتی "کاتێک یانەی بەرشەلۆنە یاری هەبێت ئەگەر بێت و بۆ بەیانی تاقیکردنەیەکی زۆر گرنگیشم هەبێت لە قوتابخانە، ئەوا سەیری یاریەکان دەکەم و وەک هاندەرێک پشتیوانی لەیانەکە دەکەم.

**بەنامە پیرۆزبایی و پرسە دەنێرن**

کچان لەکاتی دۆڕان یان بردنەوەی یانەی هاوڕێیەکانیان نامەی پیرۆزبایی و پرسە دەنێرن و هەندێک کات یەکتر تووڕە دەکەن.

سابات مستەفا تەمەن ٢١ ساڵ بەدەستوری وت "من هاندەری بەرشەلۆنەم لەکاتی ئەنجامی یارییەکەدا ئەگەر بێت و بردمانەوە، ئەوا بەکورتە نامەی مۆبایل پیرۆزبایی دەنێرم بۆ هاندەرانی بەرشەلۆنە و نامەی پرسەنامەش بۆ هاندەرانی یانەکەی تر".

سابات ئەگەر بێت و یانەی بەرشلۆنە بدۆڕێت لەترسی هاوڕیەکانی مۆبایل دادەخات.

# سەری مارەکە مۆبایلە!

## لەخوێندنگەکانی سلێمانی وانەی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل دەوترێتەوە



**کاڵێ ئەنوەر لە سلێمانی**

لەهەنگاوێکی نوێدا وانەی خراپبەکارهێنانی مۆبایل لەژمارەیەک خوێندنگەی ئامادەیی لە سلێمانی وترایەوە، دوای هەستکردن بەوەی زۆرترین حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان بەهۆی ئامێرەکانی پەیوەندییەوە بووە.

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لە سلێمانی، لە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا لەشەش خوێندنگەی ئامادەیی لەسلێمانی وانەی خراپ بەکارهێنانی مۆبایلیان وتەوە.

خەڵات عومەر بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان وتی زۆرترین ئەو کێشانەی کە هاتوونەتە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەهۆی خراپبەکارهێنانی مۆبایلەوەیە و بەهۆی مۆبایلەوە سەرهەڵدەدات، بۆیە خوێندکارانمان لەوە هۆشیارکردەوە.

خەڵات وتی "وتنەوەی ئەو وانانانە لە ناو خوێندنگەکاندا بووەتە مایەی خۆشحاڵی مامۆستایان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی ناو خوێندنگەکان، چوونکە ئەوان نامۆبوون بەو وانانە".

بەرنامەی وتنەوەی وانەی هۆشیاری خوێندکاران سەبارەت بە خراپبەکارهێنانی مۆبایل و چەند بابەتی تر لە سلێمانی، ماوەی ١٥ رۆژ دەخایەنێت، خوێندنگەکانیش تایبەتن بە کچان.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لەماوەی شەش مانگی رابردوودا لەهەرێمی کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان)، ٥٩ حاڵەتی کوشتن و ٢٠٧ حاڵەتی سوتان و ٦٧١ حاڵەتی ئەشکەنجەدان و ٦٣ حاڵەتی توندوتیژی سێکسی، روویداوە، هەروەها ١٠٣٨ سکاڵاش تۆمارکراوە، بەڵام لە ئامارەکەدا رێژەی ئەوانەی بەهۆی مۆبایل و ئامێرکانی تری پەیوەندییەوە بوون دیارینەکراوە.

خەڵات دەڵێت لە نێو ئەو توندوتیژییانەدا خراپبەکارهێنانی مۆبایل هۆکاری یەکەم لە دروستبوونی توندوتیژی. هەروەها وتی"بەشێکیش لەو توندوتیژیانە لەرێگەی راگەیاندنەوەیە، بۆ نمونە ژێرنووسی زۆرێک لەکەناڵی تەلەفیزیۆنە ناوخۆییەکان هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی چونکە ئەو ئامێرە خراپبەکاردەهێنرێت".

ئازیز عەلی خوێندکاری ئامادەییو بەشداری ئەو وانەیەی کردووە، وتی "ئەو وانەیە سوودبەخشە بۆمان، بەتایبەت ئەو تەمەنەی دیاریکراوە کەقۆناغی ئامادەیی و ناوەندییە پێویستیان بەهۆشیارکردنەوەی زیاترە بەتایبەت لەرێگەی وانەی لەو جۆرەوە".

خەڵات ئاماژە بەوە دەکات کە لەکاتی وتنەوەی وانەکان لەناو خوێندنگەکاندا لەوانەیە بەشێک لەخوێندکاران گاڵتەیان بەو وانانە بێت، بەڵام دەکرێت ئەو وانانە رۆڵی خۆی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی کچان.

سەروەر سابیر توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە وتنەوەی وانەی تایبەت بەهۆشیاری کچان سەبارەت بەخراپبەکارهێنانی مۆبایل وەک دەرمانێکی مسەکن وایە کە بۆ ئازارێک بەکاربهێنرێت.

بە رای ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە بنبڕکردنی توندوتیژی دژ بەژنان لە رێگەی هۆشیارکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆبایلەوە دەبێت لەسەرەتای پەروەردەی منداڵەوە گرنگی پێبدرێت.

سەروەر وتی"دەکرێت خێزانەکانیش بەردەوام هاوکاری منداڵەکان ببن لەبەرامبەر هۆشیارکردنەوەیان بەرامبەر هۆکارەکانی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان بە تایبەت مۆبایلو ئینتەرنێتو تەکنەلۆجیا پێشکەوتووەکان".



# زاوا کوردەکان بۆ خێزانێکی عەرەب دەبنە گرەنتی

## دایکێکی عەرەب دوای بەشوودانی شەش کچی بەکورد، خۆشی شوو بەپیاوێکی کورد دەکات و دەڵێت گرەنتی مانەوەمان لەکەرکوک مسۆگەرکردووە

**دەستوور**

هەرچۆنێک بێت بۆ شەش کچەکەی فاتیمە، بەڕێکردنی ژیانێکی قورسو دڵەڕاوکێ لەنێوان (مانەوە و دەرکردن) لەناکۆکترین شاری عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە کۆتاییەکەی بەخێر بۆی گەڕایەوە، چونکە ئەو خۆی و شەش کچەکەی بەشووکردن بەزاوا کوردەکانیان گرەنتی مانەوەیان بەدەستهێنا.

فاتیمە تەمەن ٤٨ساڵ، بەراوردکردنی تەمەنی لەگەڵ ئەو فشار و مەرگەساتییەی کەبەسەر خۆی و خێزانەکەیدا هاتووە، هێشتا رەنگ و رووخساری لەئافرەتێک تەمەن ٣٠ ساڵ دەچێت، نەک ئەوەی خاوەنی شەش زاوا و بووکێک بێت. بەڵام دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ ئەو ژیانە ناهەموارەیدا وتی "توانیم بەسەر هەموو دژوارییەکی ژیانمدا سەربکەوم".

فاتیمە لەکۆتایی حەفتاکان کەتازە شووی کردبوو، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە ناوەڕاستی عێراقەوە بۆ شاری کەرکوک کۆچدەکەن، لە چوارچێوەی هێنانی خێزانێکی زۆری عەرەب بۆ کەرکوک لەلایەن رژێمی بەعسەوە، سەرەتا بەژیانێکی خۆش و دواتر بەکوڵەمەرگی شەووڕۆژیان بەڕێکرد.

لەو ساڵانەوە ژیانی فاتیمە بەناجێگیری دەستپێدەکات، ئەگەرچی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەختەوەربوون، بەڵام ژیانی فاتیمە ئەوکات جێگیردەبێت کە لەماوەی چەند ساڵێکی دوای رووخانی رژێمی بەعس هەر شەش کچەکەی دەداتە کوردو شەش زاوای کوردی دەبێت.

فاتیمە لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا عمرانی مێردی کۆچی دوایدەکات، ئەویش بەکوڵەمەرگی و لەگەڵ ٦ کچ و دوو کوڕی خۆیدا لە کەرکوک درێژە بەژیانێکی پڕ قاتوقوڕی دەدەن.

فاتیمە وتی "لەگەڵ یەک دوو کچی خۆمدا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانمان هەموو بەیانییەکی هاوین لەگەڵ جوتیارە عەرەبەکان لەکێڵگە کشتوکاڵییەکان بەکرێی رۆژانە کارمان دەکرد، هەر ئەوەندە بژێوی رۆژانەمان پێ دابیندەکرا".

**زاوا کوردەکان بۆ خێزانەکەی فاتیمە دەبنە حەوت زاوا**

ساڵی پارکەرنەڤاڵی زاوا کوردەکان بۆ خێزانەکەی فاتیمە بەشووکردنی خۆی کۆتایی هات، دوای ئەوەی بەتەنیا لەماڵەوە دەمێنێتەوە.

دوای بەشوودانی شەش کچەکەی فاتیمە خۆشی شوو بەبێوەپیاوێکی کوردی شاری کەرکوک دەکات، بەو جۆر خێزانەکەی فاتیمە حەوت زاوای کوردیان دەبێت.

ئامینەی کچی ناوەندی فاتیمە، دووساڵ لەمەوبەر دایکی بەکوڕێکی کوردی دەدات، وتی "ئێمە پێیمانخۆشبوو دایکیشم شوویکرد، چونکە دوای رۆیشتنی ئێمە بەتەنیا لەماڵەکە مابووەوە و ئێمەش جارجار پێماندەوت شوو بکاتەوە".

فاتیمە وتی"دڵخۆشم بەشووکردنەکەم و پەشیمان نیم، ئەوەی زیاتر دڵخۆشم دەکات ئەوەیە هەموو زاواکانمان لەیەک شاردراین و پەیوەندی نێوانمان پتەوە".

**زاوا کوردەکان مورتاحی کردوون**

ئەو خێزانە ئاماژە بەوە دەکەن کەشووکردنیان بەکوردەکان تائێستا پەشیمانی بەدواوە نەبوو، بەڵکو مورتاحی کردوون و جێگیربوون.

ئامینە لەبارەی ئەو خانەوادەیەی کەخۆی شووی پێکردوون، وتی"زۆر باشن لەگەڵماندا و هەست بەتەنیایی و بێزاری ناکەین".

مێردەکەی ئامینە کە لەگەڕەکی قادسییەی دووەم لە شاری کەرکوک دادەنیشن، هەمووکات کاتێک لەگەڵ ئاوڵ زاواکانیدا دادەنیشێت هەست بەشتێکی سەیر دەکات بەوەی هەموویان خێزانەکانیان لەنەتەوەی عەرەبە، بەڵام دڵخۆشە بەوە.

ئەوەی زیاتر عەلی مەولودی مێردی ئامینەی دڵخۆشکردووە ئەوەیە کەئەو شەش ئافرەتەی عەرەبەی ئەوان بوونەتە زاوایان توانیویانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان زاواکاندا دروستبکەن و وتی "زۆرینەی کات پێکەوە سەیران دەکەین و شەوان لەماڵ یەکێکمان کۆدەبینەوە".

هەروەها وتی "ئەوەی وایلێکردم ئەو کچە عەرەبە بهێنم ئەوەیە خوشکەکانی تریان لەلایەن مێردەکانیانەوە بەباشی وەسفدکران و ماڵێکی گونجاوبوون بۆ من".

ئەوەی زیاتر گونجاندنی ئەو خێزانە عەرەبە و زاوا کوردەکانیانی پتەوتر کردووە، ئەوەیە ساڵانێکە زۆرە مامەڵە لەگەڵ کوردەکاندا دەکەن و لەدابونەریتی و هەڵسوکەوتیان شارەزان.

ئەگەر ژیانی کەرکوک پڕ نەهامەتی و ململانێ بێت بۆ هاوڵاتیانی ئەو شارە بەهۆی جیاوازی نەتەوەیی و ئاینییەوە، ئەوە بۆ خێزانەکەی فاتیمە لەوپەڕی مورتاحی و دڵخۆشیدان.

**شووکردن ... یان گرەنتی؟**

لەچوارچێوەی قەرەبووکردنەوەی هاوڵاتیانی هاوردە و ناردەنی لە شاری کەرکوک، دەبوو خێزانە عەرەبە هاوردەکان لەدوای قەرەبووکردنەوەیان کەرکوک جێبهێڵن، ئەوەش ئەوپەڕی دڵگەرانی بوو بۆ ئەو خێزانە. بەڵام زاوا کوردەکانیان دەبنە گرەنتی مانەوەی ئەو خێزانە.

فاتیمە وتی "هەرچەند بیرماندەکردەوە نەماندەتوانی کەرکوک جێبهێڵین، چونکە منداڵەکانم هەموویان لێرە گەورەبوون".

هەروەها وتی"شووکردنمان بەکوردەکان بووە گرەنتی مانەوەمان لەم شارە، بەڵام ئێمە تەنها لەبەر مانەوەمان شوومان بەکورد نەکردووە، ئەوە نسیبە".


ئێستا دڵی فاتیمە و شەش کچەکەی لەدوای نزیکەی ٤٠ ساڵ لەدڵەڕاوکی و ناجێگری، (مانەوە و نەمانەوە) لەو شارە، بەشووکردنیان بەکوردەکان جێگیربوون.

بدریەی کچی گەورەی فاتیمە، دەڵێت زۆر دڵخۆشبووین بەوەی لەدڵەڕاوکێی دەرکردن و مانەوە رزگارمان بوو "ئێمە نامانەوێت واز لەکەرکوک بهێنین".

عەلی مێردی ئامینە دەڵێت ئێستاش خێزانەکەی ترسی ئەوەی هەیە دەری بکەن و بیگێڕنەوە بۆ شوێنی خۆیان، بەڵام ئێمە بووینە فریادڕەس بۆ ئەوان.

هەروەها وتی "جار جار بەپێکەنین و گاڵتەوە پێی دەڵێم چی دەوێت بەهۆی منەوە لەکەرکوک دەمێنیتەوە".




لە هیجای مامۆستا خراپەکاندا 16

# سێ کەسی نەناسراو ئەکرەمیان بەدەمانچەی بێدەنگ کوشت

**نێرگز قادر لە کەرکوک**

لەوکاتەی ئەکرەم لە ناو دوکانەکەیدا چاوەڕوانی کڕیار دەکات، سێ چەکداری نەناسراو دەچنە دوکانەکەوە و بەدەمانچەی بێدەنگ ئەکرەم دەکوژن، دواتر شوێنەکە جێدەهێڵن.

ئەکرەم عەباس نادر گەنجێکی تەمەن ٢٨ ساڵان، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە کاتژمێر ٧ی شەو لە دوکانەکەیدا بەدەمانچەی بێدەنگ دەکوژرێت، بەڵام خێزانەکەی ئەکرەم دەڵێن گومانیان لەکەس نییە، چونکە ئەکرەم کێشەی لە گەڵ کەسدا نەبووە.

دوکانەکەی هەر لە تەنیش ماڵی خۆیانەو سەوزە و میوەی تیا فرۆشتووە.

عبدولستار عەباس برای گەورەی ئەکرەم، بەدەستووری وت "ئێمە کیشەمان لەگەڵ کەس نییە، بڕواشناکەم براکەم کێشەی لەگەڵ کەس هەبێت".

بەپێی وتەی کەسوکاری ئەکرەم ئەوانەی ئەکرەمیان کوشتووە، سێ کەسی نەناسراوبوون و ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆمیگا ڕەنگی مارۆنیان پێبووە.

عەبدولستار وتی "ئەوانە بەچەکی بێدەنگ لێان داوە و کوشتوویانە، دوای دووسەعاتیش لە کوشتنەکەی ئینجا ئێمە ئاگادار کراینەوە، دوای ئەوەی کوڕێکی دراوسێمان هاتبوو بۆ شتکڕین و بینیبووی ئەکرەم لە ناو دوکانەکەیدا کەووتووە".

بکوژەکان سێ فیشەکیان لەئەکرەم دابوو، فیشەکێک لە مێشکی و ئەوانی تریش لەسنگی.

عەبدولستار وتی "بەداخەوە کاتێک ئێمە چووین بکوژەکە گیانی سپاردبوو".

بەر لە کوشتنی بەوتەی کەس وکاری ئەکرەم چەند ڕۆژێک بێتاقەت بووە، بەڵام براکەی وتی "لەگەڵ ئەو بێتاقەتییەی باسی هیچی نەکردووە، لەوە دەچوو هەڕەشەی لێکرابێت یان شتێک هەبێت، بەڵام هیچی نەوت".

عەبدولستار وتی"ئێمە ناتوانین بکوژەکان بناسین، یاخود کەس تاوانبار بکەین، چونکە نەمانبینیوە و کێشەشمان بەبنەماڵە لەگەڵ کەس نییە".



ئەکرەم و نەسرینی هاوسەری

ئەکرەم لەساڵی ١٩٨٢ لەشاری کەرکوک لەدایکبووەو لەساڵی ٢٠٠٣ ژنی هێناوە و خاوەنی دوو منداڵە بەناوی بەرهەم و زانا.

کەیسەکەی ئەکرەم ئێستا لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە لەبنکەی پۆلیسی مەندودە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی دیار نییە.

عەبدولستار وتی "ئێمە ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە تەنیا لەبەرئەوەی کوردین بۆیە هیچی تر نییە".

ماوەی چەند مانگێکە لەناو گەڕەکە و شوێنە گشتییەکانی شاری کەرکوک حاڵەتی کوشتنی هاوڵاتیان بەدەمانچەی بێدەنگ زیادی کردووە و پۆلیسیش کۆنترۆڵی پێناکرێت.

نەسرین کاکەمەند هاوسەری ئەکرەم، کەماڵیان لەگەڕەکی مەندووبەیە، بەچاوی پڕگریانەوە بۆ ڕۆژنامەی دەستوور وتی "چەند ڕۆژێک لەمەوبەر سەعات ٧ ی شەو لەناو دوکانەکەی پیاوەکەمیان کوشت کەسیش نازانێ بکوژەکان کێ بوون؟".

نەسرین وتی بەپێی وتەی چەند گەنجێکی نزیک دوکانەکەی ئەکرەم بوون، هیچ هەستی بەوەنەکردووە بۆ کوشتنی هاتوون.

هەروەها وتی "بەپێی قسەی چەند گەنجێکی دراوسێمان کە لەدوورەوە بینیویانە سێ پیاوی نەناسراو چوونەتە دوکانەکەوە، دوای چەند دەقەیەک چوونەتە دەرەوە، هەر ئەوانیش بکوژی پیاوەکەم بوون".

ئەکرەم لەدوای خۆی دوو منداڵی بەناوەکانی بەرهەم و زانا بەجێهێشتووە.

# ژنان پاشەکەوتی لیرەی دوبەی دەکەن

## بەپێی شەریعەتی ئیسلام هەڵگرتنی خشڵ و ئاڵتوون لە پێناو قازانجدا زەکاتی دەکەوێتە سەر

**شەونم و محەمەد**

زۆرێک لەکچان و ژنانی کوردستان لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی لیرە، پاشەکەوتی لیر دەکەن، دەیانەوێت بەپاشەکەوتی لیرە هەم پاشەکەوتی پارەکەیان بکەن، لەلایەکی تریشەوە زۆرترین قازانج بکەن.

زۆرینەی ئەو کچانەی پاشەکەوتی لیرە دەکەن موچەیەکی دیاریکراویان هەیە و فەرمانبەرن، هەندێکیان بەدوو مانگ جارێک پارەی لیرەیەک کۆدەکاتەوە و هەڵیدەگرێت، بەڵام ئەوان بۆ جوانکاری و بەکارهێنانیان نییە.

ڕۆژ دوای ڕۆژ نرخی لیرە لەبازاڕەکانی کوردستان و جیهان بەرزدەبێتەوە و نرخی یەک لیرەی دوبەی کە بەرزترین کوالیتی هەیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گەیشتە ٣٠٠ دۆلار بەبەراورد بەچەند مانگی ڕابردو و نرخەکەی تەنها ٢٧٠ دۆلار بوو.

هێرۆ خورشید لەیەکێک لەفەرمانگەکانی کەرکوک فەرمانبەرە، لە لێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "پاشکەوتی لیرە لەپاشەکەوتی پارە باشترە، لیرە لیرەیە".

هێرۆ تەمەنی ٢٥ ساڵە و هێشتا شووی نەکردووە، لەزیاتر لەساڵێک لەمەوبەرەوە بیری لەوە کردووەتەوە کە لەبری ئەوەی موچەکەی پاشەکەوت بکات، دەیداتە لیرە و لیرە پاشەکەوت دەکات.

ئەو تا ئێستا زیاتر ١٤ لیرەی کڕیوە و هەڵیگرتووە، وتیشی"زۆرینەی هاوڕییەکانم لەفەرمانگە موچەکانیان دەدەنە لیرە چونکە دەزانین زەرەر ناکەین".

دوو جۆری لیرە لە کوردستاندا بوونیان هەیە، ئەوانیش لیرەی ئیماراتی و لیرەی سلێمانین، نرخی لیرەی ئیماراتی بە ٣٠٠ دۆلارە و لیرەی سلێمانیش نرخەکەی دەگاتە ٢٩٠ بۆ ٢٩٥ دۆلار، یەک لیرەی عەیارە بیست و دوو مسقاڵەکەی دەگاتە نزیکەی ٧ گرام و دووسەد سەنتە.

پسپۆڕانی ئابووری وای بۆ دەچن بیرکردنەوەی ژنان لەوەی پاشەکەوتی لیرە لەپاشەکەوتی پارە باشترە، بیرکردنەوەیەکی لە جێی خۆیدایە بۆ ئەم سەردەمە و پێشیانوایە ئەگەر پارە نەخرێتە ناو پڕۆژەیەک یان کارێکی ترەوە لە باشترین حاڵەتدا باشترە لە ئاڵتوندا کە کۆبکرێتەوە.

هێمن عەلی دەرچووی بەشی کارگێڕی و ئابووری وتی "بۆچوونەکەی ژنان بۆ ئەوانەی نازانن کار بکەن باشترین جۆری پاشەکەوتە و ئەگەر پار نەخرێتە ئیشەوە لە ئێستادا لە باشترین حاڵەتدا ئەوەیە بدرێتە ئاڵتون چونکە ئەو کەسە زەرەری تیا ناکات".

سنوور لوقمان ٢٨ ساڵ، ژنە فەرمانبەرێکی ترە، ماوەی چەند ساڵێکە بەبەردەوامی پارە بۆ کڕینی لیرە کۆدەکاتەوە وتی "٢٥ لیرەم پاشەکەوت کردووە بەپارەی فەرمانبەرێتیم، ئێستا لیرەکانم زۆرینەیان ئەوانەی زیاتر لەساڵێک کڕیو من زۆر زیاتر لەجاران پارە دەکەنەوە و کەواتە پارەیەکی باشم لە کڕینی لیرەدا پاشەکەوت کردووە".

سنوور بەنیازە لە ئانیدەدا ئۆتۆمبێلێک بکڕێت بەپارەی لیرەکانی و وتی "ئەگەر هەر پارەکەم کۆبکردایەتەوە ئێستا پاشەکەوتەکەم کەمبوو، بەڵام ئێستا زیاتر بووە".

بەپێی شەریعەتی ئیسلام هەڵگرتنی ئاڵتون ئەگەر لەپێناو قازانجدا بێت ئەوە زەکاتی دەکەوێتە سەر و نەدانی زەکاتەکەی حەرام دەبێت.

مامۆستا ئەحمەد محەمەد مامۆستای ئاینی لەکەرکوک، وتی "هەر پارەچەیەکی خشڵ و زێڕ و زیو ئەگەر لەپێیناو قازانجدا بێت ئەوە زەکاتی دەکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر کەسەکە بۆ خۆی بێت ئەوە زەکاتی نییە".

هەروەها وتی "دەبێت ئەوانەی خشڵ و ئاڵتوون بۆ قازانج هەڵدەگرن ساڵانە زەکات بدەن بەپێی ئەوەی لیژنەکانی فەتوا دەیدەن، ئەگەرنا ئەوە حەرامە لەئاینی ئیسلامیدا و لێپێچینەوەیان لە گەڵدا دەکرێت".



کچێک: پاشکەوتی لیرە لەپاشەکەوتی پارە باشترە

هێلین سەلیم، کچێکی ترە لەو کچانەی لیرەی دوبەی پاشەکەوت دەکات وتی "دووساڵ لیرە بۆ قازانج پاشەکەوت دەکەم بەڵام نەمزانیوە دەبێت زەکاتی لێبدەین".

هێمن ئەو ئابووریناسە وتی "یەکێک لە هۆکارەکانی گرانبوونی ئاڵتوون پەیوەندی بەزۆری خواستی هاوڵاتیانە و هەیە، چونکە لە جیهاندا دەرکەوتووە باشترین هۆکاری پاشەکەوتە ئەگەر پارە نەخرێتە پرۆژەیەکەوە".

شوان عەبدولڕەحمان، خاوەنی زێڕەنگری شوانە لەبازاڕی زێڕەنگەرەکانی سلێمانی، وتی ئێستا لەبازاڕدا لیرەی ئیماراتی زۆر مەرغوبەو خەڵک داوای دەکات.

ئەو وتی "خەڵک هەموو داوا دەکات، ژن و پیاویش دێن بۆی، لەبەرئەوە خەڵکی وا هەیە پارەی هەیە، بەڵام نازانێت ئیشی پێوە بکات دەڵێت بۆ ئەوەی کەنەخورێت و خەڵک لێم داوا نەکات بۆ قەرز دەیکات بەسەد لیرە و دایدەنێت، خەڵکی وا هەیە بە ٩٠ دۆلار لیرەی لە من کڕیوە ئێستا ٣٠٠ دۆلاری بۆ دەکات".

زانا عومەر لە زێڕەنگەری سەنگاو وتی ئەو کەسانەی زیاتر لیرە دەکڕن پارەیەکی پاشەکەوتیان هەیە و پێویستیان پێی نییە، بۆیە دەیدەن بەلیرە و لەماڵەوە دایدەنێن، لەبەرئەوە ئێستا کەمتر بۆ جوانکاری ئافرەتان بەکاردێت، ئەوانەش کە بەکاریدەهێنن زیاتر کەسانی بەتەمەنن، کچانیش زۆر بەکەمی بەکاری دێنن.



# سواڵکەرەکان.. دەرەنجامی شەڕو ناداد پەروەری عێراقن

## کەرکوک بووەتە بازارێکی باش بۆ سواڵکەرەکانی شارەکانی تری عێراق

**نێرگز قادر**

"سێ ساڵە لەمەوبەر هاوسەرکەم تیرۆرکرا، ئێستا لەگەڵ دایکە پیرەکەم ئەژیم بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان سواڵ دەکەم". نەجلە سەواف، ٣٧ ساڵ، کە ژنە سواڵکەرێکی عەرەبی نەجەفی لەکەرکووک وایوت.

نەجلە دەڵێت بەپارەی سواڵکردن نەیتوانیووە بژێوی دابینبکات، دواتر دەستیداوەتە فاڵگرتنەوە بۆ پیاوان لەناو بازاڕ و گەراجەکانی کەرکووکدا، وتی "ئێستاش خەریکی لەش فرۆشیم بۆئەوەی بژێوی ژیانمان پەیدابکەم".

بەشێکی بەرچاو سواڵکەرە نوێیەکانی کەرکووک کە زۆرینەیان ژنە عەرەب مێرکوژراوەکان یان کۆچەرییەکان کە بەقەرەچ ناسراون، ئێستا بە فاڵ گرتنەوە و لەش فرۆشی خەریکی پارە پەیداکردنن.

شاری کەرکوک بووەتە بازاڕێک بۆ زیادبوونی ئەم دیاردانە و ڕۆژ دوای ڕۆژ دیاردەکە بەرچاوتر دەبێت.

فەیزا، ٢٥ ساڵ، لە بنەماڵە کۆچەرییەکانە، چەند ساڵێک لەمەوبەر لەشاری هەولێر بووە، پێشتریش لەچەند شارێکی تری وەکو نەجەف و کەربەلا ژیاوە خەریکی هەمان کاربووە، ئێستا لەشاری کەرکوکە.

فەیزا دەڵێت پیشەی ئەوان سواڵکردنە، هەرجارە و لەشار و شارۆچکەیەکی عێراق دەگەڕێن. وتی "ئێستا من لەشاری کەرکوکم خەریکی سواڵکردنم چونکە لێرە کەس لێمان ناپرسێ".

وەدیع عومەر، ٣٧ ساڵ، منالێکی کەم ئەندامی لە ئامێزدا بوو خەریکی سواڵکردنبوو. لەشاری موسڵەوە هاتووە بۆ ئەوەی بە سواڵکردن بژێوی ژیانی خێزانەکەی دابین بکات، وتی "ئەم کارەم پێ باشترە لەوەی بچم لە بەرپرسێک بپاڕێمەوە تا پارەم بداتێ".

بەرهەم محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور دەڵێت سواڵکردن یاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەشێک لەخەڵک دوای نەبوونی هیچ دەرەتانێک پەنای بۆ دەبەن، بۆیە ڕەوا نییە بەچاوی سووک سەیر بکرێن، ئاماژەی بەوەشدا کە بەشێک لە سواڵکەرەکان وەک پیشە سەیری سواڵکردن دەکەن و فێری بوون.

وتی "هەوڵدراوە ئەم جۆرە کەسانە لەم دیاردەیە دووربخرێنەوە و دیاردەکە بنبڕبکرێت، بەڵام بێسود بووە دوای ماوەیەک دەست پێدەکەنەوە".

بەرهەم پێی باشە کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەوڵی جدی تر بدات بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە.


عەمید سەرحەد قادر بەڕێوبەری پۆلیسی قەزا و ناحییەکان کەرکوک لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە هەوڵمانداوە ئەو دیاردەیە بنبڕ بکەین، هەموو بنکەکانی پۆلیسمان ئاکادار کردووەتەوە کە لەشەقام و شوێنە گشتییەکان دەستگیریان بکەن".

ئاماژەی بەوەشدا کەئەوان چەندین حاڵەتیانگرتووە لەشارەکانی تری عێراقەوە هاتوون و وتی"ناردوومانەتەوە بۆ شوێنی خۆیان، چونکە خەریکە دیاری تریش لەسواڵکردنەوە پەردەسێنێ وەکو بەختگرتنەوە و منداڵ دزین و لەشفرۆشی".

ئاماژەی بەوەشدا هەندێک کەس بەناوی سواڵکردنەوە دێنە کەرکوک و بۆی هەیە دواتر تەقینەوەش ئەنجام بدات.



# پارتی لەچی دەترسێت... پارتی و چەمکی هاوڵاتی بچوک



ئیسماعیل حەمەئەمین

بەشی یەکەم..

## خێزانی سیاسی

قسەکردن لەسەر سیاسەت لە گۆشەنیگایەکی سایکۆلۆژییەوە، قسەکردنە لەسەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی کەخاوەن کەش و هەوای سایکۆلۆژی خۆیەتی. لە هەمانکاتیشدا ئاوڕدانەوەیەکە لە پێکهاتە دەروونیەکانی هێزەسیاسیەکان کەلەکایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە هاتوون و گردبونەوەی کۆمەڵایەتیان هەیە، لە پارت و هێزەسیاسیەکاندا خۆیان ڕێکخستووە. لەم خوێندنەوە دووبەشیەدا، هەوڵدەدەم لەڕێگەی پەیوەندیە سێکسواڵی و جەستەییەکانیەوە قسە لەسەر هێزێکی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم.

دیارە مەبەست لە پەیوەندیە سێکسواڵی و جەستەییەکان ئەو دووریە ڕەمزییە کەهەموو دیاردەیەکی مرۆیی لە مامەڵەیدا لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی وەریدەگرێت. ڕەمز و ئاماژەکان لێرەدا مانای ئەو بینراوە دیارانە نین، کەچاو دەیانبینێت، بەڵکو ئەوپەیوەندیە هەبووە نادیارەن کەلەخوێندنەوەی شیکاریدا هەوڵی کردنەوەی جفرەکانی دەدەرێت. لێرەوە باوک و کوڕ، مێینە و دایک، جەستە و چێژ و دوژمنکاری و پەیوەندییە سێکسواڵیەکان، وەک خۆیان تەفسیر ناکرێن، بەڵکو وەک هەبوویەکی ڕەمزی مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێت. ئەم دووریە سمبۆلیانە لە دەرەوەی ئێمە یاری ناکەن، بەڵکو لەنێو هەڵسوکەوتمان و مامەڵەماندا لەگەڵ یەکتردا بەرهەمی دەهێنێنەوە. ڕەمزەکان لێرەو لەوێن، ئاماژەن بۆ ئاماژەبۆکراو، لوتکەی چیای سەهۆڵن لەنێو دەریاکاندا، تەنها بەشێکی بینراون لەکۆی پەیوەندیە ئاڵۆزەکاندا. گەڕان بەدووی ڕەمزییەتی دیاردەکاندا، گەڕان نییە بەدوای ڕوناکیدا بەڵکو گەڕانە بەدووی سێبەری دیاردەکاندا، لێرەوە ئەم نوسینە گەڕانێکە بەدووی سێبەرەکانی پارتی کە لە فۆرمە جیاوازەکان و ساتەوەختە مێژووییە جیاوازەکاندا لەنێو چارەنوسەکاندا گەمەی خۆی دەکات. لە هەمانکاتیشدا گەڕانە بەدوای زەمەنی کۆنزەڤاتیزمی کوردی، کەلەپارتی و وێنە ئیسلامەوەییەکانی دەووروبەریدا تەعبیر لەخۆی دەکات.

ئەوەی لەم ساڵانەی دوایدا بۆتە دیاردەیەکی ترسناک پەلاماردانی پارتیە بۆ هەر بزواتێک، ڕۆشنبیرێک، ڕۆژنامەنووسێک، ئەکتیڤیستێک، کە بوونی پارتی لەناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیدا بخاتە ژێر پرسیارەوە. بەجۆرێک باسکردن لەهەموو گۆڕانێک لەو ناوچانەدا، (بەتایبەت هەولێر و دهۆک)، بۆتە خەونێکی دوور. نمونەی بەندکردنی ڕۆژنامەنووسان لەسەر چەند گوتارێک، فڕاندن و تێهەڵدان و تەنانەت هەڕەشەی کوشتن و کوشتنیش لە ناوچەکانی پارتیدا بۆتە وێنەیەکی زاڵی کۆی دیمەنی سیاسی لەو ناوچەنەدا. پەلاماردانی پارتی بۆ هەموو هێزیکی سیاسی لەدەرەوەی خۆی، ئەو پرسیارە دووبارە دەکاتەوە، کەچی وەها لەپارتی دەکات بەم دوژمنکاریە هەڵس و کەوت بکات؟، چی وادەکات لەپارتێکی ئاوەها بەقسەی خۆیان تەمەن پڕ خەبات و قوربانی لەهەر جوڵەیەک بترسێت کە لە ناوچەکانی نفوزی پارتیدا بانگەشە بۆ خۆی بکات؟. کەواتە پارتی لەچی دەترسێت!،

بۆچی پارتی لە هەولێردا پەنا بەر ترس و تۆقینیکی نادیار و سێبەر ئاسا دەبات؟. ئەم پارتە وەک پێکهاتەیەکی بنەماڵەیی/خێزانی بۆچی دوژمنکاری بۆ دەرەوەی خۆی بەرهەم دەهێنیتەوە؟، ڕوانینی کۆمەڵایەتی پارتی بۆ خێزان چیە و پشتگیری کامە مۆدێلی خێزان دەکات؟.


بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە ئاورێک لە پێکهاتەی سایکۆلۆژی پارتی بدەینەوە، چاوێک بەو هێزە کۆمەڵایەتیە بخشێنینەوە کە پارتی بەپشتیوانی خۆی تێدەگات، پێویستە لە هەمان کاتیشدا (کۆنەستی بنەماڵە) لەیادنەکەین کەخۆی بەمیراتگری پرسەکانی نەتەوەی کورد تێدەگات. هەموو ئەمانە ئەو کاتیگۆری و چوارچێوە سایکۆلۆژیەن، کە ئەکتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بیروڕاکانی پارتی کاری لەسەر دەکات و لەسەری دامەزراوە.

دیارە بەتەنها پارتی نیە کەپەنا دەبات بەر توندوتیژی، بەڵکو ئەوە یەکێتی نیشتیمانی و مەلاکانی یەکگرتوو و بزوتنەوەشن بڕوایان بەدارعەسای تەمێکردنی عومەری کوڕی خەتاب هەیە، بەگشتی کۆی ئەقڵی سیاسی لە کوردستاندا لەو خەیاڵە قوتاری نەبووە.. ئیدی لەبەندکردن و دادگایکردنەوە بیگرە تاوەکو نانبڕین و فەتوای داخستنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، فۆرمەکانی توندوتیژین کەپارتە سیاسیەکان لە مێژووی خۆیاندا پیادەیان کردووە. توندو تیژی و سزادانی جەستەیی، پارتی و پارتەکانی تر دەخاتە یەک خانەوە، توندو تیژی جەستەیی خاڵی هاوبەشە لەهەمووواندا. بەڵام لە گەڕانەوەدا بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە، لەهەر یەکێکیاندا بەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز و بیروڕای جیاواز دەکەوین. لە حزبی شیوعیدا سزادان دووریەکی ئایدۆلۆژی هەیە، لەلای ئیسلامیەکان بوعدێکی ئاینی قوڵ ڕەواخوازی دەکات، لەلای پارتی دووریەکی کۆمەڵایەتی و خێزانی وەردەگرێت. سزای جەستەیی لەیەکێتیدا سەرەتا ڕەهەندێکی سیاسیانەی ڕووتی هەبوو. بەڵام لەڕێگەی دەستبەسەراگرتنی تاڵەبانی بەسەر هەموو یەکێتیدا و بوونی دەزگایەکی وەک دژەتیرۆر لەژێردەست کوڕەکەیدا، (هەر چۆن ئاسایشی گشتی لەدەست کوڕی بارزانیە)، سزادانی نەیاران بەئەندامانی یەکێتیشەوە، لەلای یەکێتی، نێزیک دەبێتەوە لە سنووری سزادانەکانی پارتی، بەڵام بەفۆرمیکی لاوازەوە. لێرەوە قسەکردن لەسەر پارتی قسەکردنە لەسەر پیکهاتەیەکی خێزانی کە لە فۆرمی سیاسیدا خۆی نمایش دەکات.

## پاتریارک و خێزان

بەکارهێنانی سزای جەستەیی، دوژمنکاری جەستەیی لەلایەن پارتیەوە بۆ دەرەوەی خۆی. لە خودی خۆیدا گەڕانەوەیەکە بۆ سوستێمی کۆمەڵایەتی پاتریارکی، کەتێدا دەسەڵاتی قسەکردن تەنها بۆ پاتریارک دەمێنێتەوە. مەترسی لەوەدایە لەگەمەی دیموکراسیدا پاتریارک لە پشت دەزگاکانەوە بەبەرگێکی دیکەوە گەمەی خۆیدەکات. بەڵام کاتێک نوسەرێک، ئەکتیڤیستێک، ڕۆژنامەنوسێک، لە نێو هەمان گەمەدا لە هێڵەسنورەکانی پاتریارک نێزیکدەبێتەوە، پاتریارکی کوردی بەرگە دیموکراسیەکەی دادەکەنێت و بەڕووتی مومارەسەی توندو تیژی دەکات. توندوتیژی لە ڕۆژانی ئەمڕۆدا تەنها ئەو ساتەوەختە ئامادە نییە، کەهێڵە سورەکان بەر پەلامار دەکەون، بەڵکو لەوەدایە کەپاتریارک سوپایەکی نهێنی هەمەجۆری تەرخانکردووە بۆ پاراستنی ئەم هێڵە سوورانە. لەچەقۆکێشانی شەستەکانی سەدەی بیستەوە بیگرە تادەگاتە ڕۆژنامەنووسانی حیزب، تادەگاتە ڕاوێژکارانی خاوەن بڕوانامەی بەرز، کەهەوڵدەدەن پاتریارکیەت لەنێو گەمەی دیموکراسیدا بگونجێنن. توندوتیژی لەم حاڵەتەدا لەلایەن دەزگاکانیەوەبەرامبەر بەشەرعیەتکردن دەبێتەوە، بەمەش تۆڕێکی کۆمەڵایەتی پێکدێت کەپارێزگاری لەتوندنوتیژی دەکات و بەخێوی دەکات و فۆرمەکانی دەگۆڕێت و ئامادەی دەکات بۆ ئەو کاتانەی یەکێک لەهێڵە سوورەکانی بنەماڵە نێزیک دەبێتەوە. ئەم دەزگایانە چەندە بەناو مۆدێرنن، ئەوەندە لەنێو تۆڕی سیاسەتی خێزان یان چاکتر وەهایە بڵێین سیاسەتی بنەماڵە خۆی دامەزراندووە.

پاتریارک لە نموزەجی پارتیدا، بنەماڵەیە، بەتەعبیری سایکۆلۆژی، خێزانێکی پاتریارکییە کەتێدا لەسەر بنەمای چەپاندنی سێکسواڵی دامەزراوە. لەبەرئەوە توندوتیژی لە هەولێر دابەش دەبێت لەنێوان پارتی لەلایەک و خوتبەبێژە سیاسیەکانی مزگەوتیش لەلایەکی ترەوە، کەبەشێکی مەلاکانی یەکگرتوون، بەمانای بەئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامەوی و پارتی سێبەری تۆقاندن وسزای مەعنەوی دەکەنە یەکێک لەنەریتە دیارەکانی ئەو شارە، دیارە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە بۆ گەشەسەندنی پارتریارکیەتی ئاینی وسیاسی لەو شارەدا. ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە موحافزکارانەیە لە هەولێر بەتوندوتۆڵی ماوەتەوە وەهای کردووە کەئەو ناوچەیە بۆ گەشەکردنی پارتی و مەلایەکانی یەکگرتوو لەبارتر بێت لەهەر شوێنێکی تری دنیا. پارتی بەحوکمی هەڵقوڵانی لەنێو خێڵی کوردیەوە و پابەند بوونی بەجێگیرەکانی خێڵ و نەریتەکانی. خوێندنەوەی بۆ سزادان جیاواز دەبێت، وەک لەخویندەوەی سزادانی شیوعیە ئێراقییەکان لە زەمەنی قاسمدا بۆ نەیارەکانیان. لای پارتی، سزا چەندە دووری سیاسی هەیە، ئەوەندەش ڕەمزیەتێکی خێزانی و نەریتخوازانە بەخۆیەوە دەگرێت. لێرەوە بەرگریکردن لە پارتی یەکسان دەبێتەوە لەگەڵ بەرگریکردن لەتوندوتۆڵی



ڤلهێلم رایخ

خێزان، بەحوکمی ئەوەی پارتی هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمای بنەماڵە خۆی دامەزراندووە. سیاسەت و خێزان لەم هاوکێشەیەدا تێکەڵی یەکتردەبن، خێزانی دەسەڵاتخوازی خێڵەکی لە فۆرمی سیاسیدا وێنەکانی خۆی بەنێو هەیکەلی حکومی و ڕێکخراوەیدا دابەشکردووە.

لەکۆمەڵگەی جوتیاری و پارتریارکیدا، وەک (ڤلهێلم ڕایخ)ی دەروونناسی قوتابخانەی شیکاری دەروونی نوێ ئاماژەی پێداوە، بەرهەمهێنان و پەیوەندی خێزانی بەتوندی پێکەوە وابەستەن، هەڵوەشاندنەوەی خێزان، لەسیستێمی پاتریارکیدا مانای ڕووخانی هەیکەلی ئابووری ئەو خیزانە سیاسیە دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ڕایخ گووتەنی (شێوازی بەرهەمێنانی جوتیاران پێویستی پەیوەندیەکی توند و تۆڵی نێوان ئەندامەکانێتی.. ). گەر دیووی نەگوتراوی ئەم ڕستەیەی ڕایخ بدوێنین، دەتوانین لەوە تیبگەین کەپارتی دیموکرات هەر لەسەرەتاوە هەوڵی پاراستنی نموزەجی ئەو خیزانەیە، کەزەمانەتی بەردەوامبوونی دەداتێ لە نێو دەسەڵاتدا، لێرەوە فۆرمی پارتی فۆرمی خێزانی خێڵە، بەجیاوازی پارتەکانی ترەوە کەلەگۆشەنیگای سیاسی و ئاینی جیاوازەوە کار لەنێو سیاسەتدا دەکەن. لەلایەکی ترەوە کەباس لەخێزان دەکەین، دەبێت باس لەو پەیوەندیە سێکسواڵیە بکەین کەژیانی خێزانداری هەڵدەسوڕێنێت، پەیوەندیە سێکسواڵیەکانیش ئەو هێزە دەسەڵاتخوازەیە کەڕۆڵە کۆمەڵایتیەکان بەسەر ئەندامانی خێزاندا دابەشدەکات. لێرەوە جگە لەپەیوەندی نێوان بەرهەمهێنان و پابەندبوون بەخاکەوە کەلای جوتیاران باوە، کەبێگومان بەشێکی گەورەی کولتوری کۆمەڵگەی کوردیش ئەقڵی جوتیارە، ئەوا چەپاندنی سێکسواڵی و سێکوالیەت خەفەکردن دەبێتە بەشێکی تری ئەو پەیوەندیە. بەمشێوەیە پاتریارکیەت سیاسەتێکی سێکسواڵی بۆ خۆی دادەمەزرێنێت. ئەم پەیوەندیە سێکسواڵیە دەبێتە وزەیەک بۆ بەرهەمهێنانی هەموو وێنەکانی دەرەوەی خۆی، هەر لەنەتەوەوە بیگرە تاوەکو پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و دەوڵەت، یەکێک لەو وێنانەیهەوڵی بەرهەمهینانەوەی دەدات، فیگور و وێنەی (هاوڵاتی بچوک)ە. پاتریارکیەت بەڕای ڕایخ (چەپاندنی سێکسواڵی و خەفەکردنی گرنگترین دەسەڵاتی خێزانی دەسەڵاتخوازی پێکدەهێنێت، دەبێتە شتروکتورێکی پێکهێنەری هاوڵاتی بچوک، بێگومان بەیارمەتی ترسی ئاینی بەردەوامی بەخۆی دەدا ... ل٦٩ ) ..

بۆزیاتر زانیاری بڕوانە بەئەلمانی : ولیەم ڕایخ، سایکۆلۆژی جەماوەری فاشیزم ، چاپەمەنی کیڤیی ١٩٩٧.
Wilhelm Reich, Die Massenpsychologie des Faschismus, KiWi Verlag ١٩٩٧

پارتی دیموکرات لەم گۆشەنیگایەی ڤلهێلم ڕایخ لەهەوڵی ئەوەدایە خۆی لەگەڵ دنیای گلۆباڵ و دنیای کۆمنیکاسیۆن بگونجێنێت، بەدروستکردنی ئەو فیگورەی ناوی (هاوڵاتی بچوکە). هاوڵاتی بچوک لە سادەترین پیناسەیدا تەنها لە نێو فۆرمی شتەکاندایە وجەوهەری مەسەلەکان فەرامۆشدەکات. بەمانای لەدەزگای ڕۆشنبیرییە و کاری ڕۆشنبیری جیدی ناکات، لە حیزبدایە و گاڵتەی بەسیاسەت دێت، ڕۆژنامەنووسە و لە ناخی خۆیدا گاڵتەی دێت بەکاری ڕۆژنامەوانی، پەرلەمانتارە و پەرلەمان وەک دیوەخانێکی تەمەڵی دەبینێت، لە دواجاریشدا ئەم هاوڵاتیە بچوکە لەدەرکەوتنیدا ڕۆشنبیرە، پەرلەمانتارە، پرۆفیسۆری زانکۆیە و ڕۆژنامەنووسە، بەڵام لە جەوهەردا لە بەردەم بنەماڵەدا هەموو پرنسیبەکانی پیشەکەی خۆی لەبیر دەکات. بەمانای لەسەر مۆدیلی دەوڵەتانی کەنداو، پارتی دیموکرات هەوڵی دروستکردنی ئەو هاوڵاتیە بچوکە دەدات، کەوێنەی کوڕی بچوکە لەخێزانی خێڵەکیدا و پاتریارکیەتی خێڵەکی ئەو فۆرمەی لەتەسلیمبوون و ڕاوەستان لەبەردەست براگەورەکاندا پێ قبوڵە، لەسەر ئەو بنەمایە کێها لەئێمە لەنهێنی ئەو برابچوکی و هاوڵاتی بچوکە تێبگات، دەتوانێت پێگەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆخۆی زامن بکات.. پارتی لەسەر ئەم مۆدیلە کاردەکات و لەڕێگەی پارە و ئیمتازاتەوە کارگەیەکی شەووڕۆژەی هەیە بۆ دروستکرنی ئەو فیگورەی ناوی هاوڵاتی بچوکە.

## باوکی ئەبەدی

پارتی دیموکرتی کوردستان، لەڕووی پێکهاتەی سایکۆلۆژیەوە پارتێکە، پابەندە بەوێنەی (باوک) وەک تاکە وێنەی زاڵ لە یادەوەری سیاسیدا. ئەم وێنەیە لەسەر بەغیابکردنی وێنەی (دایک) خۆی پێکدەهێنێت. ئەم پارتە هەمیشە پابەندە بەباوکی سەرکردە و برای گەورە و ئامۆزای گەورە... ئیدی لەم تۆڕەدا تەنها نێرەکان یاریکەری یەکەم و دوایارکەری گۆڕەپانەکەن. پارتی ئەم باوکسارلاریەی خۆی دەخاتە ئەستۆی پێکهاتەی خێڵەکی کوردی و هەردوو توخمەکە پێکەوە لەئەکتێکی سیاسیدا گرێدەدات. پارتی لەوەتەی هەیە بەدەست و بەددان پارێزگاری لەم وێنەیە دەکات و بەشێکی گەورەی ستراتیژی پارتی پێکهێناوە، بەمشێوەیە دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی، کە هۆشمەندی سیاسی پارتی دیموکرات هۆشمەندیەکی نێرسالارییە لەبەرامبەر کۆمەڵگەیەکی مێینە. بەمجۆرە خەیاڵی سیاسی پارتی کاردەکات.

گەر تۆزێک ووردتر ئەم تێزە شیبکەمەوە دەتوانم بڵێم؛ کە هۆشمەندی سیاسی پارتی، کۆمەڵگە وەک مێینەیەک دەبینێت کەتەنها لەخزمەتی نێردا بوونی خۆی دەسەلمێنێت، بوونی سەلمێنراو مانای پەیمان تازەکردنەوەی مێینەیەکە بۆ نێرسالارێکی ئەبەدی. لەم ڕوانگەیەوە پارتی کۆمەڵگە وەک بکەرێک نابینێت بەڵکو وەک کار لەسەر کراوێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، وەک جەستەیەک کە لە خزمەتی ئەودایە.

ئەقڵیەتی پارتی لە نێو ماڵی سیاسی خۆیشیدا ئەم هاوکێشە دووبارە دەکاتەوە، بەمانای دەرکردنی مێینە لەهاوکێشەی بکەرێتی، ئاوەهاش ئەوانەی خوار بنەماڵە بەکار لەسەرکراو تێدەگات، بەمانای دەچنە خانەی مێینەیەک وەک کەیبانوویەکی ئەبەدی لە خزمەتی ڕێبازەکەدان. چەندە ئەقڵیەتی پارتیش بەدەستەواژەی کادرە باڵاکانی دڵخۆش دەبێت، بەتایبەت ئەوانەی تۆبە دەکەن کەدەڵێن: ئێمە خزمەتکاری بەر قاپی بنەماڵەی بارزانین.. یاخود تاکە سەرۆک هەر بەرزانیە..هتد..ئەم دانپێدانانە بۆ پارتی پاسپۆرتی چوونە ناوەوەی ئەم خێزانە پان و پۆڕەیە کەزیاتر لەنیو سەدەیە بەدەوری باوکی گەورەدا دەسوڕێتەوە. ئەم دەستەواژە بەناوبانگە بەیعەتدانە بەبارزانی بەهەموو فۆرمە جیاجیاکانیەوە، بۆتە کولتێک، کولتورێکی دێرینە و نەریتێکی کولتوری لە نێو پارتیدا. لە جەوهەریشدا ئەم دانپێدانە مانای خۆپاکردنەوەی نەیارانە لەسەر کورسیەکانی باوک، لە هەمانکاتیشدا جەختکردنە لە نێرایەتی و گەورەکردنی وێنەی پاڵەوانی نێرینە، کە لە سەرۆکدا بەرجەستە دەبێت. بۆنمونە شیوعیەکانی دیرینەکانی ناو پارتی مەجبورن هەمیشە ئەم بەیعەیە تازەبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان لەپلەی بەرزی ئەو پارتەدان، کەچی ئەوان زیاتر لەئەندامانی دیکەی پارتی بەردەوام لەم پرۆسەی بەیعەتدانە بەردەوامن. ئەم پارتە لەم کەشە سایکۆلۆژیەوە گەشە بەخۆی دەدات، ئەوانەی خوار بنەماڵە لەم کاتیگۆریەی کەیبانووە ئەبەدییەکانن و دەبێت ئەو ڕۆڵە قبوڵبکەن. بەمشێوەیە لەنێو حزبدا نموزەجی هاوڵاتی بچوک و بچوکتر بەرهەمدەهێنرێت..

کۆتایی بەشی یەکەم



# لە هیجای مامۆستا خراپەکاندا



ياسين عومەر ئيبراهيم

ئەگەر لێم بپرسن لە نزیکەی بیستودوساڵی خوێندنتدا چەند مامۆستای باشت دیوە، بێدوودڵی دەڵێم کەم نین ئەو مامۆستا باشانەی وانەیان پێوتوومەتەوە، بگرە هەندێک لەوانە مرۆڤی نائاسایی بوون و زۆر زیاتر لە مامۆستایەک بوون، ئەو مامۆستایانە بوعدێکی پێغەمبەرانەیان دەدایە پیشەکەیان و بەشێوازێکی هێند کاریگەر دەهاتنە پۆلەوە کە ئێمە لە خەونەکانیشماندا لاساییمان دەکردنەوە، مامۆستایانی وەکو عەلی تاهیر بەرزنجی، فەوزی رەمزی، عەبدوڵڵا مەحمودی فیزیا، سامان و یاسین عەزیزی کوردی، کە هەر چواریان لە ئامادەیی هەڵکەوت وانەیان پێوتوومەتەوە، هەروەها مامۆستایانی بەرێزی وەکو دڵشاد رەفیق-ی بەڕێوبەری ئامادەیی هەرێمی ئێوارانو مامۆستا بەهجەت-ی ئابووری و چەند مامۆستایەکی دیکە کە ئەفسووس یادەوەرییم هاریکارییم ناکەن بۆ بیرهێنانەوەیان؛ تایپێکی تایبەت بوون لە مامۆستا کە مامۆستایەتییکردنیان وەکو وەزیفە و ئەرک و جۆرێک لە دەسەڵات تەماشانەدەکرد، ئەوانە چێژیان لە مامۆستابوون وەردەگرت و هاوشێوەی خواردنەوەیەکی بەچێژ لەم ئیشەیان دەڕوانی، لە تێڕوانینی ئەواندا مامۆستایەتییکردن جۆرێک بوو لە هاوبەشییکردنی مەعریفی لەگەڵ ئەوانیدی، مامۆستایەتیکردن پرۆڤەکردن بوو لەسەر فێربوون، گۆڕینەوەی ئەزموون بوو لەگەڵ ئەوانەدا کە بە قوتابی/خوێندکار/فێرخواز ناودەبران.

ئەوانە وەکو هەموو یادەوەرییە جوانەکانی دیکە لە بیرەوەرییما هەڵکۆڵراون، بەڵام بەوەدا کە بیرەوەریی مرۆڤ تەنیا شتو رووداوە باشەکان هەڵناگرێتو توانستێکی سەیری هەیە بۆ پاراستنی شتە ناشرین و ناخۆشەکانیش، دەبێت بڵێم بەداخەوە فیگەری زاڵی مامۆستایانی کورد ئەو فیگەرە نییە کە مامۆستایانی ناوبراو لە پێشەوە هەیانبوو، ئەوانە کەمینەیەکی ناو ئاپۆرایەکی گەورەن لە مامۆستا کە بەشێوەیەکی زۆر سەیروسەمەرە مومارەسەی ئەم کارە گرنگە دەکەن، بە یەک دنیا گرێی دەروونییەوە وانەدەڵێنەوە، لە تەوقی سەرەوە تا نووکی پێیان بە بچووکزانین و بە ناچیزەگرتنی قوتابییە، توانستی کۆمەنیکەیشنیان سفرە، ئیدارەکردنی پۆلیان لە خوار سفرەوەیە، ئەوە جگە لەوەی ئاستی رۆشنبیرییان زۆر لاوازە و تەنانەت لە پسپۆڕییەکەی خۆشیاندا هەندێجار دەبنە مایەی لاقرتەپێکردنی قوتابییە زیرەکەکانیان، هەربۆیە ئەم تایپە لە مامۆستا لە هەندێک بارودۆخداو کاتێک رووبەڕووی دۆخێکی نائاسایی وەکو جووڵەیەکی نەشیاوی قوتابییەک، یان پرسیارێکی نەشاز، یان پشێوییەکی کاتی نێوان قوتابییەکان دەبنەوە، کەسێتییە کۆمەڵایەتییە راستەقینەکەی خۆی دەردەخاتو جەللادەکەی ناوەوەی رەهادەکات و بە شەق و بۆکس و دارو بەرد دەکەوێتە وێزەی قوتابییەکان.

مەترسیدارترین جۆری ئەم مامۆستایانە ئەوانەن کە لە قوتابخانە بنەڕەتیی و ناوەندییەکاندا وانەدەڵێنەوە، ئەوان لە چەند روویەکەوە مەترسیدارن، یەکەم ؛چونکە لەگەڵ کائینێکی زۆر هەستیارو ناسکی وەکو منداڵدا مامەڵەدەکەن. دووەم؛ ناهاوسەنگی جەستەیی نێوان مامۆستاو قوتابی، قوتابی جەستەیەکی لاوازو ناسک، مامۆستا لەوکاتەدا ئەگەر تازەش دامەزرابێت لە لوتکەی هێزی جەستەیی خۆیدایە. سێیەم؛ لەڕووی دەروونییەوە منداڵ خاوەن یادەوەرییەکی ئێجگار ئەکتیڤ و تیژو تۆمارکەرە، سادەترین رووداو تۆماردەکات و تەفاسیلەکان وەکو خۆی دەکاتە ئیمەیج. دووبارە دەبێت بڵێم بەداخەوە کە زۆرینەی توندوتیژییەکانیش لەم قۆناغەدا روودەدەن، لەم قۆناغەدایە کە مامۆستا خراپەکان توانستی بەهێزیی ماسولکەیی خۆیان تاقیدەکەنەوە، ئەوان چونکە حەسانەیەکی کۆمەڵایەتییان هەیە و هەمیشە لە کێشەکاندا بە بێتاوان لەقەڵەمدەدرێن؛ لە هیچ شتێک سڵناکەنەوە و ماشێنە وێرانکەرەکەی ماسولکەو توانج و بگرە جنێویش دەخەنەگەڕ، ئیدی چۆلەکەیەکی بەستەزمان دەتوانێت لە ئاست ماشێنێکی ئاوا بێڕەحمدا چ بەرگرییەک نیشانبدات؟

بەهۆی ئەوەوە کە ماوەیەکی زۆرە لەناوەندەکانای خوێندنی پێش زانکۆیی دوورکەوتوومەتەوە، تەنیا لە دوورەوە گوێبیستی ئەو توندوتیژییە دەبووم کە هێشتاش قوتابیان لە قوتابخانەکانی کوردستاندا رووبەڕوویدەبنەوە، بەڵام تەنیا لەماوەی ئەم هەفتەیەی پێشوودا مامۆستاکانی کورد پاڵەوانی دوو نەبەردیی مەزن بوون لە دژی قوتابیان، یەکەمیان ؛لە رۆژنامەی دەستوور، ژمارە ٥٨ی رۆژی ٢٤-١١ بڵاوکراوەتەوە، مامۆستایەک لە شاری کەلار بە دار لە قوتابی ئالان محەمەد دەدات و دەستی دەشکێنێت، "شکاوییەکەی دەستی ئەوەندە خراپ بووە، پلاتینیان بۆ دەستی ئەو خوێندکارە دانا". سەرەنجام کێشەکە بە سوڵحی عەشایەری دەبڕێندرێتەوە و ئازارەکانی ئالانیش وەکو گۆشتی خێر دەخرێتە ژێرپێی سیستەمی پەروەردەی ئەم وڵاتە ناشرینەوە. داستانی دووەمیان لە شارۆچکەی چوارقوڕنەیە، لە ژمارە ١٣٩ی رۆژنامەی رووداو-ی رۆژی ٢٩-١١دا بڵاوکراوەتەوە، رەوشت کەمال کچێکی جوانکیلەی حەڤدە ساڵانە، بەهۆی ئەوەی بە قۆپیەوە گیراوە لە لایەن مامۆستاکەیەوە ناوی دەدرێت بە یاریدەدەری بەڕێوبەری قوتابخانەکەو بە پۆلەکاندا دەگەڕێنرێت وەکو تاوانبارێکی مەزن ناوی دەخوێندرێتەوە، سەرەنجام رەوشت بەرگەی ئەم "ناوزڕاندنە" گەورەیە ناگرێت و لە ترسی ئەوەی لەبەردەم هاوڕێکانیدا سەریشۆڕنەکات دەبەیەک نەوت دەکات بەخۆیدا و سێ رۆژ بەر لەئێستاش بەهۆی سووتانە کاریگەرەکەیەوە لە سلێمانی شەهیدبوو. ئەم دوو نموونەیە کە لەماوەی کەمتر لە دە رۆژدا روویانداوە نموونەیەکە لە خەرواری ئەو توندوتیژیی و بێڕێزییانەی کە قوتابیانی کورد لەلایەن مامۆستایانی جەللادی لەو جۆرەوە رووبەڕوویدەبنەوە.

یەکێک لە هاوڕێکانم کە توێژەری کۆمەڵایەتییە گێڕایەوە کە ئێستاش لە قوتابخانەکاندا توندوتیژییەکی فیزیکی و دەروونیی ئێجگار بەرفراوان لە دژی قوتابیان پیادەدەکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی میدیاکان سەرقاڵی شتی بێمانان ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەو چیرۆکانە دێنەدەرەوەی دیوارەکانی دەرەوەی قوتابخانە، هێشتا لە قوتابخانەکانی کوردستاندا مامۆستا هەن تف دەکەنە دەمی قوتابییەوە، یەکێک لە قوتابییەکان بەهۆی ئەوەی چاوی جوانبووە لە لایەن مامۆستایەکی نەخۆشەوە و لەبری یەکترناسین و بەخێرهێنان یەکەم وشەی کە پرۆسەی کۆمەنیکەیشنی لەگەڵ ئەو قوتابییە چاوجوانەدا پێدرووستدەکات رستەی "چاوت زۆر حیزە"یە، مامۆستا هەیە تەنانەت جنێوی بە خوشکو دایکی قوتابییش داوە، کە ئەم رووداوانە دەبیستم یان دەخوێنمەوە تووشی شۆک نابم، بگرە دەگەڕێمەوە بۆ ناو خۆم، دەگەڕێمەوە بۆ منداڵی، "دەگەڕێمەوە بۆ بەردەم مامۆستا" بێڕەحمەکان، ئەوانەی لەبری گوڵ دارحەیزەران و لەبری شیرینی قوزەڵقورت لە دەستیاندا بوو.

"سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ـە، بەفرێکی قورس باریوە، من قوتابی پۆلی دووەمی سەرەتاییم لە یەکێک لە قوتابخانەکانی سلێمانی، رەنگە پلەی گەرما چەند پلەیەک ژێر سفر بێت، شەڕەبەفرێکی ئێجگار خۆش لە نێوان قوتابییەکاندا سەریهەڵداوە، پاش ماوەیەکی کەم جەنابی بەڕێوبەرو یاریدەدەرەکەیو چەند مامۆستایەک بە زەبری دارو جنێوو هەڕەشە؛ ئەم یارییە چێژبەخشەیان خامۆشکردەوە. کێ یارییەکەی دامەزراند؟ منو هاوڕێیەکی دیکە بەرکەوتین، راپێچکراین بۆ پۆلێکی چۆڵی ساردوسڕ، دارێکی ئەستووری وشک چاوەڕێمانە، من بیستو پێنج داری مزرم خوارد، بیهێننە بەرچاوی خۆتان، لەو سەرمایەداو بەو دارە ئەستوورەو بەو منداڵییە لاوازەی منەوە دەبێت چ ئازارێک هاتبێتە رۆحمەوە! بۆ ماوەی یەک هەفتە دەستم بەتەواویی کارینەکرد، دوایش کەس قەرەبووی ئازارەکانمی نەکردەوە، بەڵام وێنەی ئەو مامۆستایەم لە یادەوەرییمدا هەڵگرت، بۆ ماوەیەکی زۆریش دەمێنێتەوە".

ئەو رووداوانە درێژکراوەی مێژوویەکی بێڕەحمانەن لە سێکتەری پەروەردەی ئەم وڵاتەدا، بە ماوەیەکی کەم دوای راپەڕین، لە یەکێک لە قوتابخانە ناوەندییەکانی ئەم شارەدا، قوتابییەک لەگەڵ مامۆستایەکیدا بووە کێشەیان، بەهۆی ئەوەی قوتابییەکە بونیەی بەهێزو کەڵەگەت دەبێت لەخۆی رادەبینێتو یەخەی مامۆستا دەگرێتو دەبێتە شەڕیان، دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر لە یەک جیادەکرێنەوە، قوتابییەکەیان فەسڵکرد، تەنیا ئەوکاتەش گێڕایانەوە کە لە ریزبوونی پێنجشەممانی قوتابخانەکەدا هێنرایە دەرەوە، چیان پێکرد؟ سووکایەتیی تا ترۆپک، سەرپێشۆڕکردنیان تا دوا سنوورەکانی خۆی برد، ناچاریانکرد سەری دانەوێنێتو لەبەردەم زیاتر لە سێسەد قوتابییدا پیڵاوەکانی مامۆستاکەی ماچبکات، من لە سەر دیواری قوتابخانەکەوە لەو دیمەنە تراژیدییەم دەڕوانی، بەماوەیەکی کەم دوای ئەوە وازی لە قوتابخانە هێنا، لە کۆتاییەکانی دەیەی نەوەدیشدا لەگەڵ بیست و هەشت کەسی دیکە، دوای ئەوەی هەوڵدەدەن ئەو وڵاتە جێبهێڵن کە تیایدا ناچارکرا قۆنەرە ماچبکات، لە سنووری ئێران تورکیا، لەلایەن ژاندارمی تورکەوە گوللەباران کرا و کوژرا.




کێ دەتوانێت دڵنیامبکاتەوە کە هێشتا ئەم دیمەنانە لە قوتابخانەکانی ئێمەدا نەماون، کێ دەتوانێت دڵنیامبکاتەوە کە چەند ساڵێکی کەمی دیکە، کاتێک منداڵەکەم دەنێرمە قوتابخانە مامۆستایانی لەمجۆرە وانەی پێناڵێنەوە، کێ دڵنیامدەکاتەوە کە ئیدی ئەو سەردەمە بەسەرچووە گۆشتی قوتابی وەکو قوربانیی ببەشرێتەوە، من هێشتا فیگەری مامۆستا خراپەکان لە هەموو شوێنەکاندا دەبینم، لە راڕەوی قوتابخانەکاندا، لە سەر رووپەری رۆژنامە و گۆڤارەکان، لە تیڤییەکاندا، لە هەوادا، لە ئاسماندا، بگرە هێشتا لە خەونەکانمدا دێن و دەچن.

دەبێت سنوورێک بۆ ئەمجۆرە لە مامۆستا دابنرێت، ئەمانە خۆرەن و پێویستە ریشەکێشبکرێن، ئەمانە خودانی یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی بواری کاری پەروەدەیی نین کە بریتییە لە قەناعەتپێهێنانی لۆژیکی، ئەمانە لەبەرئەوەی خاوەن مەعریفەیەکی فراوان نین و ناوەوەیان پڕە لە گرێ؛ دەست لە هیچ شتێک ناپارێزن، ئەمانە دەبێت لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و رێکخراوەکانی قوتابیان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی و میدیاکان و خێزانەکان و مامۆستا باشەکانەوە بدرێنە بەر نەشتەری رەخنەو هەڵبماڵرێن، دەبێت ئەو حەسانە کۆمەڵایەتییەی هەیانە نەهێڵدرێت و راپێچی بەردەم یاسا بکرێن و تەنانەت دەربکرێن و وەک چۆن یاریدەدەرەکەی قوتابخانەی چوارقوڕنە بە خاتوو رەوشت-ی وتبوو: "ناوی لەلای پاقلەفرۆشەکانیش هەڵدەواسم" ناویان بخرێتە سەر زاران، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە توندوتیژیی قوتابخانەیی کۆتایی پێبهێنرێت، دەبێت سەرلەنوێ پەیوەندیی نێوان قوتابیی و مامۆستا دابڕێژرێتەوە، دەبێت قوتابی خاوەنی مافی راستەقینەی خۆی بێت لە پاراستنی کەرامەت و رێزو مرۆڤایەتییەکەیدا، ئیدی دەبێت باوی ئەو ئیدیۆمە سوواو و هیچە نەمابێت کە گۆشتی قوتابی دەداتە مامۆستاو ئێسقانەکانیشی بۆ باوک. ئەزیزان قوتابی مرۆڤە، مرۆڤێکی تەواو، نە موڵکی باوکە نە هی مامۆستا، کەسیشیان بۆیان نییە بیکەنە بابەتی مامەڵەکردن، ئەگەر باوەڕیشمان بەوە نییە واتە هێشتا لە سەردەمی بەرددا دەژین و شایەنی فاتیحەیەکی دوورودرێژین.

Yaseen_omer80@yahoo.com

# نوێژە بارانەو بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی!



شوان سدیق

لەگەڵ دەسپێکی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، گوایە وشکە ساڵییە هەڵمەتی نوێژە بارانەش هاتەگۆڕێ، چونکە لە جێیی ئەوەی "یەکێتی زانایان"ی ئیسلام، لە ٢٥ نۆڤەمبەردا کە بە رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ناوزەد دەکرێت، ئەوان بهاتبان، بەرنامەیەکی هەمە لایەن و گشتگیریان هەبێ وەک بەدیل و ئەلتەرناتیڤێک بۆ گەورەترین کێشە کە ڕووی لە کۆمەڵگای کوردی کردووە، چونکە بەگشتی هۆکاری سەرەکیشی ئیسلام بوونی کەسەکانی پێ تۆمەتبار دەکرێت.

کەچی یەکێتی "زانایانی ئایین"ی لە ڕێگای سکرتێرەکەیەوە، رایدەگەیەنێ کە "بە هۆی دواکەوتنی باران بارین، سووننەتە موسڵمانان بچنە نوێژە بارانەو، خۆیان بە ملکەچی پیشان بدەن، بۆ خوای گەورە، ئەویش بۆ ئەوەی لەلایەکەوە ئەو سووننەتە زیندوو بکەنەوە و ئەو هەموو موسڵمانە لە خوای گەورە بپاڕێنەوە، بۆ ئەوەی بارانی رەحمەتمان بەسەردا بباریت".

شتێکی ئاساییە یەکێتی زانایانی ئاینی شوێن کەوتوانی ئیسلام لەوە هۆشیار بکاتەوە، کە روو لە دەشت و دەرو ناوچە شاخاوییەکان بکەن، بۆ ئەوەی نوێژە بارانە بکەن، بەڵکو باران بباریٚ!! چونکە بەو پێیەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن دیارە کۆمەڵێکی زۆریش لەخەڵکی ئێمە تا هەنووەکەش ئەو قەناعەتەی جارایان ماوە کە رووله دەشت و دەر بکەن بەنیەتەی باران بارین، نزا و پارانەوەکانیان گیرا و قەبووڵ دەبێت.

بەڵام خۆ دەشکرا لەگەڵ بانگەوازی رووکردنە نوێژە بارانە ئەو یەکێتییە "زانایان"ە کە رۆژ و زروف و سەردەم و یاساکانی وڵات و پەروەدە و سیستمی بەڕێوەبردنی ژیان وایکردووە، زۆرینەی خەڵکی کوردستان گوێیان بۆ ڕاگرێ و ئەوان لە جێگای بڕیاربن، لە ڕێگەی مینبەر و راگەیاندنەکانیانەوە، رەوایەت و بایەخیان بە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بدابایە. هەر هیچ نەبێ وەک چۆن داوای ملکەچ بوونی مرۆڤەکان دەکات، بۆ "خودا" دەشکرا داوایان بکردبایە بۆچی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا توندوتیژی بەرامبەر مرۆڤی دی دەکەن!!

چونکە یەکێک لە هەرە کێشەکانی ئێستای کۆمەڵگا پرسی توندوتیژییە لە نێوان ئینسانەکان بەتایبەتی بەشێک لە رەگەزی نێرینە بەرامبەر بە مێینە ئەنجامی دەدەن، هەر ئەوەش وایکرد، کە لە یەکەم رۆژی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، سەرۆکی حکومەت دانی نا بەو راستییەی لە کۆمەڵگای "ئێمە" بەبیانووی شەرفپارێزی و ناموسگەریی ژن "قوربانی دەدات". دکتۆر بەرهەم ئەوەشی خستەروو کە ژیانی ٢١ ساڵ لە وڵاتی سوید کە بەدەستی باوکی درایە بەر چەقۆ و بووە، قوربانی ناموسپەرستی و خەڵتانی خوێن کرا. ئەوە بۆ ناوبانگی کۆمەڵگای کوردیی کاریگەری نێگەتێڤی دەبێ!!

بێگومان بەپێی ئەو ئامارانەی سەرۆکی حکومەت خۆی خستییەڕوو، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان، (٥٩) حاڵەتی کوشتن و (٢٣٩)ی سووتان و (٦٧١) حاڵەتی ئەشکەنجەدان و (٢٣) حاڵەتی توندوتیژیی سێکسی و (١٠٢٨) سکاڵا لەبارەی توندوتیژیی تۆمارکراون"، سەرۆکی حکومەت دانیشی بەوەدا نا کە ئەو ئامارانە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ کوردەواریی جێگای نیگەرانین و دەبێت "هەوڵی جدیی بدەین بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی یاسایی کار بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنیان بکەین".

ئامار و قسەکانی سەرۆکی حکومەت و هەموو ئەو گوتارە جیاجیا و بوونی ئەو ئارێشانەی کە رووبەڕووی ژنان دەبنەوە، مانای ئەوەیە هێشتا، بەهۆی کەلتوور تێکەڵاوی و هاوردەکردنی نەریتە جۆر بە جۆرەکان، ناموس پارێزی لە شەرەفی تاکو بنەماڵە و تایفەوە باوە و بە حەڵاڵ دەزانرێ چونکە لە هەموو نەریت و یاسای کەلتووری و فەرهەنگە دواکەوتوویی و ئاینییەکانی کۆمەڵگا ڕەوای پێدەدرێت، واتە بە حەڵاڵ دەزانرێت!!

کەواتە پرسی تیرۆکردنی ژنان و کوشتنی مرۆڤ لە کوردستان لەسەر بابەتێک کە جێگای ئەوە نییە قەبووڵ بکرێ ئەو فەرهەنگەش ریگا بە کوشتنی ئینسان دەدات، پێویستە نەک جیابکرێتەوە، لە بەرێوەبەردنی ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان بگرە دەبێ کار لەسەر ئەوەش بکرێ تاکەکانی کۆمەڵ دوور بخرێنەوە، لە هەموو ناوەندە خورافی و ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە مایەی پێگەیاندنی کەسی توندڕەو و مرۆڤ کوژ.

باچیتر ئەو هەڵمەتەش تەنیا بۆ بۆیاخکردنی رووی راگەیاندەکان نەبێت، یان کۆمەڵێک کەس نانی پێوە بخۆن، دەکرێت دەنگێکی دەستە جەمعی و هاوبەش پێکبهێنرێت، بۆ رێگا چارەی گونجاو لەسەر پرسی توندوتیژی، بەبێ دەستێوەردانی کەسی حیزبی و ئاینی. بۆ ئەوەی چیتر هانا نەبرێت بۆ هیچ ناوەندێک کە خۆی بە میراتگر و دەم راستی کۆمەڵگا بزانێ و دەیەوێت، کەسەکانی ناو کۆمەڵ بۆ نوێژە بارانە ملکەچ بن، بەڵام بێدەنگ لە بەرامبەر پرسێکی وادا.

ئەگەر وەک وەڵامەکەی سەرۆکایەتی هەرێم وەڵام نەدرێنەوە، کە لە جیاتی ئەوەی وەڵامێکی دڵخۆشکەری رێکخراوە و هەڵسوڕاوە مەدەنییەکان بە موژدەیەک بداتەوە، کەچی دێت وەک وەڵامدانەوەیەک لە بەرانبەر هەڵوێستی ئەو کەسانەی کە نایانوێت خەڵکی ژن کوژ بەر لێبوردنی سەرۆکی هەرێم بکەوێ، سەرۆکایەتی هەرێم وەڵامێکی وا دەداتەوە، لە جیاتی دڵخۆشکردن دێت ئەو کەسانە قەرزار بار دەکات!!.

shwansdiq@yahoo.com




شوێن بۆ ریکلام
12cm x 23cm
0533187811 info@destur.net

شوێن بۆ ریکلام
12cm x 23cm
0533187811 info@destur.net

www.arsivakurdi.org


# بزنێک دوو بەچکە بەوەر بەخێو دەکات



**دەستوور**

لە یەکێک لە باخچەکانی ئاژەڵی وڵاتی چین بزنێک دوو بەچکە بەوەر بەخێوە دەکات و خەریکی گەورەکردنی بەچکە بەبرەکانە.
تۆڕی هەواڵی شین هوا بڵاویکردەوە ئەو بەچکە بەوەرانە لە باخچەی ئاژەڵانی جیو فینگی وڵاتی چینن و بەپێی هەواڵەکە دایکی ئەو بەچکە بەوەرانە بەهۆی نەخۆشییەوە مردووە و ئێستا ئەو بزنە شیر بەهەر دوو بەچکە بەوەرەکە دەدات.
لە ئێستادا ئەو مەسەلەیە بووەتە جێگەی سەرنج و بە هەزاران گەشتیار و پەیامنێری کەناڵەکانی راگەیاندن بە مەبەستی بینین و گواستنەوەی هەواڵ و وێنەی ئەو مەسەلە روویان لەو شوێنە کردوە.

# زیاتر لە ٢٧٠ بەرهەمی پیکاسۆ دۆزرایەوە



لە وڵاتی فەرەنسا زیاتر لە ٢٧٠ تابلۆی وێنەکێشی ناسراوی فەرەنسی پیکاسۆ دۆزرایەوە.
ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا بڵاویکردەوە نرخی تابلۆ دۆزراوەکانی پیکاسۆ زیاتر لە ٩٠ ملیۆن دۆلارە و ئەو تابلۆیانە لەلای پیاوێک بەناوی پیر لۆگنک لە باشووری فەرەنسادا دۆزراونەتەوە.
بەپێی راپۆرتەکە پیر لۆگنکی ٧١ ساڵە سەرەتاکانی مانگی ئۆکتۆبەر سەردانی کلۆد پیکاسۆ کوڕی پیکاسۆی کردووە و بەشێک لە تابلۆکانی بردووە تا بزانێ ساختەن یان نا، لە بەرامبەریشدا کوڕەکەی پیکاسۆ پۆلیسی ئاگادار کردووەتەوە.
پۆلیسی فەرەنسا ئەو پیاوەی دەستگیرکردووە و دەستیشی گرتووە بەسەر هەموو تابلۆکاندا.
بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی لیبراسیۆن لۆگنک لە سێ ساڵی کۆتایی ژیانی پیکاسۆدا لەلای ئیشی کردووە، بەڵام ئەو پیاوە بەپۆلیسی وتووە کە ئەو تابلۆیانە لەلایەن پیکاسۆ و هاوسەرەکەیەوە وەک دیاری پێیدراون.
کوڕەکەی پیکاسۆ ئەوە رەتدەکاتەوە و بەشێوەی رەسمیی داوای یاسایی لەسەر ئەو پیاوە تۆمارکردووە.
تابلۆ دۆزراوەکان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠١ بۆ ١٩٣٢ کێشراون.
پیکاسۆ بەرەچەڵەک ئیسپانیاییە و یەکێک لە ناسراوترین و سەرکەوتووترین وێنەکێشەکانی سەدەی بیستەمی جیهانە.


# سایتی ویکیلیکس هاککرا

**دەستوور**

سایتی ویکیلیکس لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کەوتە بەرپەلامار و هاککرا. دوای ئەوەی ژمارەیەک بەڵگەنامەی گرنگی لەسەر شەڕی ئەفغانستان و عێراق بڵاوکردەوە.
ئاژانسی هەواڵی ماشابڵ بڵاویکردەوە کە جۆری هاککردنەکە DDOSە و بەشێوەیەکە کە ترافیکێکی گەورە لە سایتەکەدا دروستدەبێت و هەموو پاناباند (فەزا)ی سایتەکە بۆ بەدواداچوونی ئەو قەرەباڵغییە تەرخانکراوە.
سایتی ویکیلیکس لە لاپەڕەی تایبەتی خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردووەتەوە.
بەپێی راپۆرتەکە ئەو پەلامارە کاتێک هاتە ئاراوە کەسایتی ویکلیکس رایگەیاندبوو لە درێژەی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکاندا بەنیازە هەزاران پەیامی دیکەی دیپلۆماتیکی نهێنی بەرپرسانی ئەمریکی بڵاوبکاتەوە.
ویکیلکس تائێستا بۆ سێ جار و بەرووبەرێکی بەرفراوان بەڵگەنامە نهێنییەکانی جەنگی ئەفغانستان، عێراق و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای بڵاوکردووەتەوە.




# پیرترین قەشە




پیاوێکی ١٠٧ ساڵەی خەڵکی سیاتێلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەک پیرترین قەشەی کڵێساکانی ئەو وڵاتە ناسێنرا و ئەو نازناوە لەلایەن بەشی پیاوانی ئایینی ئەمریکاوە تۆمارکرا.
تۆڕەکانی هەواڵی ئەمریکا بڵاویانکردەوە ئەو قەشەیە ناوی ئۆتیس کلارکە و رەش پێستە.
قەشە ئۆتیس لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن وتوویەتی کە لە هەرەتی گەنجیەتییەوە لە خزمەتی کڵێسا و خەڵکدا بووە و تا کۆتایی ژیانی درێژە بەئیشەکانی دەدات.

# لە هیندستان موبایل بۆ کچان قەدەغەکرا

**دەستوور**

لە یەکێک لەگوندەکانی وڵاتی هێندستان بەبیانووی بە لاڕێدابردنی کچان و رێگریکردن لە راکردنی کچان بەکارهێنانی مۆبایل بۆ کچانی گەنج قەدەغەکراو وەک بڕیارێک لەلایەن ئەنجوومەنی گوندەکەشەوە پەسند کراوە.
تۆڕی هەواڵی جیهانی ئابووری بڵاویکردەوە ناوی ئەو گوندە لانکەیە و لە مانگەکانی رابردوودا چەندان کچی ئەو گوندە بەهۆی زاڵبوونی کلتووری پیاوسالاری و رێگریکردنی کچان لە شووکردنی ئارەزوومەندانە، لەگەڵ کوڕە خۆشەویستەکانیاندا رایانکردووە.
بەپێی راپۆرتەکە ئەندامانی ئەنجوومەنی گوندەکە مۆبایلیان بەهۆکاری سەرەکی روودانی ئەو حاڵەتانە دەستنیشانکردووەو هەر بۆیە بڕیاری یاساغکردنی مۆبایل بۆ کچانی گەنجیان پەسندکردووە.





**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

پێویستە ئەو دەمەقاڵەیە هەڵپەسێری کە لەگەڵ هاوڕێیەکی دێرینتدا هەتە. بارودۆخی دەروونیت جێگیر دەبێتەوە و کارە کەڵەکەبووەکانت وردە وردە تەواودەکەیتو هەست بەئاسوودەیی دەکەیت. ئاگات لە خۆشەویستەکەت بێتو زویری مەکە.



**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

بەردەوام سەرقاڵیت بە یارمەتیدانی کەسانێکەوە کە حەز بەبینینت دەکەنو خۆشیاندەوێی .بەڵام پێویستە خۆت لەبیرنەکەیتو تەندروستیت فەرامۆشنەکەیت .گازی لەوە گەورەتر مەگرە کە ناتوانی بیخۆیت. کەسێک بەنهێنی خۆشیدەوێی، بەڵام هەستی پێناکەیت.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

گەیشتوویتەتە ئەو دەرەنجامەی کە شوێن دڵت نەکەوتوویتو لە مەشدا زیانت بەرکەوتووە. لە کارەکەتدا بەباشی پێشدەکەویت، بەڵام لەئاستی پێشبینییەکانتدا نییە. ئەمەش وات لێدەکات قایلنەبیت بەوەی کە دەیکەیتو هەوڵی گۆڕانکاریی بدەیت.



**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

دەورووبەرەکەت بۆچوونەکانتیان زۆر پێخۆشە. ئەمەش وات لێدەکات لەژیانی کاردا جێگەی شانازی بیت. کاتێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی لەمێشکتدایە. باری داراییت باشدەبێتو داهاتت زیاد دەکات. هیوایەکی نوێ بەژیان دروستدەبێت لەلات.




**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

لەم هەفتەیەدا چوونەدەرەوەو بینینی کەسێکی چاوەڕواننەکراو کاریگەریی لەسەر ژیانت جێدەهێڵێت. هەروەک چەند رۆژێکی هەفتە لەماڵەوەو سەرگەرم بوون بەیەکێک لە حەزەکانتەوە بەسەردەبەیت. لە ئێستادا ئەو دنیایەت لە هەموو شوێنێک پێخۆشتر کە تێیدایت.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

هەندێک شتی بچوک لە کارەکەتدا بێزارتدەکەن و ئەوەندەی بۆت دەکرێ، هەولبدە خۆتیان لێ بەدوور بگریت. رەوتی هەسارەکان بەوە ئامۆژگاریت دەکەن کە بەپێی حەزەکانت بجوڵێیتەوە و تەرکیز نەخەیتە سەر ئەو شتانەی کە حەزیان پێناکەیت.



**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا کەسی زۆر تایبەت دەناسیت. کەسێکە کە دەتوانی هاوڕێیەتییەکی گەرم و درێژخایەنی لەگەڵدا ببەستیت. هەواڵی کەسێکی خۆشەویسست پێدەگات کە ماوەیەکە ئاگاداری نیت. ئەویش بەوەڵامەکەت زۆر دڵخۆشدەبێت.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

سەبارەت بەشتێک کە ئەوە ناهێنێت خۆتت دوودڵکردووە .خۆت هەست بەم حاڵەتە ناکەیت، بەڵام کەسانی دەورووبەرت هەوڵ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەو چارەسەرەکەی دەدەن. هەست بەوە دەکەیت کە کەسێک زۆر سەرسامە پێتو هەڵسوکەوتو جلوبەرگیشیت زۆر پێخۆشە ا.




**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

کێشە تایبەتییەکانت بەرەبەرە بەرەو چارەسەربوون دەچنو بەمە دڵخۆش دەبیت. گوێ بەجوانکارییە بچوکەکانی نێو ماڵەکەت مەدە، ئەگەرچی سەرنجت ڕابکێشن و ببنە مایەی بێزاریت. باری داراییت باشدەبێتو لەگرفتەکان دەربازدەبیت.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

کەسێکی جوان دەناسیت و دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر سەرنجت ڕابکێشێت، بەڵام پێویستە ئاگات لەوەبێت ئەو کەسە بایەخی زۆر بەڕووکەش دەدات و زیادەڕەوی تێدا دەکات. بۆ نزیکبوونەوەت لێی تووشی نارەحەتی زۆر دەبیت، بەڵام دەرەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا گرێبەستێک لەگەڵ چەند کەسێکدا دەکەیت،بەڵام پێویستە پێش ئەوە بەباشی بیرت لەهەموو لایەنەکانی ئەو پرۆژەیە کردبێتەوە بۆ ئەوەی دواتر پەشیمان نەبیتەوە. بەکارەکەتەوە سەرقاڵدەبیت، بەڵام پێویستە کاتەکانت ڕێکبخەیت.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

چەند رۆژێک بەسەر دەبەیت کە تێیدا زۆر کۆمەڵایەتی دەردەکەویت و لەگەڵ دەورووبەرەکەت زۆر تێکەڵاو دەبیت. بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوای هاودەمێکدا دەگەڕێن کارێکی باشە. بەڵام هەرچۆنێک بێت چەند کەسێک دەناسیت، کە لە تەمەنتدا سوودیان بۆت دەبێت.

دەستوور
خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرۆکی ئەنجومەن: ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
جێگری سەرنووسەر: وریا حەمەتاهیر
سکرتێری نووسین: شۆڕش خالید
بەڕێوەبەری هونەریی: لوقمان عومەر

# سەما و هەڵپەڕکێی کوردی بە دەرەوە دەناسێنرێت

دەستوور

تیپی هونەری میللی سەما و هەڵپەڕکی و دابونەریتی کوردی بە دەرەوە دەناسێنێت، لە ڕێگەی فیستیڤاڵەوە.

عەبدولعەزیز مەجید دەستور، بەڕێوەبەری هونەرەمیللیەکانی سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی رایگەیاند ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٢٩ تیپی هونەری میللی نەتەوەی لە سلێمانی بەرەو ولاتی ئیماراتی عەربی بەڕێکەوت بۆ بەشداری کردنی لە فیستیڤاڵی نیشتمانی ولاتی ئیمارات لە(ئەبوزەبی) و لە چەند شارێکی جیاجیای ئەو ولاتە بەڕێوە دەچێت.

هەروەها وتی"ئەم فیستیڤاڵە چەندین ولاتی عەرەبی و ئەورووپی لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکا بەشدارن بۆ یەکەم جارە کورد بانگهێشتدەکرێت و بەشداردەبێت لە فیستیفاڵی هونەری میللی".

ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو فیستیڤاڵە باشترین هەڵە لە پێش هونەری میللی کوردییە تا بتوانێت چالاکیە هونەری و کەلتوریەکانی خۆی بەولاتانی عەرەب بناسێنێت و بەشداربوانی ئەو فیستیفاڵە بۆ سەلماندنی شارستانیەتی کورد و جوانی کەلتوور و فۆلکلۆر و داب ونەریتی ڕەسەنی خۆی لە بواری سەما و هەڵپەرکێی و جل و بەرگی میللی و گۆرانی و موزیکی میللی.



تیپی هونەری میللی نەتەوەی لە سلێمانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانە و لە ١٩٩٧/٨/١ دامەزراوە و تائێستا بەشداری لە چەنیدن فیستیڤاڵەکانی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم دا کردووە.

# کچا کوردان ڕەوەند کلیپ دەکات



موحسین

خانمە گۆرانیبێژی باکوری کوردستان (ئاینوردۆغان) کە بە گۆرانی (کچا کوردان) ناسراوە نوێترین گۆرانی ئەلبومەکەی بە ناوی رەوەند کلیپ دەکات.

ئاینور دۆغان ئەلبومێکی نوێی گۆرانی خۆی بەناوی (ڕەوەند) لەلایەن سۆنی مۆزیک بڵاو وکردەوە کە بەشێوازێکی نوێو جیاواز لە ئەلبومەکەی پێشووی کاری بۆکردووەو لە (١٢) گۆرانی پێکهاتووە.

ئاینوردۆغان بەهاوکاری دەرهێنەری کورد (فەتاح ئاکین دۆنمان) کاری کلیپی بۆ گۆرانی (ڕەوە ند) کردووە کەیەکێکە لە گۆرانیەکانی ئەلبومەکەیو لەشوێنەواری حەسکیف کاری وێنە گرتنی بۆ ئەنجام داوە.

# کۆنسێرتێک بۆ حەمید عوسمان

موحسین یاسین

تیپی هونەری مۆسیقای فۆلکلۆری کورد بە هاوکاری بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری وهونەر لە سلێمانی، لە خۆئامادەکردندایە بۆسازکردنی کۆنسێرتێکی گۆرانی ومۆزیکی فۆلکلۆری میللی ڕەسەنی کوردی بۆ گۆرانی بێژی لاو(حەمید عوسمان).

بڕیارە کۆنسێرتەکە لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمدا ئەنجام بدرێت.

مۆزیسیان سەباحی سەنتور ـ سەرۆکی تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کورد لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور وتی "ئامانجمان لە سازکردنی ئەم فیستیڤاڵە ناساندنی ناسنامەی میللەتەکەمانە بەگۆرانی کوردی وفۆلکلۆر".

هەروەها وتی" حەمید عوسمان ژمارەیەک گۆرانی ڕەسەنی کوردی پێشکەش دەکات و دەمانەوێت خزمەتی شارەکەمان بکەین".

REKLAM



# زیاتر لە ٢٧٠ بەرهەمی پیکاسۆ دۆزرایەوە

18 «

